ئیسلامگەرا



تیرۆرسازی

زەمینە سازی بۆبەرهەمهێنانی تیرۆر

(ئەوانەی دەتوانن باوەڕت پێبهێنن بە نامەعقول،
دەشتوانن هەموو کارەساتێکت پێ بخوڵقێنن)

(ڤۆڵتیر)

سۆران سێوکانی

لەناکاو داعش بەڕوویماندا تەقییەوە، ئێمە واماندەزانی جارێکی تر دنیایەك نابینینەوە، کە تێیدا کەنیزەك بگیرێت و سەرانە (جزیە) لەدیانەکان (غـەیـرەدیـن) بسەنرێت، بە شانازییەکی زۆر و وەك جیهادێکی گەورەو نزیکبوونەوە لەخودا، خەڵك لەبەرچاوی کامێراکان وەك بەرخ سەربڕدرێن. غەنیمەت بگیرێت وسەنگساری (بەرد باران)ی ژنان بکرێت وکچان لەبازاڕی کەنیزەك فرۆشیدا هەڕاجبکرێن.

بەرەبەیانێکی رەش کە ئەم دیمەنانەمان بینی هـەمـوومـان تـووشـی شـۆك بووین، ئیسلامییەکان پێش هەموومان هاواریانکرد، ئەوە بریتی نییە لە ئایین، بەڵکو دەستی ئەمەریکایەو ئایین دووڕە لەو دڕندانە.

هەرچەند خۆیان هەشتا ساڵە خوازیاری گێڕانەوەی ئەو مێژووەن، بەڵام کاتێك داعش هات خەونە بەرجەستەکراوەکانی ئەوانی کردە واقیع، ئیدی حەقیقەت لەبەرچاوی دنیا دەرکـەوت، ئـەوان وەك (عەییان) دەرکەوتبێت لەحەژمەتدا شێتانە هاواریانکرد (ئەوە ئێمەنیین!!)

بەڵام پرسیارە گرنگەکە لێرەدا بوو، کە بەڕووی ئیسلامییەکاندا دەتەقییەوە: ئەی ئەوانەی داعش دەیکەن هەمووی دەق نین؟ ئەی داخوازیەکانی داعش هەمان خەونەکانی ئێوە نییە، پیادەکردنی شەریعەت وەك سەردەمی ئەسحابە، گێڕانەوەی خەلافەت، دژایەتی خۆرئاواو عەلمانیەت و مەدەنیەت و لیبرالیزم و هتد..؟ پرسیارێکی تر ئەوەبوو: ئەگەر داعش پیاوی ئەمەریکایە ئەی ئەو دەیان هەزار کەسە چین شۆنی کەوتوون؟ ئەی بۆدەبینین جەماوەرێکی زۆری سوونەی عەرەب هەواداریانن؟ ئەگەر ئەوان پیاوی ئەمەریکان ئەدی بۆ ئێوە چەك دژیان بەرز ناکەنەوە، یان هیچ نەبێت بە زمانێکی توندو یـەکـلاکـەرەوە دژیـان ناوەستنەوە؟بۆچی وەك ئـەوەی بۆ دوو کاریکاتێر، سـەدان هەزارتان هێنایە سەر شەقام، ئەی بۆ ئێستا نیوەی ئەوژمارەیە ناهێنن وخۆپیشاندانی سەرانسەری دژی پیاوانی ئەمەریکا(داعش) ناکەن؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر بەڕووی ئیسلامگەراکاندا تەقینەوە.

لەلایەکی تـرەوە هەموو رۆشنبیران وسیاسەتمەدارانی دنیای ئیسلام، لەدەرەوەی کایەی ئیسلامی سیاسی تووشی شۆك بوون.

ئایا ئەمە ئەو شەریعەتەیە کەئیسلامییەکان باسیدەکەن؟!

لەڕاستیدا کەس بەخەیاڵیدا نەدەهات لەم سەدەیەدا کەسانێك هەبن، کە زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆراو خوێندنی باڵان لەوئاستە عەقڵیەدا بن، داوای سیستمێکی لەو شێوەیە بکەن بەناوی خوداوە، بەڵام ئەوە واقیعەو ئیستا دەردەکەوێت.

بەهەمانشێوە سیاسەتمەدارانی ئەوروپی وئەمریکی تووشی ئەو شۆکە گرانە بوون: ئەمانە لەکوێوە هاتن؟

ئـەم تۆژینەوەیە کـە دەمـەوێـت لەم چەند لاپـەڕەیـەدا تۆماربیکەم، هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر دەرکەوتنی داعش و وەڵامـدانـەوەی ئەو پرسیارە قورسە:داعش لەکوێوە دێت؟.

هەڵبەت تۆژینەوەکە لەڕووی هەواڵگری و تـەنـانـەت سیاسیشەوە نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی وردە بۆ ئـەو شێوازە پەروەردەییەی، کە لەماوەی یەك سەدەدا ئیسلامی سیاسی بەرهەمیهێناوە.

ئـەم تـۆژیـنـەوەیـە گـرێـمانـەی ئـەوە دەکـات، کەداعش بەرهەمی راستەوخۆی ئەو زەمینەسازییەیە، کە لەماوەی نزیکەی سەدەیەکدا ئیسلامی سیاسی وسەلەفی کاری لەسەردەکات، ئێستا ئەنجامەکەی دەبینین.

بەشی یەکەم:
تیرۆر وەك پێناس و چەمك
تیرۆر چییە؟

لەڕاستیدا چەمکی تیرۆر یەکێکە لەو چەمکە فرە رەهەندانەی، کە دەکرێت بەشێوەیەکی فـراوان و بەجۆرەها شێوە بەکاربهێنرێت، تا ئاستێك کەئیدی ئەوچەمکە مانای راستەقینەی خۆی وندەکات، هەموو کەسێك دوژمنەکەی بەتیرۆریست تاوانباربکات، تەنیا وەك تەشهیرێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی.

ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە بەکورتی: بریتییە لە بەکارهێنانی ترساندن، تۆقاندن، زەبرو زەنگ بۆ سەپاندنی قەناعەتێك، یان بەرنامەیەك، یان ئایدیایەك بەسەر تاکێك، یان کۆمەڵێکدا.

لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەم لەنیوان تـونـدڕەوی وتـیـرۆردا، چونکە تـونـدڕەوی لەسەر ئاستی تاکدا دەبێت و کەسێکە خۆی بەتوندی ماناکانی ژیـان دەگرێت، هەرچەند تونڕەوی پێشەکییەکە بۆ تیرۆر، بـەڵام خـۆی تیرۆر نییە. دەتوانین بڵێین هەموو تیرۆریستێك تونڕەوە، بەڵام هەموو تونڕەوێك مەرج نیە تیرۆریست بێت، بەڵکو لەوانەیە مرۆڤێکی تونڕەو کەسێکی تەواو ئاشتیخوازبێت، لەژیانیدا بیری لەترساندن وسەپاندنی ئایدیای خۆی نەکردبێتەوە بەسەر کەسێکی تردا لەڕێی ترساندن و هێزەوە. کاتێکیش باس لە تیرۆرسازی دەکەم مەبەستم لە کردەی تیرۆر نییە، نەڵکو دەمەوێت باس لەو شێوازە پەروەردەییە بکەم، کە لەدنیای ئیسلامدا زەمینەیەك سازدەکات، بۆئەوەی لەیەککاتدا بەشێوازێکی دیالێکتیکانە هەم تاك ئامادەبکات بۆ پەسەندکردنی تیرۆر، هەم کۆمەڵ ئامادەبکات بۆ ئاسایی بوونی تیرۆر بەلایەوە، بەڵکو لە دواقۆناغدا کۆمەڵگە خۆی دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر.

ئـەوەی سەیرە لەوانەیە ئەوانەی زەمینەسازی دەکـەن بۆ تیرۆر، خۆیان رۆژێك لە رۆژان بیریان لەوە نەکردبێتەوە، کـە لـە ئـایـینـدەدا بـەشـدار دەبـن لە بەرهەمهێنانی تیرۆریزم و ماڵوێرانی کۆمەڵگەکەیاندا.

لەبەرئەوەی ئەم باسەی ئێمە زیاتر تیشك دەخاتەسەر ئەو تیرۆرەی بەناوی ئایینەوە دەکرێت، بارگاوییە بەگیانێکی ئایینی زۆر سەرسەخت و نائامادە بۆ هەر سازش و لێکتێگەیشتنێك، لەبەرئەوە دەبێت باس لە چەمکی ئیسلامی سیاسی بکەین، تاکو بـەرچـاوڕوونـی بدەین بە خوێنەر.

تیرۆرسازی چییە؟

کاتێك دەمەوێت باس لەتیرۆرسازی بکەم، لەڕاستیدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە ئیسلامی سیاسی میانڕەوی ئاشتیخواز لەماوەی سەدەیەکدا، چۆن کاریکردووە لەسەر ئەوەی زەمینەیەك سازبکات، بۆ ئـەوەی تیرۆر بەرهەمبێت. پێش ئەوە چەندخاڵێك وەك پێشەکی باسدەکەم:



saeed qutb

1- مەرج نییە کاتێك ئیسلامییەك خەڵك پەروەردەکات وابزانێت، کە ئەو زەمینەسازی دەکات بۆ تیرۆر، بەڵکو لەوانەیە بەتەواوی قەناعەتەوە وابـزانـێـت ئـەو نەوەیەکی ئاشتیخواز بەرهەمدێنێت، کە سـوودی بۆ کۆمەڵگە هەبێت، چونکە ئەو ناتوانێت ئـەوە تێبگات، کە پـــەروەردەی ئیسلامی سیاسی دواجار سەردەکێشێت بۆ تیرۆر، ئەو وەك گیاندارێك وایە لەناو قەفەسێکدا کە دیوارەکانی قەفەسەکە نابینێت.

2-شیوازی پەروەردەو بەرهەمهاتنی تیرۆر، مەرج نییە تەنیا بەهۆی شێوازی پەروەردەو پلانەکانی ئیسلامی سیاسیەوە بێت، بەڵکو گەلێك جار ژینگەی بابەتی و هەڵوێستەکانی بەرامبەریش، دەبێتە فاکتەرێکی وروژێنەری روحی تیرۆر لە ئیسلامییەکدا، واتە بارودۆخی بابەتیش هاندەرێك دەبێت بۆ دەرکەوتن و بەرهەمهاتنی گیانی تیرۆر.

مەبەستم لە تیرۆرسازی ئەو ئەرگۆمێنت وپرەنسیپانەیە، کە لە نـاو گرووپەکانی ئیسلامی سیاسیدا کاریان لەسەر دەکرێت چ وەك میکانیزمێکی پـەروەدەیـی، یاخود وەك ئەرگۆمێنتێکی فەلسەفی وفیکری. ئەو ئەرگۆمێنتانە لە ناو کەلتووری ئیسلامەوە هەڵدەقوڵێن وبەجۆرێك دادەڕێژرێنەوە، کە خزمەتی ئامانجەکانی ئیسلامی سیاسی بکات.

ئـەو میکانیزمانە چین، کە بەهۆیەوە ئیسلامی سیاسی زەمینە سـازی کـردوە بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر، ئەو ئەرگۆمێنتانەچین، کـە پشتیان پێدەبەستێت؟ لـە دوایـیـدا هەوڵدەدەم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە.

ئیسلامی سیاسی: چەمك و پێناسە

مـەبـەسـتـم لـە ئـیـسـلامـی سـیـاسـی تێگەیشتنێکی تایبەتی رێکخراوە بۆ ئیسلام و ئایدیالیزەکردنێتی لە قاڵبێکی نوێدا، وەك ئایدیۆلۆژیایەکی خەباتگێڕ وتوندو دژ بە هەموو چەمکە مۆدێرنەکان ودراوە نوێکانی شارستانیەت ومەدەنیەت.

ئیسلامی سیاسی لەسەرەتاوە لەسەردەستی دامـەزرێـنـەری ئـیـخـوان موسلیمین سەرهەڵدەدات، پاشان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و رووداوەکاندا تەشەنە دەکات، لق و

بەشی تازەی لێدەبێتەوە، تادەگاتە ئێستای ئێمەو دەرکەوتنی داعش.

لەڕاستیدا ئیسلامی سیاسی لە ئێستای ئێمەدا تەنیا بەرگێك ناپۆشێت، بەڵکو لە میانڕەوترین باڵەوە دەگرێتە خۆی (نەهزەی تونس) تاکو دەگاتە توندڕەوترین (وەك قاعیدە و داعش). لەو نێوانەشدا چەندین جۆرمان هەیە.

بەڵام دەتوانین چەند هێڵێکی گشتی بکێشین، تاکو بتوانین پێناسێك بۆ ئیسلامی سیاسی بکەین وەك:

-ئیسلامی سیاسی بەگشتی باوەڕیان بەوەیە، کە ئیسلام بەرنامەیەکی (شمولییە) دەبێت هەموو ژیان بەو میتۆدە تەفسیربکرێت، هەرشتیك لەدەرەوەی ئەو میتۆدە رەتدەکەنەوە. لێرەوە ئەم مەنهەجە کە ئیخوان موسلیمین رابەرایەتی دەکات، خوازیاری دامەزراندنی سیستمێکی تۆتالیتاری سەرانسەری دەبێت، کە هەموو لایەنەکانی تاك و کۆمەڵ، سیاسەت و ئابوری، جڤات و دەوڵەت مۆنۆپۆڵ دەکات، دیاریشە هەر ئایدیۆلۆژیایەکی لەم شێوازە چ دنیایەکی خنکێنەری ماف وئازادییەکان دەبێت.

-ئیسلامی سیاسی دژیەتی عەلمانیەت و دراوە هاوچەرخەکانی دەکات، هەرچەند بەرهەمە تەکنەلۆژیەکان بە مۆلکی خۆیان دەزانن. بەهەمانشیوە دژایەتی دیموکراسیەتی لیبراڵیدەکەن بەناوی (شورا) وە خۆیان لە شایستەکانی دموکراسیەت دەبوێرن.

-باوەڕیانوایە سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیاکەیان حەتمیەتێکی مێژوویە، هیچ گومانێك هەڵناگرێت، چونکە بەڵێنی خودایە.

-بەگشتی ئیمانیان وایە، ئەوان خویندنەوەی راستەقینەی ئیسلامن و هەرخوێندنەوەیەکی تر لەدەرەوەی ئەوان هەڵەو کەموکورتیی تێدایە.

ئیسلامی سیاسی دژایەتییەکی سەرسەختانەی خۆرئاوا دەکەن، بە دوژمنی ئیسلام و ئوممەتی ئیسلامییان دەزانن، هەرچەندە زۆرینەی گەراکانیان لەژینگەی ئازادیی ئەوێدا دەتروکێنن.

-پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی، پاشان گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، یەکێکە لەپایە بنەڕەتییەکانی ئیسلامی سیاسی.

-ئیسلامیەکان داوای جێبەجێکردنی شەریعەت دەکەن، بێئەوەی تەواو رووبی بکەنەوە مەبەستیان لەشەریعەت چیەو کامەیە، بەمەش جەماوەری دیندار و لەخواترس' کە بێگومان زۆرینەی خەڵکانی ئوممەتی ئیسلام نەخوێندەوارن، تەنانەت گەربشزانن بخوێننەوەو بنوسن' ناچاردەکرێن بۆئەوەی سەیری میتۆدو بەرنامەی ئەو گروپانە بکەن، لەترسی خودا دەنگیان بدەنێ.

جیاوازیی نێوان ئیسلام و ئیسلامی سیاسی

ئیسلام وەك ئایینێك لەدووتوێی چەند دەقێکی پیرۆزدا خۆی نمایشدەکات، ئەو دەقانە لای موسوڵمانان پیرۆزن، کەبریتین لەقورئان، پاش ئەویش ئەو وتراوە تۆمارکراوانە دێن، کە دەدرێنە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام، بەڵام بە سەنەدی راستەقینەوە کەچەندین مەرجی خۆی هەیە. ئەمە وەك دەق، ئیدی دوای ئەوە هەر هەڵێنجانێك، یان پراکتیزەکردنێکی دەق لەو واقیعەدا دەبێتە کارێکی مرۆیی وەدەرێتە پاڵ ئەو کەسە، یان ئەو گروپەی هەڵدەسێت بەو کارە، بۆ نموونە لە مێژووەدا موعتەزیلە هەیە، کە جۆرێکی عەقڵگەراییە بۆ خویندنەوەی دەق، بەڵام ناکرێت بڵێن ئەوە هەموو ئیسلامە، بەهەمان شێوە هەر لەمێژووی ئیسلامدا خەواریجمان هەیە، کە تەواو پێچەوانەی موعتەزیلە، هیچ مانایەك بۆ عەقلگەرایی لەدەقدا ناهێڵنەوە، دەتوانین خەواریج وەك (داعش) لەمرۆدا سەیربکەین.

گرنگە لەکاتی باسکردنمان لەئیسلامی سیاسی ئەو جیاکاریە بکەین، بەڵام ئیسلامییەکان ئەو گەمەیە دەکەن، کە دەیانەوێت خۆیان وەك نوێنەری ئیسلام نمایشبکەن، غەیری خۆیان بە دژە ئیسلام لەقەڵەمبدەن، هەر بۆیە دەبینین کاراکتەری سەرەکی(حەسەن بەننا) هاوار دەکات (خەڵکینە ئێمەین ئیسلام و ئیسلام ئێمەیە، ئەوەی وەك ئێمە

ئیسلام وەك ئایینێك لەدووتوێی چەند دەقێکی پیرۆزدا خۆی نمایشدەکات، ئەو دەقانە لای موسوڵمانان پیرۆزن، کەبریتین لەقورئان، پاش ئەویش ئەو وتراوە تۆمارکراوانە دێن، کە دەدرێنە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام، بەڵام بە سەنەدی راستەقینەوە کەچەندین مەرجی خۆی هەیە

لەئیسلام تێنەگەیشتبێت ئەوە تێگەیشتنەکەی کەموکورتە).

بـەڵام لەڕاستیدا هەموو ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لـە خۆیندنەوەیەکی ئایدۆلۆژیانە زیاتر نین بۆ ئیسلام، بە مانایەکی تر ئیسلامی سیاسی بریتیە لە داڕشتنی مانا مێژوویییەکانی (ئەهلی سوونەت) لەناو قاڵبە پۆڵاییەکانی فاشیزم ونازیزم ستالینیزمدا، یاخود بەمانایەکی تر ئیسلامیەکان دێن و بـیـرو بـۆچـوون وتـمـوحـەکـانـی خۆیان داکـەوێـنـن(اسـقـاط) بـەسـەر ئیسلامداو بەئیسلام دەیفرۆشنەوە بەخەڵك، بۆ نموونە کاتێك تێڕوانینەکانی سەید قوتب و مەودودی (دامەزرێنەری ئیسلامی سیاسی لە هیندستان) دەخـوێـنـیـتـەوە، لـەوێـدا زۆر بـەڕوونـی شەبەنگەکانی لینین و هیتلەر و مۆسۆلۆنی دەبینیت، بەڵام بەڕیش وبەرگی ئیسلامییەوە. کاتێك بەراوردکاری دەکەیت لەنیوان کتێبی (کفاحی) هیتلەردا لەگەڵ پەیامەکانی (حەسەن بەنادا) تـەواو هەستدەکەیت، کە یەك ڕوح ئەو دووپەیامە دەڵێتەوە، بەڵام جیاوازیەکەیان لەڕوحە ئاینیەکەدایە، هیتلەر کەسێکی ڕەگەزپەرستی بێ ئایینە، لەکاتێکدا بەننا هەمان تێڕوانینەکانی هیتلەر دووبارەدەکاتەوە، بەڵام لەبەرگێکی ئایینیدا.

لەلێکۆڵینەوەیەکدا کە هـەردوو توێژەر (هانسن و کاینز) ساڵی 2007 کردوویانە بەناونیشانی (ئیسلامی رادیکاڵ ئایدیۆلۆژیای شمولی: بەراوردکاریەك لە نێوان ئیسلامگەرایی سەید قوتب ومارکسیزم ونازیزمدا) سەرەڕای جیاوازیەکانیان، بەڵام دیالێکتیکی ئەو سێ لایەنە یەك بونیادیان هەیە، کەلەم خاڵانەی خوارەوەدا یەکدەگرنەوە:

- وێنای مێژوو وا دەکرێت، کەبریتیە لە ململانێی ژیـان و مـەرگ لەنێوان خێر و شەڕدا، بێگومان خێر ئەو ئایدیۆلۆژیایە کە خۆیان هەڵیانگرتووە، شەڕیش هەموو بەرامبەرەکانن. لێرەدا شەڕانگێزەکان هەرەشە لەبوونی مرۆڤ دەکـەن، ئەرکی سەرشانی چاکخوازانیش رزگارکردنی دنیایە لەدەستی شەڕانگێزەکان و بوونیادنانی یوتۆپیایە.

پاشان توێژینەوەکە باسی ئەوەدەکات، کە لەهەر سێ ئایدیۆلۆژیاکەدا قەیرانی سەرەکی دنیا ئەمانەیە:

1-هەبوونی لایەنێکی شەڕانگێز، کە هەموو مرۆڤەکانی تر دەچەوسێنێتەوە.

2-مێژووی مرۆڤایەتی بەرەو داڕووخان دەچێت، دەبێت کۆمەڵێکی چاکخواز هەبن مێژوو رزگاربکەن.

3-لە مۆدێلی ئیسلامیدا وا وێنادەکرێت، کە هەموو جیهان دژی ئیسلامە، دەیانەوێت ئەم ئایینە لەناوبەرن.

4- ئێستا دنیا هەمووی لەجاهیلیەتدا دەژی، وەك پێش ئیسلام.

5-هەرسێ ئایدیۆلۆژیاکە پێیانوایە، دەبێت گرووپێکی خـاوەن بـاوەڕی پۆڵایین هەبن پێشڕەویی دنیا بکەن، بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی مرۆڤایەتی بـەرەو چاکە، بێگومان ئەو گرووپەش خۆیانن.

6-ئـەوان وایدەبینن، کە بەها باوەکانی سەردەم، وەك مافەکانی مرۆڤ وئازادیەکان تەنیا ئامرازێکن بەدەستی کاپیتالیزم، ئیمپریلایزم، شەڕانگێزەکانی دنیاوە بۆ ئیستیغلالکردنی چەوسێنراوەکان.. لە مۆدێلی ئیسلامیەکەیدا دەڵێ بەهاکانی خۆڕاوا تەنیا بە مەبەستی لەناوبردنی ئیسلام لەناوەوە داڕێژراوە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین ئیسلامی سیاسی بریتی نییە لە ئیسلام، تەنانەت بریتی نییە لە تێگەیشتنی ئەهلی سوونەتیش بۆ ئیسلام، بەڵکو بریتییە لە ئایدیالیزەکردنی چەمکەئایینیەکان بەمەبەستی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، بەکارهێنانێتی وەك چەکێکی کاریگەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیتر.

جیاوازی نێوان موسوڵمانی ئاسایی و ئیسلامگەرا (ئیسلامی)

گرنگە تیشك بخەینەسەر ئەو خاڵەش، کە هەموو موسوڵمانێك ئیسلامی نییە، بـەڵام هەمووئیسلامییەك موسوڵمانە، موسوڵمان هەر کەسێکە لە دایك و باوکێکی موسوڵمان لەدایکبووبێت، یـان خـۆی بە موسوڵمان دەزانـێـت وبـاوەڕی بەخوداو پێغەمبەری ئیسلام و پەیامەکەی هەیە 'ئەگەر بەشێوەیەکی تەقلیدی و بێ زانیاریش بێت'، تەنانەت ئەگەر سروتە ئایینیەکانیش بەجێنەهێنێت لەچوارچێوەی موسوڵمان بوون ناچێتە دەرەوە.

بـەڵام ئیسلامی یـان (ئیسلامگەر) کەسێکە بـاوەڕی بەوپەڕەنسیپانە هەیە، کەلە سـەرەوە باسمانکردن، بەشێوەیەکی سیاسیانە ئیسلام بەکاردێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەئایدیۆلۆژییەکان.

مـوسـوڵـمان کەسێکە هەڵگری بەها ئایینیەکانە لەژیانی ڕۆژانـەی خۆیدا، وەك بەهایەکی ئینسانی، بەڵام ئیسلامی کەسێکە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی لە قاڵبدراوە، کە دەیەوێت هەموو کەس وەك ئەو بیربکاتەوە.

موسوڵمان بە پێوەرە مرۆییەکان خەڵك وەدەروبـەر دەپـێـوێـت، بـەڵام ئیسلامی بەپێوەرە ئایدیۆلۆژیەکانی خۆی کۆمەڵگە پۆلێندەکات.

موسڵمان کەسێکە خۆی بەتاکەهەڵگری حەقیقەت نازانێت، بەڵکو تاکێکە ژیانی خۆی دەگوزەڕێنێت، بەڵام ئیسلامی کەسێکە خۆی بە هەڵگری تاکە حەقیقەتی دنیا دەزانیت، پێیوایە دەبێت هەموو کەسیش بەوچاوەوە سەیری بکەن.

موسڵمانی ئاسایی کەسێکە ترسی ئەوەی

لێناکرێت، هەنگاو بنێت بەرەو تووندڕەوی و تیرۆر، بەڵام ئیسلامی کەسێکە لەهەموو ساتێکدا، بە پێی فەرمانێکی سەرووخۆی ئامادەیە بگۆڕێت بۆتیرۆریستێکی تەواو.

بەشی دووەم
میکانیزمەکانی
بەرهەمهێنانی تیرۆر

ئەو میکانیزمانە چین، کە ئیسلامی سیاسی بەکاریدێنێت بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر، چۆن دەتوانن کەسانێك بەڵکو هـەزاران کەس تەیاربدەن، کە ئامادەبن بۆ مەرگ لەپێناو باوەڕەکەیاندا، یاخود هیچ نەبێت تائاستی ئیمان بە خـوداو ئایین بەهەمان ئاست ئیمانیان بە ڕاستی بەرنامەی حزبەکەیانـ ئەو کردەوانە هەبێت، کە ئەنجامیدەدەن؟چۆن دەکرێت مرۆڤێك وا مەدهۆش بکرێت، کە ئیدی ژیان بەلایەوە سفر بێت و مەرگ بەلایەوە شادی بێت؟ پێم باشە لەسەرەتادا ئەزموونێکی مێژوویی گرنگ لەو بارەیەوە باسبکەم، تاکو ئاسانتر لەوبابەتە بچینە پێش.

حەشاشەکان

لـە مـێـژووی ئیسلامدا، بـە ڕوونـتر لە مێژووی ئێراندا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا جوڵانەوەیەکی ئایینی مەزهەبی لەناوچەی ئێران هەڵکەوت بـەنـاوی حەشاشەکان، ئـەوان دەستەیەکی مەزهەبی بـوون، سەر بە تائیفەی ئیسماعیلی شیعە مەزهەب بـوون. ئـەوان بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی ئیسماعلی هـەوڵـیـانـدەدا، یەکێك لەو میکانیزمانەی کاریان لەسەردەکرد، بریتی بوو لەتیرۆری دوژمنەکانیان، هەربۆیە چەندین کەسی خۆبەخش و ئامادە بۆ خۆکوشتنیان ئامادەکردبوو. ئەو کەسانە تەنیا خۆیان ئامادەکردبوو، بۆئەوەی سەرکردەکەیان

ئەمریان پێبکات، ئەوان هەر لەسەرەتاوە بارگاویدەکران بەماناکانی شەهادەت و گوێڕایەڵی بێ چەندو چوونی ڕابەرەکەیان، شێوازی پەروەردەکردنی ئەوانەش لەسەر خۆشیەکانی بەهەشت وپاداشتی گوێڕایەڵی ئیمامی زەمـان دامـەزرێـنرابـوو، ئـەوان ئامادەبوون لەهەرشوێنێك دوژمنێکیان هەبێت، هەرکاتێك ئیمامەکەیان ڕایانسپێرێت زۆر بە دڵنیاییەوە دەچوون دەیانکوشت، بێ ئەوەی ڕابکەن، خۆیان بۆ مردن بەدەستی دوژمنەکانیان ئامادەدەکرد زۆر بە هێمنی. ئەوان خۆیان بە گیانبازانی ئایین و مەزهەب دەزانی. حەشاشەکان سەر بە ئیسماعیلیەکان بوون کە شیعەبوون و دەیانویست ئاژاوەو پشێوی لەناو دنیای سوننەدا دروستبکەن بەمەبەستی لاوازکردن و هەرەسپێهێنانی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك بیرنارد لویس لە کێبەکەیدا لەسەر گروپی حەشاشەکان نوسیوێتی باس لـەوەدەکـات، کە زۆر جار گروپی حەشاشەکان لەگەڵ زۆر سەرکردەی سوونە (وەك سەڵاحەدینی ئەیوب) و مەسیح (وەك ریتشارد شێردڵ) ڕێکدەکەوتن بۆ تیرۆرکردنی کەسانێك، کە ئـەوان داوایـان لـێـدەکـردن. ئەمە لەکاتێکدا ریتشاردو سەڵاحەدین دوژمنی یەکتربوون.

حەشاشەکان ئەم سیفەتانەیان هەبوو:

1- گرووپێکی نهێنی بوون.

2- پاشان جیابوونەوەو لە چەندین قەڵادا ژیانیان بەسەر دەبرد، بوونە کۆمەڵگەیەکی جیاواز لەدەوربەری خۆیان.

3-لـەسـەر مـەزهـەبـی دەمـارگـیـری ئەندامانیان پەروەردە دەکرد، بەجۆرێك ئەو

ئەندامانە شێتێکی تریان نەدەزانی، بێجگە لەوەی ئیمامەکەیان پێیاندەڵێت.

4- بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەیان، سوودیان لە ترس وتۆقاندن و تیرۆری نەیارەکانیان وەردەگرت.

5- وەك بەرنارد لویس، باسیدەکات حەشاشەکان لەڕێگەی ترساندنەوە پارەی زۆریان لەهەندێك سوڵتانەکان دەسەند، تاکو لەشەڕیان بەدووربن و نەیانکوژن.

6- حەشاشەکان لەزۆرشوێنی دەوڵەتەکانداو لەدەوروبەری سوڵتانەکان دەستی خۆیان هەبوو، ئەوانەی نزیکبوون لەسوڵتانەکانەوە ئینتیمای خۆیان دەشاردەوە، تاکو بتوانن کاری خۆیان بکەن، دواجار ئەگەر ئیتر پێویست بوایە بەئاسانی سوڵتانیان دەکوشت، گەورەترین هێرشی سەلجوقییەکان بۆ سەر مۆڵگەکانی حسن صباح پێشەوای حەشاشەکان لە چیای ئەلەموت لەڕێگەی داراغازینەوە راگیرا، داراغازین وەزیری سوڵتان محمدی سەلجوقی بوو، کاتێ زانی هێرشی سوڵتان بۆسەر ئەلەموت خەریکە سەردەکەوێت بەجۆرێك لەجۆرەکان سوڵتانی لەناوبرد، پاش ئەویش کۆرەکەی بووە سوڵتان، داراغازی قەناعەتپێکرد کە سوپا بکشێنێتەوە، بەڵکو سەرکردەی سوپاشی هەر بەدەستی سوڵتانی تازەدا بەکوشت.

ئەم رووداوە مێژوویەم وەك پێشەکیەك باسکرد، بۆئەوەی وەك بەرچاوڕوونی تێبگەین مەبەستمان لەتیرۆر چییە

بەشی سێیەم:
تیرۆری نەرم
میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی تیرۆر

تیرۆری رێکخراو و بەردەوام و هەردەم پەرەسەندوو. پرۆسەیەکی تاکەکەسی نییە، بەهەمان شێوە پرۆسەیەك نییە لە زەمەنێکی کورتدا بەرهەمهاتبێت، یان بێ هیچ بیناوویەکی فکری و ئایدیۆلۆژی هاتبێتەدی، بەڵکو تیرۆر پێویستی بە زەمینە سازییەکی بەردەوامە لەڕێگەی چەندین قەناعەتی وێژدانی و خەڵەتێنەری عەقڵییەوە، واتە چەندین پاساو بەڵگەدەهێننەوە، کە لە رووکەشدا عەقڵین، بەڵام لە راستیدا تەنیا گەمەکردنێکی عەقڵییە بۆ قەناعەتپێکردنی بەرامبەر. دەتوانین بڵێین، بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر پێویستمان بە چەند خاڵێکە. لەوانە:

1- ئایدیۆلۆژیایەکی مەحکەم، کە سیستمێکی مەعریفی داڕێژراو بێت لەسەر چەندین بنەما کەلەڕواڵەتدا عەقڵانین.

ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی بەتەواوی لەڕواڵەتدا ئایدیۆلۆژیایەکی تۆکمەو دامەزراوە لەسەر چەندین ئەرگۆمێنتی ئایینی، کە هەر لەسەرەتاوە ئیدی بوار بۆهیچ موناقەشەو دووددڵییەك ناهێڵێتەوە، بەڵکو پیویستە وەك یەقینێکی رەهاو رۆچو لەناو غەیبدا بەتەسلیمبونێکی بێ ئیرادەوە وەربگیرێت. ئەو ئایدیۆلۆژیایە هەموو بنەماکانی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆلای خودا، هەر کەسیش لە قسەی خودا لاری بێت، یان دەربچێت بێگومان لە راستەڕێگە لایداوەو مورتەدە.

لەبەرئەوە هەر لەسەرەتاوە لەناو ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیدا هەموو شتێك بڕاوەتەوە، لێرەدا تەنیا تەسلیمبوون و وەرگرتنی فەرمان و جێبەجێکردنیەتی بەتەواوی دڵسۆزییەوە، چونکە خودا خاوەنی ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە نەك مرۆڤ.

با نموونەیەك بۆ رووونکردنەوەی زیاتر بێنمەوە. پرسی (حاکمیەت) بەو شێوازەی کە مەودوودی وورۆزاندوێتی و سەید قوتب هێناوێتییە ناوکەلتوری ئیخوان و ئیسلامی سیاسی عەرەبییەوە بەگشتی، لەراستیدا لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەهلی سوونەتدا یەکناگرێتەوە، بەڵام لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی بەردەوام و هێنانەوەی چەندین بەڵگەی قورئانی، ئیدی ئەو بنەمایە لەئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسیدا بۆتە بەڵگە نەویستێك، کە تەنانەت بیرلێکردنەوەشی جێگەی تانەلێدان وئیمان لاوازیە، ئاخر چۆن مرۆڤ دەتوانێت بڵێ خودا حاکم نییە و من مرۆڤی حاکمم دەوێت! ئەوە لە ئیمانی مرۆڤی موسوڵماندا جێگەی نابێتەوە. لەکاتێکدا حاکمیەت بیدعەیەکی ئیسلامی سیاسیە، هیچ ریشەیەکی لە کەلتوری ئەهلی سوننەتدا نییە، بەڵێ ریشەی لای (خەواریج) هەیە، بەڵام خۆ دیارە خەواریج کەسانێکن لە لای ئەهلی سوننەت بە دەرچوو لەئایین هەژماردەکرێن.

2-گروپێکی رێکخراو و لەخۆ بڕاو بۆ پراکتیزەکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایەو بڵاوکردنەوەی.

هیچ ئایدیۆلۆژیایەك بێ هەبوونی گروپێکی رێکخراو و لەخۆ بڕاو، ناتوانێت بەردەوامی بەژیانی خۆی بدات، یان گەشەبکات. لەمێژوودا ئایدیۆلۆژیای زۆر دەرکەوتوون، بەڵام تەنیا ئەوانە توانیویانە بەردەوام بن و کاریگەری بەسەر مێژووەوە بەجێبێڵن، کە خاوەن گروپی رێکخراوی تۆکمەو داخراوا بوون، وەك حەشاشەکان کە لە سەرەتادا باسمکردن. ئەوەش کە ئیخوانی وەك ئایدیۆلۆژیایەکی لەبن نەهاتوو هێشتەوە لەراستیدا هێزی ئایدیاکە نییە، بەڵکو ئەو گروپە تونده رێکخراوە داخراوەیە، کە بەننا پێکهێناو روحی رەهای پێبەخشی بەجۆرێك هەرتاکێکی ئیخوانی وادەزانێت لەو دنیایەدا یەك حەقیقەت هەیە ئەویش ئیخوانە، یەك پێشەواش هەیە کەحەسەن بەننایە.

3- زەمەنێکی دیاریکراو، کەلەوانەیە چەند

نەوەیەك بخایەنێت بۆ چەسپاندنی ئەو ئایدیۆلۆژیایە لە زەینی کۆمەڵدا.

بۆئەوەی هەر ئایدیۆلۆژیایەك لە خەیاڵگەی جڤاتدا جێگەی خۆی بکاتەوە پێویستی بە زەمەنە، نەوەیەك دوو نەوە زیاتر، چەندین بانگخواز لەو پێناوەدا کاردەکەن، چەندین کەس لەو پێناوەدا گیان دەبەخشن، ماڵ دەبەخشن، کات و ژیانی خۆیان دەبەخشن، تاکو وای لێدێت ئایدیۆلۆژیاکەیان لەخەیاڵگەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەدا دەبێتە بەڵگە نەویستێك، کە ئیتر بواری قسە لەسەرکردنی تێدانییە.

لێرەدا دەبینین پێشەوای ئیخوان زۆر بەباشی لەم مەسەلەیە تێگەیشتووە، هەر لەسەرەتاوە وادەستپێدەکات، کە تاك پێبگەیەنێت، پاشان خێزان پەروەردەبکات لەسەر ئەو ئایدیۆلۆژیایە، پاشانیش ئیدی کۆمەڵگە خۆی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو ڕێبازە تیایدا ڕەنگدەداتەوە، یان دەبێتە حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر و بیرلێنەکراوە. ئەوەی حەسەن بەننا لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا بنیاتینا ئیستا لەسەرەخۆ هاتۆتەبەرهەم، ئەو بنەما ئایدیۆلۆژیانەی لەو کاتەدا بەننا باسیدەکردو خەڵك بەلایانەوە نامۆ بوو، ئیستا بۆتە حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر.

بەشی چوارەم:
ئەرگۆمێنتەکانی زەمینە سازی بۆ تیرۆر

لەم بەشەدا ئەو خاڵانە باسدەکەم، کە دەبنە بنەمایەکی کۆنکرێتی بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر، چ لەسەر ئاستی تاك، یان لەسەر ئاستی جڤات.

ئەو ئەرگۆمێنتانەی ئیسلامی سیاسی کاری لەسەردەکات، لەڕاستیدا هەموو لە کەلتووری ئیسلامەوە وەردەگرێت، پاشان بەپێی دنیابینی خۆی گۆڕانکاری تێدادەکات، بەشێوەیەك دەتوانێت هەموو ئامانجەکانی خۆی بێنێتە دی، بەهەمان ئەو ئەرگۆمێنتانەی لەکەلتووردا هەیە. ئەو لەم بابەتەدا سوود لە نەزانی و سادەیی ئەندامانی وەردەگرێت لەرووی زانستی ئایینی ومرۆییشەوە.

لێرەدا ئەو خاڵانە باسدەکەم، کە ئیسلامی سیاسی کاری لەسەردەکات

1-کۆمەڵسازی

یەکێك لەخاڵە گرنگەکانی تیرۆرسازی، بریتییە لە پێکهێنانی کۆمەڵ و فەرزبوونی ژیان لە ناو کۆمەڵێکی موسوڵماندا. لێرەدا عەقڵی ئیسلامی دێت گەمەیەکی خەتەردەکات ، ئەویش بە گۆڕینی مانا و دەلالەتەکانی ئەو ئایەت و فەرموودانەی باس لە چەمکی کۆمەڵ دەکەن. لەڕاستیدا ئایەتەکانی قورئان سەبارەت بە کۆمەڵ بوون زۆر ڕوون نییە، بەڵام چەندین وتراومان هەیە، کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام لەو بارەیەوە، وەك:

یداللة مع الجماعة، انما یأکل الذئب من الغنم القاصیة

دەستی خودا لەگەڵ کۆمەڵدایە، چونکە گورگ لەمەڕی دوور کەوتوو دەخوات.

علیکم بالجماعه وایاکم والفرقه.

(ان تلزم جماعه المسلمین وامامهم)

لەڕاستیدا چەندین وتراوی هاوشێوەمان هەیە لەوبارەیەوە، بەڵام ئەوەی جێی تێڕوانینە ئەو وتراوانە، باس لە کۆمەڵایەتی بوونی ئینسان دەکەن، واتە دەبێت موسوڵمان لەناو کۆمەڵگەدا (مجتمع) بژی واتە جڤات؛ نەك بەتەنیا، یاخود لەناو کۆمەڵگەی موسوڵماندا لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی شەرعیدا بژی، نەك لە بیابان ودەشت وکێو، نابێت موسوڵمان کەسێك بێت ئیعتیراف بەیاسای دەوڵەت و دەسەڵات نەکات، لەسەر ئەم بابەتەش چەندین دەقی گرنگمان هەن.

بەڵام پەروەردەی ئیسلامی سیاسی دێت و ئەمانە دەگۆڕێت، دەیانکاتە مانای ئەوەی دەبێت موسوڵمان لەناو گرووپێکی ئیسلامی سیاسیدا بژی، وەك ئەوەی سەعید حوی ناوی لێدەنێت (حزب الله) .

ئینتیماکردن بۆ کۆمەڵێکی ئیسلامی واجبێکی شەرعییە، ئەگەر کەسێك ئینتمانەکات بە موسوڵمانێکی کەمتەرخەم وتاوانبار سەیردەکرێت. لێرەوە ئیدی گروپ جێگەی کۆمەڵگە دەگرێتەوە

یەکێك لەخاڵە گرنگەکانی تیرۆرسازی، بریتییە لە پێکهێنانی کۆمەڵ و فەرزبوونی ژیان لە ناو کۆمەڵێکی موسوڵماندا. لێرەدا عەقڵی ئیسلامی دێت گەمەیەکی خەتەردەکات ، ئەویش بە گۆڕینی مانا و دەلالەتەکانی ئەو ئایەت و فەرموودانەی باس لە چەمکی کۆمەڵ دەکەن

(جـماعـه والمجتمع)، رابـەریـش جێگەی سەرۆکی دەوڵـەت دەگرێتەوە"هەر بۆیە ئیخوان حسن بەننا بە امام ناوزەد دەکەن"، گوێڕایەڵی بۆ رابەر دەبێتە واجبێکی ئایینی و سەرپێچیکردن لەفەرمانی ئەو دەبێتە سەرپێچیکردن لە فەرمانی خوداو پێغەمبەر.

سعید حوی دەڵێت (تەنیا حزبی خودا موسوڵمانی راستەقینەن، جا چ زانابن، یان سادەبن، عەوام بن، یان عەوام نەبن، جا چ دەوری گەورە ببینن، یان دەوری بچووك . بێجگە لەوەش ئیدی ناتەواوی و گومڕاییە، نیفاقەو هەڵگەڕانەوەیە لە ئایین وکوفر).

هەروەها بەنا هـاوارەکـات (خەڵکینە ئێمەین ئیسلام)

پەروەردەی ئیسلامی سیاسی هەنگاوێکی تر دەنێت لە بێنرخکردنی تاکدا، کاتێك لە باکگراوندی تاکدا ئەوە چڕدەکاتەوە، کە تۆ بێ کۆمەڵ کائینێکی بێماناو بێنرخیت گەر لە کۆمەڵدا نەبێت، تەنیا سفرێکی وهیچی تر، لەکاتێکدا کۆمەڵ بێ تۆش هەر رەوتی خۆیدەکات و گەورەیە. لێرەدا تاك هیچ مانایەکی نامێنێت و گروپ دەبێتە ئەسڵ. ئـەوەش میکانیزمی بێنرخکردنی تاکە لای هەموو ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارەکان، هەر لەنازیەوە تاکو فاشیزم و کۆمۆنیزم.

ئـەم بێنرخکردنە بۆئەوەیە تـاك، زاتی ئەوە نەکات رۆژێك لە کۆمەڵ دەربچێت، چونکە گەر دەرچوو، ئیدی بێ نرخ دەبێت، هەر لەبەرئەوەش پێویستە تاك رازی بێت بەهەموو ئـەو فەرمانانەی کـە کۆمەڵ وئەمیرەکەی دەیکەن وناڕەزایی دەرنەبڕێت، دەنا گەر لە ڕەحمەتی کۆمەڵ دەرکرا، ئیدی لەرەحمەتی خـوداش دەرەکـرێـت وگورگ دەیخوات.

بە تێبینیکردن لـەڕەوتـی گروپاندنی ئیسلام"واتە کورتکردنەوەی لە گروپێکدا" هەمان رەوتـی ئایدیۆلۆژیانەو تەسکی مارکسیزم- لینینیزمەمان بیردێتەوە، لای پارتە کۆمۆنیستەکان حزب دایـك، بـاوك، کەس وکار و هەموو شتێك بوو، مرۆڤ دەبوایە بۆ حزب وسەرکردە بژیایەو بمردبایە، ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە لە ناخی هەموو گروپێکی ئایدیۆلۆژیی شمووڵیدا هەمان شتە.

لـە مـێـژووی ئـیـسـلامـدا گـروپـی (حەشاشەکان) هەمان رەوتی ئایدیۆلۆژییان بۆ پـەروەردەکـردنـی ئەندام لەسەر تیرۆر بەکارهێناوە، حەشاشەکان وا پەروەردەدەکران لەهەرکوێیەك بیانویستبایە، سەرکردە



hitler

ونەیارەکانیان تیرۆردەکرد، بەشانازیشەوەو بێترس بەرەو رووی مەرگ دەبوونەوە.

ستراتیژی کۆمەڵگەرایی تەنیا بۆ پێکەوە ژیان نییە، بەڵکو ئەرکی کۆمەڵ بریتیە لە شۆردنەوەی مێشکی تاك (غسل دماغ) و گۆڕینی تاك بۆ ئامێرێکی ڕۆبۆت ئاسا، کە ڕیموت کۆنترۆڵەکە بەدەست ئەمیرەوەیە چۆنی بوێت وا دەیجووڵێنێت (ئەوە لە بەشی گوێڕایەڵیدا دێمەوە سەری).

ژیان وپەروەردەی ناو گروپی ئایدیۆلۆژی 'بەتایبەت ئایینی' مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی نامۆ وجیاواز لە کۆمەڵگەدا چ وەك بیرکردنەوە، یان فۆرم، یان ناخی خۆی، ئەو لەناخی خۆیدا خۆی بەگەورەتر دەزانێت لە دەوروبەر، بەڵام لەڕاستیدا ئەو خۆ بەگەورەتر زانینە، ترس و لاوازی وبێ متمانەییەکی زۆری لە پشت خۆیەوە حەشارداوە، هەر ئەو بەها سلبیانەشن، پاشان دەبنە بۆمبێکی تەوقیتکراو بەڕووی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەتەقنەوە، کە ئەم ناتوانێت زیندەگییان تێدا کات، جا چ بەتەقینەوەی فیزیکی بێت، یان بەوە بێت دەیەوێت کۆمەڵگەش بخاتە سەر ستایلی خۆی. خۆ ئەگەر کۆمەڵگە ستایلی ئەوی ڕەتکردەوە ئیدی ئەوە کۆمەڵگەیە جاهیل و لەدین دەرچووە نەك ئەم هەڵە بێت.

لە ڕاستیدا خۆ بەگەورەزانین لە ئاستی کۆمەڵگەدا، گەر لە رووی هێزو مەعریفەوە بێت لەوانەیە هەندێك رووی پۆزەتیڤی هەبێت، وەك خۆشەویستی وخەمخۆری وهەوڵدان بۆ بەرەو پێشبردنی، بەڵام کاتێك لەپشت ئەو خۆ جیاکردنەوەو خۆ بەزلتر زانینە لە کۆمەڵگە، ڕوحێکی داخراو و شکستخواردوو لاواز ئامادەیە، ئیدی دەبێت هەرچاوەڕێی تیرۆریستێك بکەیت، کە لەو ڕوحەدا پەروەردەبێت.

2-عاتیفەسازی دەروازەی تیرۆر

ئیسلامی سیاسی گەورەترین کار دەکات لەسەر عاتیفە و خۆی بەدوور دەگرێت لە عەقڵسازی، لەڕاستیدا عەقڵکاری لەگەڵ میتۆدی ئایدیۆلۆژی ودروستکردنی کەسانی تەیاردراو وهەردەم ئامادە بۆ هەر کارێکی نالۆژیك پێویستی بەچەند خەسڵەتێکە:

1- دوورکەوتنەوە لەعەقڵکاری.

2- دوورکەوتنەوە لەزانستی ڕاستەقینە و بادانی ملی زانستەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆشەنیگاکانی ئایدۆلۆژیادا بگونجێت.

3- تەمەن: چونکە تەمەنی هەرزەکاری و منداڵی باشترین قۆناغی وەرگرتنی ئایدیۆلۆژیایە.

بە تێڕوانین لە ئایدیۆلۆژیاو ڕەوتی پەروەردەیی ئیسلامی سیاسی هەر سێ خاڵەکە دەبینین. خاڵی یەکەمیان کە عەقڵکاری لای عەقڵی ئیسلام، کە بەگشتی عەقڵێکی سەلەفیگەرایە ئەسڵەن وەك تۆمەت وتاوان سەیردەکرێت، کەسی عەقڵانی لە دنیای ئیسلامیدا کەسێکە جێگەی گومانە و متمانەی پێناکرێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە لەبواری فیکرو فەلسەفەو زانستە مرۆیەکاندا بخوێنێتەوە، یاخود لەدەرەوەی ئاپۆراو مێگەل قسەیەکی جیاوازی هەبێت، ئەوە کەسێکە متمانەی پێناکرێت، بەڵکو هەوڵی تیرۆرکردنی مەعنەوی دەدرێت بەجۆرێك کە نابێت کەس باوەڕ بەقسەکانی بکات یان گوێی لێبگرێت، بەڵکو دەبێت دابڕان (هجر) بکرێت، واتە قسەی لەگەڵ نەکریت وتەنانەت سڵاویشی لێنەکرێت، چونکە لای ئەوان کەسی عەقڵانی هەڵگری ڤایرۆسێکە، ئەو ڤایرۆسە بکوژی گیانی یەقینگەرایی و چێنەری گیانی گومانکرای و پرسیارە. پرسیارکردنیش گەورەترین مەترسییە بۆ سەر کایەی ئایدیۆلۆژی، چونکە کاتێك کەسێك فێری پرسیارکردن دەبێت لەدەرەوەی فەرهەنگی ئایدیۆلۆژیا، یان پرسیاری گوماناوی لەسەر ئایدیۆلۆژیاو گروپ و سەرکردە، ئیدی ئەوە سەرەتای دەرکەوتنی نەخۆشیەکە، کە پێیدەوترێت ئیمان کزی و کەسی ڕاراو نزیکتر لە نیفاق، نەك لە ئیمان، چونکە ئیمان جێگەی پرسیارکردنی تێدانابێتەوە، بەڵکو تەنیا فێڵدی تەسلیمبوونە.

لەڕاستیدا ئەوەش هەر ڕاستە، کە ئیمان جێگەی پرسیار نییە، بەڵکو کایەی تەسلیمبوونە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا ئیمان خۆی چییە؟ ئاخر ئیمان باوەڕکردن بە میتافیزیك، واتە بەوەی کە لە بان سروشتە، لێرەدا ئیدی کایەی عەقڵ ڕادەوەستێت، ئەمما پرسی ئایدیۆلۆژیاو کاری سیاسی و دنیایی لەهیچ شوێنێکی ئیماندا جێگەی نابێتەوە، لێرەدا ئیسلامی سیاسی هەردوو فێڵدەکە بەدەستی ئەنقەست تێکەڵدەکات، تاکو بەڕامبەر گۆت بکات و هەر لەسەرەتاوە هەر گومانکاری وپرسیارێك کۆتایی پێبێنێت. لەخاڵی دووەمیشدا دەبینین هەموو خاوەن ئایدیلۆژیاکان زانست بەوشێوەیە بەکاردێنن، کە خزمەتیان دەکات، نەك خزمەتی زانست بکەن بەوشێوەیەی کەهەیە. بۆنموونە هیتلەر زۆر بە نا مرۆڤانە تۆرتیایی ئیۆلیوشنی داروینی بەکارهێنابوو بۆ جینۆسایدی جوولەکە، کەچی دەبینین لایسنۆڤێت تیۆریاکانی فرۆید قەدەغەدەکات، چونکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی مارکسیزمدا یەکناگرنەوە.

لە بواری ئیسلامی سیاسیدا، هەمان گەمە دەبینین، ئەوە لەبارەی زانستە خۆڕاواییەکانەوە، وەك ئیۆلیوشن، یان تیۆریاکانی فرۆیدو فەلسەفەو هەموو ئەو تیۆریایانە پێویستناکات باسبکرێت، من مەبەستم زانستە ئیسلامیەکانە، ئەوان

لەوێشدا مەبەستەکان وماناکان تـەواو دەگـۆڕن، تاکو لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیان بگونجێت و بەتاڵی دەکـەنـەوە لەهەر مانایەکی ئەسڵی، هەر بۆمونە تەفسیری سـەیـد قـوتـب بـۆ پـرسـی حاکمییەت و زەقکردنەوەی ئەو مانایەو پرسی جاهیلیەت وجیهاد لەدەرەوەی دەسەڵات و پرسی ئایین و سیاسەت چەندین پرەنسیپی ئیادیۆلۆژی تـازەن، کە ئیخوان هێنایان و لەڕێگەی گەمەکردن بەچەمکە ئایینیەکان و تەئویلی دەقەوە، شەرعیەتی ئایینییان پێدا، کاتێکیش ئەمانە دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی فیقهی بۆت دەردەکـەوێـت، کە ئـەوان چ گەمەیەك دەکەن بە چەمکە زانستیەکان و لە مانای ئەسڵیی خۆی لایانداوە، تاکو خزمەت بەئایدیۆلۆژیاکەیان بکات.

تەمەنی منداڵی هەرزەکاری وەك بابەتێکی گرنگ

لـــەبـــارەی تـــەمـــەنـــیـــشـــەوە تێبینیدەکرێت، هەرچی ئەوانەی لەبواری توندو تیژیدان کەسانی لاوو نـەزانـن، بۆمونە هەموو ئەوانەی خۆیان دەتەقێنەوە لە نێوان 14-15ساڵن. هێند بەسە بزانین حەسەن بەننا خۆی تەمەنی بیست ودووساڵبوو، کە ئیخوانی بنیاتنا، هەموو ئەوانەش، کە لەدەوریبوون هەر هاوتەمەنی خۆیبوون، دەتوانین بڵێین زۆرینەی سەرکردەکانی ئیخوان لەو کاتەدا لە 30 ساڵ تێنەپەڕیون.

لەڕاستیدا ئیسلامی سیاسی هەر لەتافی منداڵییەوە گرنگیەدات بە داگیرکردنی هزرو عاتیفەی مرۆڤ وپڕکردنەوەی خەیاڵی منداڵ بەوێنەکانی خۆی، هەر بۆیە دەبینی لە مزگەوتەکاندا منداڵان زۆر بەئاسانی دەخرێنە ناو ئەڵقەی قورئان خوێندن و وانـە خوێندنەوە، هەر لەوێوە ئیدی ئەو پرەنسیپە گرنگانەی دەیانەوێت دەیکەنە بەڵگە نەویستێکی حاشا هەڵنەگر، منداڵ و لاو دەکەنە بەردی بناغەی ئایین.

ئاشکرایە هەر وێنایەك لە منداڵیدا لەسەر تابلۆی یادەوەری منداڵ بنەخشێنرێت، ئیدی لاچوونی زۆر ئەستەم دەبێت.

بۆمونە لەیەکگرتوودا قوتابخانەی مزگەوتەکان هەبوو (مـدارس مسجدی) لەوێدا منداڵانێك، کە بەتەواوی بەرائەتەوە دەهاتنە مزگەوت بێ ئەوەی خۆیان، یان دایـك و باوکیان پێبزانن رێـکـدەخـران و سەرەتاکانی ئیخوان چێتییان بۆ باسدەکرا، هەروەها یەکێك لەمەرجەکانی پارە بەخشین بەهەتیوانی بێباوك ئەوەبوو، کەدەبوو وانە بخوێنن و کچان سەرپۆشبکەن، هەرچەند منداڵیشن وتەکلیفیان لەسەر نییە. مێرد منداڵانیش ئامادەی مزگەوت و وانە خوێندن بن.

ئەو وانانەش کەلەوێدا پێیاندەوترێت زانستی شەرعی نییە، بەڵکو حیکایەتی عاتیفیانەو پاڵەوانبازی و گیانی خۆفیداکردن و فێربوونی بانگەوازو هتد.. دەبێت.

هەر بۆیە ئایدیۆلۆژیا پێوستی بەعەقڵ وزانست وئەزموونی ژیان نییە، بەڵکو ئەو سێ رەگەزە دوژمنی هەر ئایدیۆلۆژیایەکن، کە لەسەر بنەمای عاتیفە و هەڵەسازی بنیاتنراون.

کاتێك منداڵ گـەورە دەبـێـت، ئیدی ئەو هیچ شتێککی تر نازانێت، چونکە پەرژینێکی تۆکمە بـــەدەوری ژیانیدا دەکرێت لەهەموولایەنێکی کۆمەڵایەتی ورۆشنبیری وعاتیفییەوە داگیردەکرێت. ئەو تەنیا گروپەکەی بە شوێنی ژیان دەزانێت، تەنیا ئایدیۆلۆژیای ئەوان بەڕاستیی ڕەها دەزانێت، تەنیا دەتوانێت لەناو ئەواندا بژی، مرۆڤێك خەیاڵگەو عاتیفەی داگیرکراوە.

هەرکاتێکیش لایەنی عاتیفی مرۆڤێك کۆنترۆڵکرا، ئیدی ئەو مرۆڤە ئیرادەی خۆی لەدەست دەداتو ڕادەستی ئایدیۆلۆژیاکەی دەبـێـت، کـە ســەرکـردە نـوێـنـەرایـەتـی دەکات،چونکە مرۆڤ بەعەقڵ ئیرادەیشی ئـازادتـر دەبـێـت، بـەڵام کاتێك عاتیفەی کۆنترۆڵدەکرێت، ئیدی ئەو کەسە دەبێتە کۆیلەیەك وهیچی تـر. جـا کاتێك ئەو ئایدیۆلۆژیایە ڕەهەندیکی قوڵی غەیبانی پـێـدەدرێـت ئیدی تەسلیمبوونەکە زۆر ئاڵۆزترو قوڵتر دەبێتەوە، چونکە هەرشتێك لای ئایدیۆلۆژیا تەفسیرێکی عەقڵانی، یان زانستی وەرنەگرت زۆر بەئاسانیی لەناو ڕەهایی وناکۆتای غەیبدا جێگەی دەبێتەوە، غەیبانیەت ئەو ناشوێن و ناکاتەیە، کە هەموو شتێك قووت دەدات، چونکە ناکۆتا تەسەور ناکرێت، لەهەمانکاتدا بـاوەڕ بە ناکۆتاو ناشوێن واتە غەیب ئەو فۆبیاییەیە، کە هیچ بواریکی زانستی وسایکۆلۆژی ناتوانێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە دەبینین بۆ نموونە شیعەیەك بەهەمان قوڵی سوننەیەك باوەڕی بە یەقینیەکانی خۆی هەیە، لەکاتێکدا هـەردوو دنیابینیەکە لەیەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن، کەچی هەردووکیشیان تەواو پێچەوانەی یەکترن و هەردووکیشیان دنیایەك یەقینی ناکۆتایان داوەتە شوێنکەوتوانیان، یەقینێك کە هیچ بواریکی تێدا نییە، بۆ گومان و پرسیارێك، چونکە هەموو گومانکردن وپرسیارکردنێك مانای بێدینی دەگەیەنێت، ئـەوەش کۆمەڵێك لێکەوتەی کۆمەڵایەتی وقیامەتی لێدەکەوێتەوە.

کۆنترۆڵکردنی عاتیفەی مـرۆڤ، واتە سڕینەوەی عەقڵ و پرسیاریش دەگەیەنێت، ئەو ئامادە نییە پرسیارەکە بشبیستێت نەك وەڕیبگرێت، پاشان بیری لێبکاتەوەو لە ناخی

خۆیدا گەشەبکات و بیر لە راست و هەڵەکان بکاتەوە، چونکە وادەزانێت، کە تەنیا بە گوێگرتن لەپرسیار ئیدی باوەڕەکەی لەق دەبێت، ئەوەش فێڵی شەیتانێکە کەهەموو دنیای تەنیوە.

بەراستی پرسیارکردن و گومانکردن لە زەینی تاکی باوەڕداردا بریتییە لە: کاری شەیتان لەبەرئەوە هەرکاتێك گومانت بۆ هات، یان پرسیارت بۆ هات ئەوە بزانە شەیتانێك بۆتە میوانت.

ئەم رەهەندە لەبواری میتافیزیکدا، تا ئاستێك دەبێت ئاسایی بێت، چونکە میتافیزیك بەهایەك نیە بەعەقڵ، یان بەزانست بپێورێت، بەڵکو بان سروشت، بان عەقڵ، ناکات و ناشوێنە، بەڵام کاتێك گومانکردن لە بەڵگەنەویستەکانی ئایدیۆلۆژیاو ئامرازەکانی کاری دنیایی و متمانە بەسەرەکردەو مرۆڤەکانیش دەخرێنە ئەو بوارەوە ئیدی دەردەکەوێت، کە چۆن بواره غەیبانیەکانیش دەقۆزرێتەوە بۆ پیرۆزیدان بە ئامرازە دنیاییەکان.

کاتێکیش عاتیفە کۆنترۆڵکرا، واتە ئیرادەو عەقڵ و ژیانی ئەو کەسە کۆنترۆڵکراوە، بۆیە کەسی کۆنترۆڵکراو ئامادەیە بێ سڵەمینەوە، بێگومان، بێ دڵەڕاوکێ هەموو قسەیەك بەڕاست بزانێت، کە کۆنترۆڵکار پێی دەڵێت، هەموو کردەوەیەکیش ئەنجامبدات کە پێیدەسپێردرێت.

گرفتێکی تری عاتیفە ئەوەیە، کەسی کۆنترۆڵکراوی عاتیفی، ئیتر هیچ شتێکیتر نابینێت تەنیا ئەو ئایدیۆلۆژیایە نەبێت، کە هەموو ژیانی داگیریکردووە. تائێرەش هەر مەترسی کەمە، بەڵام ئیتر ئەو هەستەکات، ئەوەی وەك ئەم خۆشەویستەکەی ئەوی خۆشنەوێت، وەك ئەم ئیمانی بەو ڕێڕەوە نەبێت، نابێت مرۆڤ بێت، چونکە هەرچی جوانی و باشی و چاکییە، هەرچی راستەقینەی رەهایە لەوێدا کۆبۆتەوە، کەواتە ئەوەی ئەو هەموو جوانیو پاکی و رەهاییە نەبینێت دەبێت هەر شەیتانێك بێت و هیچی تر. شەیتانیش دەبێت لەناو ببرێت، ئاخر شەیتان و ژیانیان نەوتووە، چونکە ئەو رەجم دەکرێت و لە میهرەبانیی خودا بەرییە.

3-وێناکردنی مملانێ لەنێوان کوفرو ئیماندا

یەکێك لە بادانە ناسازەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ پرسی مملانێ ئەوەیە، کە جۆری مملانێکەیان گۆڕیوە بۆ کوفرو ئیمان.

ئاشکرایە ئیسلامی سیاسی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە هەوڵێکە بۆ دەسەڵات و سەپاندنی ستایلێکی تایبەت لەدەسەڵات، ئەو ستایلە هەر لەسەرەتاوە چەمکە ئیسلامییەکانی لەناو مۆدێلەکانی مارکیسیزم ونازیزمدا فۆرمەلەکردووە، واتە چەمکێیکی تۆتالیتاری داوە بەماناکانی ئیسلام و ویستوێتی بیسەپێنێت بەسەر دنیادا. لێرەوە مملانێی لەگەڵ دەسەڵاتدا ئاشکرایە و هیچ گومانێکی تێدا نییە.

بەڵام ئاشکرایە مملانێ لەسەر دەسەڵات پیشەی دەستەیەکی زۆر کەمی مرۆڤەکانە ئەوانەی ئارەزوومەندی دەسەڵاتن، لەبەرئەوە هەر جەنگێك لەسەردەسەڵات پشتیوانییەکی سنووراری لێدەکرێت، لەکاتێکدا جەنگ لەسەر ئایین و بیروباوەڕ ئەرکی هەموو ئیماندارێکە، هەربۆیە ئیسلامی سیاسی دێت و مللانێکە ڕەنگڕێژدەکات بەڕەنگی ئیمان و کوفر، فیرعەون، موسا، محمد و قوڕەیش، بەمەش دەیەوێت شەرعیەتی ئایینی لەبەرامبەر بسەنێتەوە و بیدات بەخۆی، هەر دروشمی (ئیسلام چارەسەرە) خۆی لەخۆیدا یەکێکە لەخەڵەتێنەرترین دروشمەکانی ئیسلامی، کە لە ڕێگەیەوە دەیەوێت تاپۆی ئیسلامی لەهەمو تۆژەکانی تر بسەنێت و لەسەر خۆی تاپۆی بکات، ئەمەش کورتترین ڕێگەیە بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر.

5-قیامەت وەك چەکی تیرۆر

پێشەکی دەبێت بڵێم پرسی ژیانێکی تر لەدەرەوەی ئەم ژیانە بەقەدەر کۆنی هەموو ئایینەکان کۆنە، هەر لەچیرۆکی دوو کوڕەکەی ئادەمەوە پرسی دنیایەکیتر ودەوردەبینێت لەچاکبوونی مرۆڤدا، لەو چیرۆکەدا هابیل کە سیمبوولی چاکخوازییە، رازینابێت دەست

ئاشکرایە ئیسلامی سیاسی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، هەوڵێکە بۆ دەسەڵات و سەپاندنی ستایلێکی تایبەت لەدەسەڵات، ئەو ستایلە هەر لەسەرەتاوە چەمکە ئیسلامییەکانی لەناو مۆدێلەکانی مارکیسیزم ونازیزمدا فۆرمەلەکردووە

بەرزبکاتەوە لەقابیلی برای، کە بۆتە سیمبولی شەڕخوازی، تەنانەت کاتێك دەشزانێت کە قابیل دەیکوژێت ئەم پێیدەڵێت (ئەگەر تۆ دەستدرێژیشم بکەیتەسەر بۆئەوەی مکوژیت، من هەر دەستت بۆ درێژناکەم بۆ کوشتنت، چونکە من لەخودا دەترسم. من ئەمەوێت تۆ تاوانی من وخۆشت هەڵگریت ولە ئەهلی ئاگر"دۆزەخ بیت"چونکە دۆزەخ سزای ستەمکارانە)،

لەراستیدا چەمکی ژیانێکی تر لە هەموو ئایینەکاندا فاکتەرێکی باش بووە بۆ دیسپلینی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی. بەواتایەکی تر ئەو چەمکە بابەتێکی بێلایەنەوەدەکرێت لەسەرێکەوە بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی بەکاربێت، لەسەرێکی ترەوە دەکرێت ببێتە بەرهەمهێنەری تیرۆر، واتە ئەوە فاکتی ئینسانە مانا دەدات بەشیوازی بەکارهێنانی ئەو چەمکە.

ئیسلامی سیاسی وەك چەمکێکی شمولی ئایدیۆلۆژی، کە دەیەوێت چەمکە ئایینیەکان بە شیوەیەك وەبەربێنێت، کە سوودی هەبێت بۆ دنیابینیەکەی خۆی وسەرخستنی ئایدیۆلۆژیاکەی، توانیوێتی بەشێوەیەکی زۆر چڕوپڕ چەمکی ژیانی دووەم بکاتە چەکێکی گرنگ و کاریگەر بۆ خەساندنی کەسانی ئالودەبوو بەو ئایدیۆلۆژیایە، گۆڕینی مرۆڤی باوەڕدار بۆ بۆمبێکی تەوقیتکراوی هەردەم ئامادە بۆ تەقینەوە. ئەو ستراتیژیە بەو شیوەیە دەستپێدەکات:

-گەنجێکی تازە پێگەیشتو کەسانێکی خاڵی لە هەموومانا‌کانی زانست و فەلسەفەو ئامادە بۆ وەرگرتنی هەر بابەتێکی سەرنج راکێش. لەڕووی ئیمانەوە دەیەوێت لەئایین تێبگات، کاتێك دەکەوێتە بەردەستی ئیسلامگەرایەکی خاوەن ئایدیۆلۆژیای سیاسی، لەسەرەتاوە باسی قیامەتی بۆ دەکات، هەنگاوەکان بەم شێوەیەن:

* مرۆڤ هەر چییەك بێت، دواجار دەمرێت، ئێمە لەم دنیایەدا میوانین، دنیا راگوزەرێکی خێرایە بەرەو ژیانێکی ئەبەدی، بەڵام ئەو ژیانە ئەبەدییە بە کرداری ئێرە دەپێورێت، ئەگەر تۆ لەم دنیادا بە پێی بەرنامەی خودا هەڵسوکەوتت کردبێت ئەوە دەچیتە بەهەشت، خۆ ئەگەر خوانەخواستە لە بەرنامەی خودا لاتدابێت ئەوە دەچیتە دۆزەخی خودایی هەمیشەیی.

میکانیزمی چەسپاندنی ئەو ترسە ئەبەدیەش بەوە دەستپێدەکات

-سەردانی گۆڕستان و مردووەکان خۆخستنە جێگەی ئەوان.

-بیرکردنەوەی بەردەوام لە مردن و قیامەت و خۆشییەکانی بەهەشت و ترسەکانی دۆزەخ.

-دانیشتنی شەوانە بۆ بیرکردنەوە لەو ترسە گەورەیە.

-قورسکردنی دەسکەوتنی بەهەشت و رەزامەندی خودا، بەجۆرێك کە ئەستەمە هەموو کەس بچێتە بەهەشت، مەگەرئەوانە نەبێت کە دەبنە خزمەتکاری ئایینی خوداو لە پێناویدا تیدەکۆشن.

بێگومان پەروەردە کارێکی بەردەوامە، نەك ئەنجامی دوو قسەو سیمینار بێت، بە بەردەوام بوونی کات و بیرکردنەوە، دووبارەکرنەوە و وتنەوەی بەردەوام، بیرکردنەوەی بەردەوام لەم پرسە. ئیدی پرسی ژیانێکی تر دەبێتە فۆبیایەکی وا، کە هەموو ئیرادەیەك لەو کەسە دەسەنێت، ئیدی ئەو دێت دەپرسێت: باشە چیبکەم تا خۆشییەکانی بەهەشتم دەستبکەوێت و لە دۆزەخ بەدووربم، لێرەدا ئیدی وەڵامووەردەگرێت. چیبکەی بۆ چونە بەهەشت.

5-بەرتەسککردنەوەی دنیا

لەو بەشەدا لەپەرەوەردەی ئیسلامی سیاسیدا هەوڵ دەدرێت ژیانی دنیا وا بێنرخ و تەسك و بەدۆزەخ بکرێت، کە ئینسان هیوا خوازبێت زوو دەربچێت لێی: ئەوەنییە پێغەمبەر دەفەرموێت (الدنیا سجن المؤمن وجنه الکافر)، کەواتە دنیا دۆزەخە.

لەم بەشەدا هەموو جوانیەکانی دنیا لە کەسی پەروەردەکراو حەرامدەکرێت:

-هونەر حەرامە، گۆرانی، مۆسیقا، شانۆ، وێنەو هەموجوانیەکان حەرامن.

تێکەڵاوبوون و قسەکردن و شایی و رابواردن هەموو حەرامن، یان کاری مرۆڤی جاهیل و خوێڕین، نەك کەسێکی خاوەن پەیام.

-سەپاندنی ئەرکی زۆری ئایینی بەسەر گەنجدا، هەر لەنوێژەکان بەجەماعەت و بەجێهێنانی سوننەتەکان و شەو نوێژ، رۆژووی سوننەت دوعاو زیکری زۆر، خوێندنەوەی نامیلکەکانی کۆمەڵ و هتد... بەجۆرێك ئیدی ئەو کەسە ماوەیەکی نامێنێتەوە بۆ ژیان.

- تەنانەت سەیرکردنێکی سادە بۆ مێینەیەك وا گەورەدەکرێت، کە ئەو کەسە دەخاتە ئاگرەوە، چونکە سەیرکردن یەکەمەو دووەمی بەدوادێت، دووەم ئیدی زەردەخەنەی بەدوا دێت، دوای ئەوە قسەکردن ومەوعید دانان و .... ئیدی دەچێتە بواری حەرام و زیناوە، کە ئیدی لەوێوە دۆزەخی هەمیشەییە، لەکاتێکدا سەیرکردن بەپێی فەرمانە ئایینییەکان، ئەگەر تاوانیش بێت تاوانێکی بجوکەو وەك دەڵێن بەئاوی دەستنوێژ دەڕوات، بەڵام لێرەدا سەیرکردنێك یەکسەر پردێکە بۆ کوفرو جەهەننەم.

ئەو پەروەردە توندگیر وتەسککردنەوەیەی دنیا لەگەنجێك بەرامبەر جوانکردنی بەهەشت و ترسەکانی دۆزەخ، بە سروشتی

خـۆی وا لە گەنجێك دەکـات، کە ئیدی ئامادەبێت لەم زیندانە بە ئاسانی بڕات.

6-جوانکردنی مەرگ

هەنگاوی دواتر بریتییە لەجوانکردن و ئاسانکردنی مەرگ، بەتایبەتی مەرگێك کە لەپێناوی خـوادا بێت و شەهادەت بێت. حەسەن بەنا دروشمی (المـوت فی سبیل الله اسمی أمانینا)ی بەرزکردبۆوە، هەر ئەو دەڵێت (هەر نەتەوەیەك هونەری مەرگی شەریفانە بزانن سەربەرز دەبن).

لەوانەیە ساتەوەختی مەرگ گەورەترین بەربەستبێت لەبەردەم مرۆڤدا، کە پرکێشی خۆکوشتن ناکات، یان دەترسێت و رووبەرووی مەرگ نابێتەوە، پەروەردەی ئیسلامی دێت ئەو بەربەستەش دەڕوخێنێت، ئەو کەسەی لە پێناوی خوادا خۆی دەکوژێت، یان شەهید دەبێت، هەر وەك ئـەوە وایـە مێرووییەك گازی لێبگرێت. لە راستیدا چڕکردنەوەی مەسەلەی قیامەت و خۆشیەکانی بەهەشت و ئەو جوانیانەی بۆ شەهید ئامادەکراوە تـرس لەقیامەت بۆ گەیشتنە بـەم خاڵە گرنگە، ئێوە لەمەرگ مەترسن چونکە مەرگ بازدانێکە بەئاسانی لەناخۆشییەکانی دنیاوە بۆ خۆشییەکانی بەهەشت. خۆ ئەگەر لێرە خۆت ئامادەنەکەیت تۆ هەر دەمریت، بەڵام ئەو کات بە زەلیلی دەمریت وبەرەو دۆزەخ دەچیت، تۆ بۆ ئەوە خوڵقاویت کە بمریت نەك ئێرە ئـاوەدان بکەیتەوە، لێرە بۆئەوەی ئیش بکەیت بۆ بەدەستهێنانی ئەوێ "بەهەشت" لەوێش بژاردەیەکت نییە، یان دۆزەخ وئاگر، یان بەهەشت وخۆشی، لەبەرئەوە مردن لە پێناوی خوادا گەورەترین ئاواتت بێت، بۆ ئەوەی بێ هیچ حسابێك بەهەشتت دەستبکەوێت.

7-گوێڕایەڵی

بەشێکی تری پەروەردە بریتیە لەچەمکی گوێڕایەڵی، لەراستیدا ئەو چەمکە بەمانایەکی تر لەئاستی تاکدا، واتە بێنرخکردنی عەقڵ و رادەستکردنی ئیرادەی خۆت بە دەستی کەسێکی تر، یاخود لە مانا کۆمەڵایەتیەکەیدا بەمانای بە مێگەلکردنی خەڵك دێت.

چەمکی گوێڕایەڵی لەناو فەرهەنگی ئایینیدا بەمانای ئـەوە دێـت، کە مرۆڤ بەقسەی فرمانەکانی خـودا بـکـات، کە نـوێـنـەرەکـەی دەیـگـەیـەنـێـت، لەژیانی پێغەمبەری ئیسلامیشدا گوێرایەڵیکردنی نوێنەری خـودا، بێگومان ئاسایی بووە بەو پێیەی، کە ئەو فەرمانە خوداییەکان دەگەیەنێت،

بەڵام لەژیانی مەدەنیی مرۆڤدا گوێرایەڵی



Mussolini

مرۆڤ تەنیا بۆ یاساو دەوڵەتە، کە هێزی پیادەکردنی یاساکانی هەیە ئەویش بەپێی یاساو دابونەریتی کۆمەڵایەتی، گۆڕایەڵیکردنیش بۆ دایك باوك پرسێکی ئەخلاقییە و هیچی تر.

بەڵام لە فەرهەنگی پەروەردەی ئیسلامی سیاسیدا، گۆڕایەڵیکردنی بێ چەندو چوونی رابەری گروپ فەرزێکی خوداییە، شکاندنی قسەی رابەری گروپ شکاندنی قسەی خودایە. ئەم تەفسیرە ئایدیۆلۆژیانەیە لەراستیدا لە روحی فاشیزم ونازیزمەوە وەردەگیرێت و بەرگی ئایینی بە بەردا دەکرێت.

بۆنموونە وتراوێك، کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام (ومن أطاع أميری فقد اطاعنی ومن أطاعنی فقد اطاع الله، ومن عصاأميره فقد عصانی ومن عصانی فقد عصی الله) ئەوەی بەقسەی ئەو ئەمیرە بکات، کە من دامناوە ئەوە گوێرایەڵی منی کردووە، ئەوەی گوێرایەڵی من بکات گویرایەڵی خودای کردووە. ئەوەش یاخی بێت لە وئەمیرەی من، ئەوە یاخی بووە لەمن، ئەوەش لەمن یاخی بیت لەخودا یاخیبووە). ئاشکرایە باس لەو ئەمیرانە دەکات، کە پێغەمبەر خۆی دەستنیشانی کردوون لەکاتی جەنگدا، نەك منداڵێکی نەزان دوای 1400ساڵ خۆی بخاتە شوێنی ئەو ئەمیرەی، کە پێغەمبەری ئیسلام باسی دەکات و بەو منداڵەی تر، کە سادەو تۆقێنراوە بەقیامەت بڵێت: ئەگەر تۆ بەقسەی من نەکەیت، کە بوومەتە ئەمیرت ئەوە بەقسەی پێغەمبەرو خودات نەکردووەو ئاگر جێگەتە.

ئەمە ئەو گەمەیەیە، کە پەروەردەی ئیسلامی سیاسی دەیکات بە گۆڕینی چەمکە ئایینیەکان، لەبەرژەوەندیی کاری سیاسی خۆیاندا. لێرەوە پەروەردەکراوی سادە ،کە تاکە سەرچاوەی مەعریفەتی ئەو کەسەیە کەناونراوە (ئەمیر، یان مامۆستا، یان بەرپرس) و دەبێت کوێرانە گوێرایەڵی بکات دەنا لەقیامەتدا دەچێتە ئاگرەوە، چونکە ئەو بەشکاندنی قسەی ئەمیرەکەی واتە یاخیبوە لەخوداو پێغەمبەر وئەویش لەخودا یاخی بێت، ئیدی (قوڕی بەسەر) لە قیامەتدا.

ئەم گوێرایەڵییە بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت، کە هەر کاتێك ئەو ئەندامە فەرمانێکی پێدرا بێ موناقەشەو دووداڵی دەبێت رایپەڕێنێت، ئەگەر نا ئەوە ئیمانی لاوازەو ناشێت لەناو ریزەکانی کۆمەڵدا هێنێتەوە، یاخود بەلاوازو پەراویزخراوی دەمێنێتەوەو سەیردەکرێت. ئەم گویڕایەڵییە کوێرانەیە لەوێدا دەردەکەوێت، کاتێك دەبینین حەسەن بەننا باسی گیانی سەربازی و هێزو خۆبەخشین و گیان بەخشینەکات، لەراستیدا حەسەن بەننا کەسانێکی مەدەنی پەروەردە نەدەکرد بۆ ئەوەی وەك مرۆڤێکی ئاسایی لەجڤاتدا بژین، بەڵکو کەسانێکی پەروەردەدەکرد، بۆ ئەوەی بۆ مەرگ بژین، هەرساتێك چاوەڕێی فەرمان بن وبێ دووداڵی فەرمانەکان راپەڕێنن.

ئەم جۆرە لەگوێڕایەڵی لە فەرهەنگی نازیزمەوە دێت، هەر خوێندنەوەیەکی سەرپێییانەی کتێبی (کفاحی) هیتلەر ئەوراستیەت بۆ دەردەخات، کە گوێرایەڵی بێ قەیدو شەرت لای نازیزم چ دەرورێك دەبینێت.

لەراستیدا هەموو رەوتە ئایدیۆلۆژیە شمولییەکان، بەشی گەورەی بەڕێوەچوونی ئیشەکانیان بە سیاسەتی گوێرایەڵی کوێرانە دەبێت، یان بابڵێین شۆردنەوەی مێشکی ئەندام (غسل دماغ)، ئەو پرۆسەیەش بەزۆری لە تۆیژی لاوانی تازە پێگەیشتوو بێ ئەزموواندا پیادەدەکرێت، چونکە ئەوان جارێ کەسانێکی ساف و بێ ئەزموونن، هەر بۆیە دەبینین تاکو ئیستاش زۆرینەی خۆ تەقێنەرەوەکان لەو تۆیژەن، ئیخوانیش لەسەرەتاوە لەسەرشانی لاوانی کەم ئەزموونو کەم زانست دا دەمەزرێت، هێند بەسە بزانین کاتێ بەننا ئیخوان دادەمەزرێنێت خۆی تەمەنی بیستو دووساڵ دەبێت، هەموو دەوروبەرەکەشی هەر لەتەمەنی خۆیەوە نزیکن، کەچی ئەوەی سەیرە ئێستا یەکێك لەمەرجەکانی بوون بە رابەری گشتی لە ئیخواندا ئەوەیە، دەبێت ڕابەر تەمەنی لە چل ساڵ کەمتر نەبێت.

لەراستیدا ژیانی مەدەنی، تەنانەت حزبی مەدەنیش پێویستی بە پرەنسیپێك نییە بەناوی (سمع گاعە)بەڵکو پیویستی بە پرەنسیپی ماف و ئەرکە، ئەندام لە حزبدا کۆمەڵێك مافی هەیە، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵێك ئەرکی لەسەرە، بەڵام لە حزبی ئایدیۆلۆژیدا ئەندام هیچ مافێکی نییە، بەڵکو تەنیا ئەرکی لەسەرە، ئەرکەکەش دەبێت بەوپەڕی دڵسۆزیو مەمنوونییەوە جێبەجێبکات دەنا لە گرووپدا جێی نابێتەوە، جا ئەگەر ئەو گرووپە ئایدیۆلۆژیە ئایینی بوو ئیدی پرسێك بەناوی مافەوە مانای نامێنێت، چونکە ئەو موجاهیدێکەو لە پێناوی خوادا تیدەکۆشێت دەبێت تەواوی ژیانی سوپاسگوزاری حزب بێت، کە رێگەی قیامەتیان بۆڕۆشنکردۆتەوە، ئەو ئەگەر لەو حزبەدا نەبوایە ئیستا گومڕا دەبوو وەك ئەو هەموو حەشامانەی پێی دەوترێت گەل.

8-بەیعەتدان

یەکێك لە میکانیزمە گرنگەکانی بەستنەوەی ئەندام و مسۆگەرکردنی گوێڕایەڵی رەها بریتییە لە بەیعەتدان، بەیعەت مانایەکی ئایینییە لەسەردەمی یەکەمدا پێغەمبەری ئیسلام لەوانەی

وەرگرتووە، کە باوەڕیان پێدەهێنا، تاکو گۆڕایەڵێن لەخۆشی وناخۆشیدا، پاش وەفاتی ئەویش ئیدی بەیعەتدراوە بە خەلیفەکان وەک پێشەوای ئوممەت، بەیعەتی ئەهلی تەسەوفیش بریتییە لەپەیماندانی مورید بەشێخەکەی، کە هەر گۆڕایەڵ و ملکەچی ئەو دەبێت، بەیعەتی حەسەن بەنا کە لەئیخواندا دایهێنا بەیعەتێکی سیاسییە، کە دەبێت ئەندام بەیعەتبدات هەتا ماوە گۆڕایەڵ وشوێنکەوتەی رابـەرەکـەی بێت، کە بریتیە لە رابـەری ئیخوان موسلیمین، پاشانیش گروپەکانی تری ئیسلامی سیاسی هەمان نەریتی بەنایان گرتەبەر، شایانی وتنە سەلەفییەکان، باوەڕیان بە بەیعەتدان نییەو پێیانوایە، بەیعەت تەنیا بە ئیمامی موسوڵمانان دەدرێت، واتە خەلیفە.

بەڵام بەیعەت چیەو ئاسەوارەکانی چییە؟ لە راستیدا بەیعەت بەمانای کۆتکردنە گەردنی ئەندامو راکێشانی ڕێشمەکەی بـەئـارەزووی گەورەکانی، بەیعەت ئەرکێکە بەسەر ئەندامەوە، کە دەبێت لەخۆشی وناخۆشیدا لەتاڵی وشیرینیدا، لە کاتێکدا فەرمانەکانی بەدڵ بێت، یان پێی ناڕازی بێت، دەبێت بێ چەندوو چوون پابەندبێت بەفەرمانی گروپ وبێ دوودڵی بەگوێبکات. بۆئەمەش ئموونەی (حبابی کوری مونزیر) دێننەوە، کە لە جەنگی بەدردا بە پێغەمبەری وتووە، ئێمە ئیمانمان پێ هێناویت و بەیعەتمان پێداویت، سوێند بەخودا ئەگەر فەرمانمان پێبکەیت خۆمان بخەینە دەریـاوە هەموومان خۆمانی تێ فڕێ دەدەین! کەواتە ئەندام دەبێت ئاوا گوێرایەڵبێت بۆ سەرکردەکەی، ئەگەر فەرمانی کرد خۆی فڕێبداتە ناو دەریا و ئاگرەوە دەبێت بیکات. تەنیا مەرجێك ئەوەیە کە پێچەوانەی فەرمانی خودا نەبێت، ئەو مەرجەش هێند فرەکشە (مگاگ) کە پانتاییەکی بەرفراوان دەدات بە فەرمانەکانی سەرکردە، چونکە بەوپێیەی پێشەوا زاناترە لە بواری زانستە ئایینیەکاندا، لەبەرئەوە فەتوای ئەو ئەگەر لای ئەندام رووننیش نەبێت دەبێت هەر بەگوێی بکات، چونکە ئەهلی فەتواو ئیجتیهاد بەگوێکردنیان واجبە، ئەگەر کەسی عـەوام تێشی نەگات و لە رووکەشیشدا فەتواکە پێچەوانەی شەرع بێت. هەر بۆ ئموونە خۆتەقاندنەوەی کەسێك لەناو ئاپۆرای خەڵکدا لەگەڵ سەرەتاییترین بنەماکانی ئایینداً پێچەوانەیە، یەکەم خۆکوشتن حەرامە، دووەم خەڵکی بێتاوان کوشتن دیسان حەرامە، بەڵام کاتێك سەرکردە فەرمانی خۆتەقاندنەوە دەردەکـات ئەو چەندین بەڵگەیتر دێنێتەوە بۆ حەلاڵبوونی ئەو کارە. وەك فەتواکانی شێخ یوسف قـەرەزاوی، کە یەکێکە لەگەورەترین زانایانی ئیخوان، سەرۆك و دامەزرێنەری یەکێتی زنایانی جیهانیی ئیسلامییە، کەڕێکخراوێکی ئیخوانییە.

لێرەوە دەبینین بەیعەتدان وەك هەمان پرەنسیپە کوێرانەکانی نازییەکان وکۆمۆنیستەکان ئەندامێك دروستدەکات، کە کوێرو کەڕو لاڵن. ئەوان بەچاوی ڕابەر دەبینن بەگوێی ڕابەر دەبیستن، بەزمانی ڕابەر قسەدەکەن، ڕابەریش لەبری ئەوان بیردەکاتەوەو بڕیاردەردەکات، ئەوانیش کاریان تەنیا ڕاپەڕاندنە، چونکە ئەوان واتێدەگەیندرێن گەر ئەو بەیعەتەیان شکاند، یەکسەر جێگەیان ناوەڕاستی دۆزەخـە، ئەوەش لەوێوە دێت کە خودا دەفەرموێت (ان الزین یبایعونك انما یبایعون الله ید الله فوق ایدیهم فمن نکپ فانما ینکپ علی نفسه) کەواتە ئەوان بەیعەت بەخودا دەدەن ودەبێت گوێڕایەڵی ئەو بن، بەڵام لەڕێگەی ڕابەرەوە.

9-عەقڵیەتی دەستەبژێر

خاڵێکی تری گرنگ لەپەروەردەی ئایدیۆلۆژیانەدا، وەهمی دەستەبژێری وگەورەییە، سەید قوتب لە پێشەکی ڤلالدا باس لەوەدەکات، کە ئەو کاتێك لە ژێر سایەی قورئاندا ژیـاوە، هەستدەکات ئەو مرۆڤێکە لەلووتکەدا وەستاوەو خەڵکی تریش منداڵن و لەناو خۆڵدا خۆیان دەگەوزینن. ئەم وەهمە لەسەرەتاوە لای حەسەن بەنا دروستدەبێت، خۆی وەك جێگرەوەی پێغەمبەر دەشوبهێنێت و شوێنکەوتەکانیش وەك هاوەڵانی پێغەمبەر، بەڵکو بانگەوازەکەی بە ڤێرژنی دووەمی بانگەوازی یەکەم

کاتێك ئەندامانی ئیسلامی سیاسی دەگەنە ئەو بڕوایەی، ئیدی ئەوان بژاردەی خودایین و بان کۆمەڵ وبان خەڵکن، بۆئەوەی پاریزگاری لە پاکیزەیی خۆیان بکەن و بە چڵکاوی جەهالەت پیس نەبن وبەو ژینگەیە ئالووده نەبن، ئیدی دەبێت ئەوان دابڕانێك لە نێوان خۆیان وخەڵکدا دروستبکەن



دەشوبهێنێت، کە بانگەوازی محەمەدییە، ئەو بە راشکاوی دەڵێت (بێ شانازی ئێمە هـاوەڵانـی پێغەمبەرو هەڵگری ئاڵاکەی ئەوین)، (ئـەی برایان ئێوە زۆر گـەورەن خۆتان لا بچووک نەبێت. وەك خەڵکێکی ئاسایی سەیری خۆتان مەکەن). ئەم وەهمی خۆ بەجیازانینە شۆڕ دەبێتەوە بۆ خوارەوە لە ناخی هەر تاکێکدا دروستدەبێت، کاتێکیش دەبینێت خەڵك بەو گەورەییە سەیری ناکات کەخۆی تەسەوری دەکات، ئیتر نایەت چاو بە پرەنسیپەکانی خۆیدا بگێڕێتەوە، چونکە ئەو لەنووری خوداوە هەڵقوڵاوە، بەڵکو دێت وخەڵك بە جاهیل و گرگن و نەفام دەزانێت، کە قەدری ئەم ناگرن ونازانن چ گەوهەرێکی بەنرخە.

هەر لەم عەقڵیەتی خۆبەجیازانینەوە ئاکارێکی تر گەشەدەکات، ئەویش ئەوەیە: کاتێك من دەتسەبژێر وجیاوازم، خەڵکیش نەفام وگێلن، کـەواتـە ئـەوان (نـاکـام)ن، ناکامەکانیش پێویستیان بەکەسانێك هەیە بەرژەوەندیەکانیان بپارێزێت وڕێنموونییان بکات، کەواتە گەل ناکامە (قاصر) و ئەویش دەبێتە شوانیان و دەبێت بەرەو ئارامگەی باشیان بـەرێـت، کـەواتـە دەبـێـت خەڵك شوێن ئەو گروپ و ئایدیۆلۆژیای بکەون، لەکاتێکیشدا گەر شوێنیان نەکەوتن، ئەوە پێویستە بەزۆر ناچاربکرێن شوێنیبکەون، خۆ ئەگەر هەر شوێن ئەو نەکەوتن، ئەوە پێویستە بەهێز ناچاربکرێن، وەك چۆن منداڵێکی ناکام و لاسـار ئەگەر بەقسەی مامۆستاکەی نـەکـرد، پێویستە بەلێدان وچاوسوورکردنەوە تەمبێ بکرێت.

لێرەدا دەستەبژێر رەهەندێکی ترسناکتر وەردەگرێت، کە بریتییە لەپیرۆزی، مادەم ئەو هاوەڵی پێغەمبەرو جێگرەوەی ئەوەو هەڵدەسێت بەکاری پێغەمبەران، کەواتە هەر بەرکەوتنێك لەگەڵیدا جۆرێکە لە بێ دینی. هەر ڕەخنەکردنێکی ئەو، ڕەخنەگرتنە لە ئایین وخودا و پێغەمبەر، پاکیزەییەکانی ئـەو هێند بـــەرزە کـە جێگەی ڕەخنە نابێتەوە، هەر ڕەخنەگرتنێکیش لە خۆی و ئایدیۆلۆژیا و گروپەکەی لە ڕاستید لەزاتی خۆی وگروپەکەی نییە، بەڵکو ناحەزان و دوژمنانی خودا و پێغەمبەر بەناوی ئەوانەوە، بە بیانووی ڕەخنەگرتن لەو و گروپەکەی دژایەتی خوداو پێغەمبەرو ئایین دەکەن. ئەو پسوواڵەی پیرۆزیە هێند فراوان دەبێت کە ئیدی ئەو کاتێك بەڕێدا دەڕوات، وا دەزانێت خۆی قورئانێکە ڕێدەبڕێت، نەك مرۆڤێکە لە خوێن و گۆشت و شایەنی ئەوەیە هەڵەبکات و ڕاستیش بکات، ئاخر ئەو پیرۆزییەکەی لە ئایین و پەیامەکەوە وەرگـرتـووە، پاکیزەییەکەشی لەپاکیزەیی پەیامەکەوە وەرگرتووە، بەڵام خەڵك ئەو حەقیقەتە سـادەیـە پـەی پێنابەن، بۆیە سوکایەتی پێدەکەن، یان ڕەخنەی لێدەگرن. ئەوەنییە پێغەمبەری ئیسلامیش ڕەخنەی لێگیراوەو سووکایەتی پێکراوە لەلایەن دوژمنە کافرەکانییەوە.

ئەو خاڵە سەردەکێشێت بۆ خاڵی گرنگتر وترسناکتر، گەر من و گروپەکەم جێگرەوەی پێغەمبەر وهاوەڵان بین. ئایدیۆلۆژیاکەشم ئیسلامی ڕاستەقینە بێت و تاکە خوێندنەوەی ڕاستەقینەی ئایین بێت؟ کەواتە ناحەزو دوژمنەکانی ئێمە کێن؟ بۆچی دژایەتیمان دەکـەن؟، ئاخر هەر ڕەخنەیەك بۆ ئەو ئایدیاکەی لە دژایەتی ئایینەوە دەبێت! وەڵامەکە دیارە! لەبەرئەوەی دوژمنانی خوا چاویان بەنوری خودا کوێر دەبێت! کاتێکیش ئێمە نوری خودامان تێدا هەڵگیراوە ئیدی ئەوان بەبینینی ئێمە کوێر دەبن، بۆیە کاتێك هـەوڵـدەدەن ئێمە لەناو بـەرن لەڕاستیدا ئەوان دەیانەوەێ نوری خودا بکوژێننەوە.

10-دابڕان لە جڤات

کاتێك ئەندامانی ئیسلامی سیاسی دەگەنە ئەو بڕوایەی، ئیدی ئەوان بژاردەی خودایین و بان کۆمەڵ وبان خەڵکن، بۆئەوەی پارێزگاری لە پاکیزەیی خۆیان بکەن و بە چڵکاوی جەهالەت پیس نەبن وبەو ژینگەیە ئالوودە نەبن، دەبێت ئەوان ئیدی دابڕانێك لە نێوان خۆیان وخەڵکدا دروستبکەن. ئەودابڕانە چەند جۆرێکە:

أ-دابڕانی جەستەیی.

ب-دابڕانی ڕوحی و مەعنەوەی.

ت-دابڕانی مەعریفی.

أ-دابڕانی جەستەیی: لەیەکەمیاندا کەسی ئیسلامی، کە تووندترین حاڵەتیانە دەگاتە ئەو قەناعەتەی، کە ئیدی ژیان لە ناو کۆمەڵگەی جاهیلیدا کوفرو ئیلحادو فەسادی لێدەکەوێتەوە، ئیدی بڕیاردەدات، کە دەبێت دابڕانێك لە نێوان دەستەی ئیماندار ودەستەی بێئیماندا دروستبێت، یەکەم کەسێك بانگەشەی بۆ ئـەوە کرد. بیرمەندی ئیخوان سەید قوتب بوو، پاشا خۆی مصگفی شکری دامەزرێنەری گروپی (تکفیر وهجرە) بیرۆکەکانی قوتبی پیادەکرد، کاتێك کۆمەڵێکی لە ئیخوان جیاکردەوەو لەبیابانەکانی میسردا گروپی تەکفیر و هجرە، یان دوور لەژیان مەدەنی دامەزراندو خۆیان ناونا (جماعه المسلمین)، ئیدی غەیری خۆیان مورتەدو جاهیلی و کافر بوون.

ب-دابـڕانـی ڕوحـی: لـەم حاڵەتەدا بـاوەڕدار هەر لەناو جڤاتدا دەژی، بەڵام بەهەست ونەستی خۆی بەربەستێك لەنێوان خۆی وکۆمەڵگەدا دروستدەکات، بەشێوەیەك تەنیا وەك قـاڵـب وەك جەستە لەناو کۆمەڵگەدایە، دەنا وەك هەست و نەست تەواو دابڕاوەو هەموو داب ونەریت وژیانی

کۆمەڵایەتی رەتدەکاتەوە و بە جاهیلی دەزانێت، ئەو تێکەڵی خەڵك ناکات، مەگەر بۆ زەرورەت نەبێت، وەك چۆن بۆ زەرورەت گۆشتی بەراز حەڵاڵ دەبێت، تێکەڵبوونی خەڵکیش بەهەمان شێوە دەبینێت.

ج- دابڕانی مەعریفی: لێرەدا ئەندام بەهیچ شێوەیەك ئامادەنییە یەك پیت لە فەرهەنگی غەیری ئەو فەرهەنگە بخوێنێتەوە، یان ببیستێت کە گروپەکەی بۆی دیاریدەکات، تەنانەت ئەگەر ئەو نوسراوە ئایینیش بێت، بۆنمونە بابای ئیخوانی ئامادەنییە کتێبی سەلەفییەکان بخوێنێتەوە. بەهەمانشێوە کابرای سەلەفی نوسراوە ئیخوانیەکان بە بیدعەو گومڕایی دەبینێت، ئەمما کتێبی فەلسەفی، یان بەرهەمە مرۆییەکانی تر بەگشتی، ئەوە شتێکە لە فەرهەنگی ئەواندا هەر کوفرێکە نابێت بخوێنرێتەوە.

11-جیهاد

چەمکی جیهاد لە کەلتووری ئیسلامیدا پێگەیەکی دیاری هەیە، ئەو جیهادەش دژ بە دوژمنانی دەرەکی دەکرێت بۆ دوو مەبەست: یەکەمیان فراوانکردنی سنووری کانەوپێی دەوترێت (جهاد الطلب) دووەمیان بۆ پاراستنی سنووری کانە لە هەر هێرشێکی دەرەکی کە پێیدەوترێت (جهاد الدفع). مەرجی جیهاد کردنیش ئەوەیە، کە دەبێت دەسەڵاتی شەرعیی وڵات فەرمانی پێبدات، دوو سیفەت ونـدەکـات: واتە تەنیا لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە، کە جیهاد رابگەیەنێت، یان ڕایوەستینێت بەپێی تواناو بارودۆخ، واتە جیهاد ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی دوو ستراتیژی دیاریکراو، بەڵام کاتێك جیهاد دەبێتە ئامانج و لەدەستی حکومەتەوە دێتە دەستی گروپـەوە، ئیدی لێرەدا دەبێتە ئامرازێکی ترسناك بۆ تیرۆر، واتە لە پرۆسەیەکی پرۆفیشناڵ وفەرمیەوە دەبێتە گەمەی ئەهلی زەوق و ئارەزووبازی.

بە تێڕامان لە یەکەم دەقی ئیسلامی سیاسی لەسەر جیهاد، کە پێشەوای ئیخوان موسلیمین، حەسەن بەننا نوسیوێتی بۆمان دەردەکەوێت، کە چییتر جیهاد:

1-لەئامرازێکەوە دەبێتە ئامانجێکی هەمیشەیی.

2- لەدەستی دەسەڵات دەردێت و دەکەوێتە دەست گروپ.

3-چەکی جیهاد لەبری ئەوەی ڕووی لەدەرەوە بیت پێش ئەوە ڕوودەکاتە ناو وڵاتانی موسوڵمان.

ئەم سێ خاڵە بە تەمومژاوی لای بەننا دەردەکەوێت، بەڵام کاتێك دێینە لای سید قوتب وسعید حوی بەڕاشکاوی ئەو خاڵانە باسدەکەن. هەرچەند بەننا وەك کردەوە پراکتیزەی کردووە بە دامەزراندنی ڕێکخستنی تایبەتی چەکدار، تیرۆرکردنی چەندین کەسایەتی میسری، جولەکە، ئینگلیز و بەشداریکردن لەجەنگی فەلەستیندا لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت.

چەمکی جیهاد لەسەردەستی ئیخواندا،



Moses

پاشان گروپه چەکدارەکان لەوە دەرچوو، کە ئەوکاتە زانایانی ئیسلام پێناسیان دەکرد، بەڵکو چەمکەکە لەمانای (خـروج) بەمانا فیقهیەکەی نزیك بۆوە، بە چەمکی تازەی جیهانیش یەکسان کرا بە (تیرۆر) وتۆقاندن.

ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسی لێوان لێو کرا لەباسی جیهاد و چاکەی جیهاد، بەڵام ئەم ئەدەبیاتە پێی نەوتین جیهاد دژی کێ، کاتێکیش گروپێکی لاوان بارگاوی دەکەیت، بەماناکانی جیهاد (یـان توندو تیژی) و بواریك نابێت بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو بارگە پڕ حەماسەتە، بێگومان هەر لەشوێنێکدا ئەو بارگەیە دەتەقێنرێتەوە. گەر بڵێین بۆ نموونە ئیمامی بەننا باوەڕی بە تەقاندنەوەو تیرۆر وتوندو تیژی نەبووە دژ بە دەسەڵات و خەڵك، بەڵام کاتێك ئەدەبیاتی ئیخوان لێوانلێو دەبێت لەو چەمکانە، کاتێك هەر بەننا خۆی دەیان هەزار گەنج، لە رێگەی (دیدەوانی) و ریکخستنی تایبەتەوە مەشقپێدەکات و گیانی سەبازی جیهادیان تێدا دەخوڵقێنێت، ئـەو هەموو بڕگە توندوتیژییە لەکوێدا دەتەقێتەوە، بێگومان گـەر دوژمنێکی دەرەکی نەبێت لە ناوخۆدا سەدان بیانوو دەبێت بۆ تەقاندنەوە.

12-تـەکـفـیـری دەســـەڵات دەروازەی گەورەی تیرۆر:

گەورەترین دەروازەی تیرۆر (بەناوی جیهادەوە) تەکفیری دەسەڵاتی سیاسییە، لـە چەندین ســەدەی پـێـشـوودا، کەسێك تەکفیری دەسەڵاتی نەکردووە بۆ جیهادکردن لـــەدژی، بـــەڵام لەسەر دەستی ئیخواندا، بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی بەگشتی ئەو چەمکە سەرهەڵدەدات. چەمکی تەکفیری دەســەڵات لەپێشدا لەسەر دەستی محمد کوڕی عبدالوهاب دامەزرێنەری وەهابیزم لە نیوە دورگەی عەرەب سەرهەڵدەدات و پاش دامەزراندنی دەوڵەتی سعودی لەسەر بنچینەکانی ئەو مەزهەبە ئیدی لە رێگەی پیترۆدۆلارەوە بڵاودەبێتەوە بەدنیای ئیسلامدا.

ئـیـخـوان مـوسـلـیـمـیـن لـەو دەروازەیەوە چەمکی تەکفیر دێتە ناویان.

سەرچاوەی دووەمی تەکفیر بریتییە لە بیرمەندی تونڕەوی هیندی (ابو الاعلی المودودی) کە لە رێگەی خامە تیژەکەی سەید قوتبەوە دەروازەیەکی فراوانی بۆ کرایەوە، تا کار لە عەقڵی ئیخوانیدا بکات و تەکفیربکاتە کاڵایەکی رەواجدار بۆ تونڕەوی.

ئەرگیومێنتی ئیسلامی سیاسی لەم بارەیەوە بەم شێوەیە دەبێت:

ئـەوەی حوکم بەشەرع نەکات، بەپیی دەقی قورئان کافرە (و من لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الکافرون)، دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ حوکم بەشەریعەت ناکەن.

کەواتە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ کافرن.

ئەرکی موسوڵمان بەرامبەر دەسەڵاتی کـافـر چـیـیـە؟ دەبـێـت جـیـهـاد لـــەدژی رابگەیەنیت و لێی دابڕێت، تاکو خودا سەرت دەخـات؟ باشترین سەرچاوەیەکی ئیخوان بۆ روونکردنەوەی ئەم چەمکە بەڕوونی دوو بەرهەمی گرنگن (معالم فی الطریق) کە سەید قوتب نوسیوێتی، پاش ئەویش (جندالله ثقافه واخلاقا) کە سعید حوی نوسیوێتی، لەوێدا بەتەوای ئەو چەمکانە روونکراونەتەوە، زۆر بەڕوونی.

لای حەسەن بەننا ئەو چەمکە زۆر ڕوون نییە، وەك زۆربەی چەمکەکانی تر کە بەننا بەئاشکرا دەریان نابڕێت.

ئیخوان لەسوریا بەکردەیی ئیعلانی جیهادیان دژ بەدەسەڵاتەکەی ئەسەد لە ساڵی 1980 دا راگەیەند و دەیـان هەزار لەوێدا بوونە قوربانی، لە میسریش گروپە جیهادیەکان هەڵهێنراوی هێلانەی ئیخوان بـــوون، ئـــەوەش ئاشکرایە، نوسینەکانی قوتب باشترین سەرچاوەی هەموو گرووپە جیهادییەکانە، تەنانەت یەکەم گروپی تەکفیری جیهادی، زۆرینەیان قوتابی قوتب خۆی بوون. چەمکی تەکفیر لای قوتب و حوی لەوێدا نەوەستا، بەڵکو گواستیەوە بۆ کۆمەڵگە، هەر کۆمەڵگەیەك رازی بێت بەحوکمی کافر ئەو کۆمەڵەش هەر کافرن، هەر بۆیە حەوا بەئاشکرا هەموو کۆمەڵگە موسوڵماننشینەکان بەمورتەد ناو دەبات وقوتبیش باوەڕیوایە کۆمەڵگەی ئیسلامی سەدان ساڵە نەماوە لە ئەرزی واقیعدا.

کاتێك گەنجێك وا پەروەردە دەکریت، کە هەرچی دەوروبەرێتی کافرە حوکمی کافریش کوشتنە، یـان گـەردەســەڵاتـت نەبوو دەبێت ببیوغزێنیت و رقت لیبێت، هەرکاتێك دەسەڵاتت بو دەبێت بیکوژیت. ئـەو پـــــەروەردەی تەکفیرە تـۆ بڵێیت مرۆڤێکی مەدەنی وئاسای و کۆمەڵایەتی پەروەردەبکات.؟ بێگومان نەخێر! بەڵکو کەسێکی مەسکون بـەڕق وتـۆڵـەو گرێی دەروونی و تیرۆر پێدەگەیەنێت، کە هەموو ساتێك ئامادەیە بۆ کوشتن و خۆکوشتن.

لەراستیدا پرسی حاکمیەت و تەکفیر تـەواو پێکەوە گـرێـدراون، وەك دووڕووی دراوێك، هەر کەسێك مەسەلەی حاکمیەت بەوشێوەیە تێبگات، کە گروپەکانی ئیسلامی سیاسی 'بەتایبەت مەودودی وقوتب وجوند گـەراکـانـی ئـەم ســـەردەم و سەلەفیەت' باسیدەکەن، ئیدی وەك بەڵگەنەویست دیوی ئەودیوی نەستی ئەو کەسە تەکفیرکاردنی دەسەڵات وجڤاتە، ئەوەی سەیرە هەندێك جار ئەو کەسەخۆی هەست بەوەناکات، کە عەقڵیەتی تەکفیری هەڵگرتووە، گەر وای پێبڵێیت، دوورنییە دادگات لێبگرێت، وەك ئەو

نەخۆشە دەروونیەی کەنازانێت نەخۆشە، کاتیکیش پزیشك نەخۆشیەکەی دەستنیشاندەکات، کەچی ئەو جنێو بەپزیشکەکەی دەدات و پزیشکەکەی بەنەخۆش دەزانێت!

لەبەرئەوە هەرتاکێکی بارگاوی بە فەرهەنگی ئیسلامی سیاسی، بێ دوودڵی هەڵگری ڤایرۆسی تەکفیرە بزانێت، یان نەزانێت، ئەو راستییەش لەکاتێکدا دەردەکەوێت کە ئەو کەسە ئیستیفزاز بکرێت، یان لەحاڵەتی هەژانی وێژدانیدا لە نیو دەستەو تاقمی خۆیدا دەریدەبڕێت. لەڕاستیدا فەرهەنگی تەکفیر وەك نەخۆشیەکی عەیبدار ئیستا لای کەسی ئیسلامگەرا دەشارێتەوە، وەك هەر ئایدیایەکی کەمایەتییە مەزهەبی ئایینیەکانی تر، وەك جۆن شیعە زۆر فەرهەنگی خۆیان دەرناخەن لەبەردەم سوننەو دنیای دەرەوەی خۆیان، بەهەمان شێوە تاکی ئیسلامگەرا، بەتایبەت ئەوانەی حەز دەکەن وەك کەسانی مەدەنی دەربکەون بە چەندین دەمامك ئەو روە تەکفیریەی خۆیان دادەپۆشن، تاکو دزێوییەکانیان دەرنەکەوێت.

ئەڵبەت ئەمە تانە نییە بۆ کەسی ئیسلامگەرا، بەڵکو دەستنیشانکردنی قەیرانێکی قووڵە لەو فەرهەنگەدا کەدەبێت چارەسەربکرێت.

گومانیشی تێدا نییە، هەڵگری بیری تەکفیر و حاکمیەت لەدیوێکی تـرەوە هەڵگری ڤایرۆسی تیرۆرە، هەرچەند خۆی هەستی پێناکات، بەڵام هەڵگری ئەو فەرهەنگە لەوانەیە خۆی نەبێتە تیرۆریست لە رووی پراکتیزەکردنەوە، بەڵام دەبێتە هەڵگرو گوێزەرەوەی ئەو ڤایرۆسە.

کەواتە گرفتەکە لەوەدا نییە، کە ئەو کەسە خۆی دەبێتە تیرۆریست یان نا! بەڵکو لەوانەیە خۆی زۆر هەستناسك بێت و نەتوانێت پەلەوەریش سەربڕێت، بەڵکو گرفتەکە لە هەڵگرتن و بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسەکەیەو گەیاندنێتی بەکەسانێك، کە ئامادەییان تێدایە بۆ بەپراکتیزەکردنی فەرهەنگی تیرۆریزم.

لێرەوە بۆمان روونەدەبێتەوە، کە گرفتی دنیا لەگەڵ ئیسلامی میانڕەودا ئەوە نییە، کەخۆیان چەك هەڵبگرن یان نا! ئەوە کارێکی گرنگ نییە، بەڵکو گرفتی دنیا لەوێدایە، کە ئەوان لەڕێگەی شەرعاندن و بەمەدەنکیکردنی رەفتارەکانی خۆیان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژیـانـدا بـەو شێوەیە دەبنە بـڵاوکـەرەوەی ئەو ڤایرۆسەو کەسێکیس ناتوانێت رێـگـەیـان لێبگرێت، چونکە کـاری تیرۆریان ئەنجامنەداوە. بەمانایەکی تر گرفتەکە لەوەدایە، ئەوان چەك هەڵناگرن و بەئاشکرا رووی خۆیان دەرنـاخـەن، مەگەر لەڕێگەی چەندین توێژینەوەی وردی مەعریفی و لێکۆڵینەوەی سیاسی وهەواڵگیریەوە ئەو راستییانە دەربکەون.

بەشی سێهەم:
بەتیرۆرکردن و بڵاوکردنەوەی پەتای تیرۆر

ئیسلامی سیاسی هـەوڵـدەدات فـەزای گشتی بـارگـاوی بکات بـە پـەتـای تـیـرۆر، واتـە جڤات ئامادەبکات کە روحـی تیرۆر وەبگرێت و وەك بەڵگەنەویستی ئایینی لێی بڕوانێت. ئەوەش لە مەترسیدارترین ستراتیژیەکانی ئەو فەرهەنگەیە. ئەو هەوڵدەدات لە چەندین رێگەوە ئەو کارە بکات، ئەڵبەت لێرە مەبەست لە ئامادەکردنی تاکی تیرۆریست نییە، بەڵکو مەبەستم لە سازکردنی زەمینەیەکی جڤاتیە بۆ بەئاسایی وەرگرتنی روحی تیرۆرو ناساندنی تیرۆر وەك ئـەوەی ئەرکێکی ئیسلامی بێت، فەرمانی خودا بێت. ئەو میکانیزمانەی ئەو کارانەی پێئەنجامدەدرێت:

1-بانگەواز

2-راگەیاندن

3-کاری خێرخوازی

1-بانگەواز ئەویش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

یەکەم: بانگەوازی گشتی

لەماوەی هەشتاساڵی رابـوردووداو، کە خەڵك و دەسـەڵات بێئاگابوون لە مینبەرەکان، بانگەوازی ئیسلامی سیاسی زۆر بەهێواشی کـاری کـردووە

دەزگا خێرخوازیەکان لەژێر ناوی فریاکەوتنی هەژاران ولیقەوماواندا کاردەکەن، بەڵام لە راستیدا ئەو دەزگایانە کاری لەوە گرنگ تر ئەنجامدەدەن، واتە مەبەست لەو کارانە پاڵنەرێکی مرۆیی نییە، بەڵکو پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆژیە. دەزگاکان تەنیا کاریان بەهاناوە چوونی هەژارەوە نییە

لەو کەناڵەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی خۆی. خەتیبەکانی مزگەوتەکان و بانگخوازە ئەفەندی و بۆینباخ لە ملەکان، کە دەیان نازناوی ئەکادیمییان هەڵگرتووە، وەک دکتۆرو پرۆفیسۆر، ئەمانە هەمووی یەک قسە یەک میتۆد بەکاردێنن، هەرچەند لە رواڵەتی خۆیان و ئەتەکێتی زمانەوانیدا جیاواز بن، هەر لە جنێوفرۆشەوە بۆ ناسکترین بانگخوازیان. من لێرەدا هەندێک لە ئەرگیومێنتانە باسدەکەم، کە هەموو ئەو خەتیبانەو زاناو ئەکادیمی و بانگخوازانە وەک یەک کاری لەسەر دەکەن و هەمووشیان لەرەگەزەکانی بەرهەمهێنانی تیرۆرن:

أ-زمانی هەڕەشەو ترساندن وتۆقاندنی خەڵک لە هەر شوێنکەوتنێکی غەیری قسەی مەلاکان، چونکە ئەوان کەسانی ڕێپێدراون و دەتوانن بەناوی دینەوە قسەبکەن.

ب-سووکایەتپێکردن و تەشهیرکردن بەهەرکەسێک، پرکێشی ئەوە بکات، بیرکردنەوەیەکی تازە بەرهەمبێنێت، ئەوانە هەوڵدەدەن بە تەواوی درندایەتی نامۆڕاڵییەوە تێکبشکێنن، تاکو خەڵک گوێ بۆ قسەکانی نەگرن. ئەوان سڵناکەنەوە، کە بەئاشکرا بوختان ودرۆ، تەنانەت تۆمەتی شەرەفیش بۆ نەیارانیان دروستبکەن، تاکو تێکیان بشکێنن، بەڵکو ئەوە بە تەواوی خواپەرستی و جیهاد دەزانن، کەبوختان بۆ نەیارەکانیان بکەن چونکە (الحرب خدعه).

پ- تۆمەتی ماسۆنیزم و زایۆنیزم و لەدین دەرچوون و بوون بەپیاوی کافران وچەندین تۆمەتی تر تادەگاتە تۆمەتی ئەخلاقی بۆخێزانیش، ئەگەر کەسێک بەپێچەوانەی ئەوانەوە قسەیکرد.

لەراستیدا ئەم تۆمەتانە لە ڕووی حەقیقەتەوە، هیچ بەهایەکیان نییە، چونکە ئاشکرایە کە بوختانێکی پەتین و کەس ناتوانێت شتێک لەوانە بسەلمێنێت، بەڵام گرفتەکە لەوێدایە کە خەڵکانی بەستەزمان و سادە وادەزانن ئەوانەی قسەیان بۆدەکەن یەکەم زۆر زانان، ئاگایان لەهەموشتێکە لەبەرئەوە لە زانیاریەوە قسەدەکەن، دووەم زۆر لەخواترسن و هەرگیز درۆناکەن، لەکاتێکدا ئەوانەی ئەو تۆمەتانە دەبەخشنەوە هەم نەزانن، هەمیش درۆدەکەن، چونکە هەمو قسەیەک تەنیا وەک تۆمەت دەبخشنەوە و هیچی تر.

ت- دروستکردنی جەنگی وەهمی نێوان ئیسلامی و عەلمانی، ئاگری دۆزەخ داخستن بۆ هەرکەسێک بەشێوەیەکی عەقڵانی بیربکاتەوە.

ج- هاندانی جەماوەری دیندار وبێئاگا دژ بە کەسانی ڕۆشنبیر، یان موخالیف لەگەڵ ئەجیندای ئیسلامی سیاسی و سەلەفیدا. لێرەدا دەبینی کاتێک نوسەرێک شتێک



Lenin

دەنوسێت، هەزاران خەڵك دێننە سەر جادە بەناوی داکۆکێکردن لە ئایین، بەڵام کاتێك داعش هەموو دڕندایەتیەك ئەنجامدەدات کەسێك لەشوێنی خۆی ناجووڵێت، بێگومان ئەمە دەلالەتی گەورەی هەیە، چونکە ئەوان داعش لەگەڵ خۆیان بەهاوسەنگەر دەزانن، هەرچەند لە ڕواڵەتدا قسەی تر دەکەن، بەڵام نوسەرێك کەتەنیا خۆی و قەڵەمەکەیەتی بەگەورەترین دوژمنی خۆیان دەزانن، زۆر بەئاسانی فەتوای کوشتن و ئیرتیدادی دەردەکەن.

دووەم: بانگەوازی تایبەت: بریتییە لەوەی کە ئەندامانی گروپی ئیسلامی هەر کەسێکیان بینی، هەندێك دینداریی تێدابێت، یان کەسێکی داخراو دوورەپەرێز بێت، زۆر بەزووی بەدەوریدا دەسووڕێنەوە، یان لەناو مزگەوتەکاندا هەر گەنجێك، یان مێردمندانێك دێت بۆ خواپەرستی بەو پەڕی باوەڕی پاکییەوە. ئەوان گەمارۆی دەدەن و بەناوی قورئان خوێندن و هاوڕێیەتیەوە بێ ئەوەی بە خۆی بزانیت، بەرەو ئامێزی گروپێك کە هەر ناوی نەبیستوە تلۆری دەکەنەوە، کاتێك بەخۆی دەزانێت ئەو کراوە بە حزبی و ئەندامێکە لە گروپێکی دیاریکراودا، جا لەبەرئەوەی لەزۆربەی کاتدا ئەو گەنجانە کەسانی سادەو کەم تێکەڵاوین لەگەڵ کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوە بەئاسانی ڕاوەدەکرێن و دەکەونە ناو تۆڕی گروپەکانەوە، گیانی برایەتی وگەرمایی خۆشەویستی نێوان ئەندامان و دنیایەکی پڕ سۆزو عاتیفە بەئاسانی گەنجانێك ڕادەکێشێت، کە لە دنیادا هیچیان نەبینیوە.

بانگەوازی تایبەت یەکەم دەرگایە، لەوێوە کەسێك بەرەو تونێلی گروپی ئایدیۆلۆژیای داخراو ڕادەکێشرێت، لەکاتێکدا بانگەوازی گشتی زەمینە سازیدەکات بۆ بەرهەمهێنانی زەینێکی دەستە جەمعیی ئامادە بۆ قبوولکردنی تیرۆر، کە لە دواییدا باسیدەکەین، بەڵام بانگەوازی تایبەت ئەوە هەر ئەو کەسە پەروەردە دەکات، کەئیدی لە دنیای واقیع دەپچڕێنێت، دەیخاتە ناو بازنەیەکی داخراوەوە، کە ئیدی لەچاوی گروپەکەیەوە دنیا دەبینێت، ئامێزی گروپ دەبێتە خێزان و کۆمەڵگەش، هەموو ڕایەڵەکانی پەیوەندیی تاك لەوێدا چڕدەبێتەوە.

2- ڕاگەیاندن: ئیسلامییەکان هەوڵدەدەن تا دوا سنور سوود لەڕاگەیاندن ببینن بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی تیرۆری نەرم، بەرنامەکانی تیڤی و بەکارهێنانی زمانی بازاڕی، کە کەس وەك ئەوان نایزانێت، بەکارهێنانی تۆرەکانی ئینتەرنێت و سوکایەتیکردن بەهەموو کەسیك، یان بیرێك، کە ئەوان بەدڵیان نەبێت لەگرنگترین کارەکانیانە، جنێودان لەسەر شاشەی تیڤی و لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت لای ئەوان زۆر زیاترە، وەك لای ئەو خەڵکەڕەش وڕوتەی، کە هیچ شتێکی لەبارەی پەروەردەی ئیسلامییەوە نەبیستووە. درۆ کردن بوختانکردن زمان پیسی میکانیزمێکی زۆر ئاسایین بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

لەم سەردەمەدا کەس نەیتوانیوە وەك ئیسلامیەکان، سوود لە ڕاگەیاندن ببینێت بۆ ڕاکێشانی خەڵکو زەمینە سازی بۆ تیرۆر، هەر لەو شاشانەوە زۆر بە سادەیی و ئاشکرا ڕێگە بۆ تیرۆر خۆشدەکرێت، کاتێك کابرا جنێو بە هەموشتێك دەدات، حکومەت بەپیاوی خۆڕئاوا ناودەبات، عەلمانیەت ودیموکراسیەت بەکوفرو ئیلحاد ناو دەبات ئازادی فەرمی بە بەرەڵای بێ ئەخلاقی دەشوبهێنێت، دەبێت ئەو وتارە لە تیرۆر زیاتر چی بەرهەمبێنێت.

3- دەزگاکانی خێرخوازی

دەزگا خێرخوازیەکان لەژێر ناوی فریاکەوتنی هەژاران ولیقەوماواندا کاردەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دەزگایانە کاری لەوە گرنگتر ئەنجامدەدەن، واتە مەبەست لەو کارانە پاڵنەرێکی مرۆیی نییە، بەڵکو پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆژیە. دەزگاکان تەنیا کاریان بەهاناوە چوونی هەژارەوە نییە، بەڵکو فریاگوزاری ئامرازێکە بۆ ئامانجێکی تر، کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای ئەو کەسانەی دەزگا خێر خوازیەکان بەڕیوەدەبەن، هەر بۆیە کارەکانی ئەو دەزگایانە لەچەند شتێکدا خۆی دەبینێتەوە .

-یان دروستکردنی مزگەوتە، کە لەزۆربەی حاڵەتدا مەلاو خەتیبی خۆیان لەو شوێنانەدا دادەمەزرێنن.

-یان بەخێوکردنی بێباوکان و لێقەوماوانە، لێرەشدا بە مەرجی دەگرن، کە دەبێت ئەو کەسەی مووچەی دەدەنێ لای خۆیان دەرس بخوێنێت و خۆی و خێزانەکەشی پەروەردەیەکی ئیسلامی بکرێن.

- کاری نهێنی ئەو دەزگایانەش، هاوکاریکردنی ڕەوتەئیسلامییەکان، تەنانەت تیرۆریستیەکانیشە، ئەو ڕستەیەش لەچەندین ڕاپۆرتی هەواڵگری ئەمریکی وڵاتانی تردا پشتڕاستکراوەتەوە. کە لەژێر پەردەی دەزگا خێرخوازیەکانەوە پیتاك دەکرێت بۆ گروپە ئیسلامیەکان وچەکدارەکانیش. ئەوەش لەلایەن چەندین دەزگای هەواڵگری وڵاتانی ئەورووپی و ئیسلامیشەوە ڕاستکراوەتەوە، دوا ڕاپۆرتیان، ئەنجامگیریەکانی لێکۆڵینەوەی حکومەتی بەریتانی بوو سەبارەت بەئیخوان موسلیمین.

دنیایەك پڕ لەدوژمن

ئیسلامی سیاسی وا پێشانی ئەندامانی دەدات، کە دنیا هەمووی دژی ئیسلامە. ئەسڵەن زانست و مەعریفەی وەك داروین، فرۆید، مارکس و هتد.. هەمووی پیلانێکی قیزەونی خۆرئاوان بۆ تەفرەدانی موسوڵمان، ئەو وا پیشانیدەدات، کە هەرچی دنیابینی و فەلسەفەی دنیایە تەنیا بۆ ئەوە بەرهەمهاتووە، کە موسوڵمان لەخشتەبەرێت، لای ئیسلامی سیاسی ئێستاش سەردەمی جەنگی خاچپەرستیی ئیسلام و کوفرە، ئەو هەمیشە حەزدەکات، شەڕەکان بگەڕێنێتەوە بۆ شەڕی ئایینی، لەکاتێکدا دنیا دەمێکە ئادیۆلۆژیا و ئایینی تێپەڕاندووە شەڕی بەرژەوەندی و ئابووری دەکات، بەڵام ئاخر گەر وێنای ململانێکە لای گەنجێکی سادە وا نەکرێت، کە ئەوە جەنگی ئایینییە، ئیدی ئەو گەنجە ئامادەنییە بەشداربێت لەو جەنگەدا، پاشان ئەو حەماسەت و گڕە کڵپەدارە لەهەناوی گەنجێکدا بەپرسی ئابووری و ستراتیژی بەرهەمنایەت، بۆیە دەبێت ئێمە جەنگی دینی لەگەڵ ئەوروپادا وێنابکەین، هەربۆیە وتب وحەواو هاوشێوەکانیان هەمیشە زاراوە ئایینیە میژوویییەکان زیندوو دەکەنەوە، وەك جەنگی خاچپەرستی و جاهیلیەت و جەنگی کفرو ئیمان، ئینجا قەوانی تازەیشیان پرسی ماسۆنیەت و زایۆنیزم، هەرچەند ئەوانەش لای ئەوان تازەنین، بەڵکو هەر جەنگەکانی بنوقریقەو جولەکەکانی تری مەدینەن، شاشەکانی تیڤی هەموو پیشانیاندا چۆن بابی سەلەفی لەتەنیشت سەرۆکی ئەو کاتەی میسر (محمد مورسی) هوتافی دەکێشا (خیبر خیبر یا یهود، جیش محمد سوف یعود) ئەو کەسانە ئاوا لەزیندانی میژوودا گیریان خواردوە، دەرکردنیان جۆرێکە لە مەحاڵ.

رەهەندی ئایینی چەند سودێك دەبەخشێت وەك:

1- رق ئەستووری پشت ئەستور بە رەهەندی ئایینی و پاداشتی خودایی و جیهاد.

2- هۆشیاریەکی درۆیینە بە ئەندام، کە ئەو خاوەنی کێشەیەکی گەردوونی میژوویی ئایینەدییە. ئەو دژی گەورەترین هێزی دنیا دەوەستێتەوە و سەریشدەکەوێت بەسەریدا، چونکە خودای لەپشتە.

3-کاتێکیش ئەو گەنجە داوایلێدەکرێت دژی ئەوروپا بێت، ئیتر ئەو ئامادەیە هەموو خۆتەقاندنەوەیەك بکات لەو دنیایەدا، کە گەورەترین دوژمنانی خودای لێیە.

بیانووە میژوویییەکان بۆ دژایەتیکردنی ئەوروپا دەکرێتە واقیعێك، کە گەنجەکە وادەزانێت دوێنێ رووبداوە، بۆ نموونە کاتێك باسی ئەندەلوس دەکرێت، واباسدەکرێت کە گوایە ئەندەلوس هەر لەئەزەلەوە موسوڵمان بوون و کافرە خاچپەرستەکان هاتوون و داگیریان کردووە؛ لەکاتێدا هەموو دەزانین ئەندەلوس هەر وڵاتێکی ئەوروپی ومەسیحی بووە و موسوڵمانان چۆن داگیریانکردووە، ئیستا ئەمان خۆیان بە ستەملێکراو دەزانن، کە ئەندەلوس کراوە بەئیسپانیاو پیویستە جارێکی تر ئازادبکرێتەوە لەچنگی دوژمنانی خودا!

هەروەها جەنگی خاچپەرستەکان، پاشان روخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و بەشبەشکردنی دنیای ئیسلام. ئەمانە هەمووی بیانووەکانی ئیسلامی سیاسین بۆ چاندنی تۆوەکانی رق کە لەدواییدا باسی دەکەم.

ئەوان لێرەوە هەموو تاوانەکان دەخەنەپاڵ دوژمنانی ئیسلام! ئەو دوژمنە هەموو تاوانەکانی ئێستاو میژووی لەگەردنە، هەر لە کوشتنی عوسمانی کۆری عەفان، کە خەلیفەی سێهەمی ئیسلام بوو بەدەستی موسوڵمانان کوژرا، تاکو روخانی سەڵتەنەتی عوسمانی، تا ئەم ساتەوەختەش هەموو دنیا دژ بەئیسلام پیلاندەگێڕێت!.

ئەم هەموو پیلانگێڕیە، کە دەوترێت دوو حاڵەتی تێدا دەخوێندرێتەوە:

-خۆشاردنەوە لەو بەرپرسیارێتیە میژوویییە، کە دەکەوێتە سەرشانی ئیسلام خۆی و موسوڵمانان بەگشتی.

-ئاگربەردان لەدڵی کەسانی تازە پێگەیشتوو دژ بەدوژمنانی ئیسلام، کە بریتین لە جوولەکەو گاور!

بەڵام پرسەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو دیوێکی تر دێتە کایەوە، ئەویش ئەوەیە هەرکەسێك لەگەڵ ئەجێندای ئەواندا نەبێت، ئەوە مانای وایە نۆکەر وچڵکاو خۆری دوژمنە -واتە جولەکەو گاورەکان- هەر کەسێکیش ببێتە نۆکەری ئەوان لە راستیدا لەوان مەترسیدارترە، چونکە هەمیشە دوژمنی ناوخۆیی کەبەزمانی خۆمان قسەدەکات و بەرگی خۆمان دەپۆشێت مەترسی زیاترە وەك لەدوژمنی بەرامبەر.

لێرەوە ئیدی هەموو کەسانی تر دەکەنە ئامانجی ئیسلامی و شایستەی مردن، هەرکاتێك دەسەڵاتمان هەبوو. زۆرینەی رۆشنبیران لێرەوە دەکرێنە ماسۆنی، یان هەر ناویکی تر تاکو تیرۆربکرێن مەعنەوی بێت، یان جەستەیی!

سازدانی جڤات بۆ پەسەندکردنی تیرۆر

هەنگاوی دووەمی ئیسلامی سیاسی، کارکردنە لەسەر کۆمەڵگە، چۆن کۆمەڵگە ببێتە کائینێکی بێدەنگ لە بەرامبەر تیرۆردا.

-1بێدەنگکردنی ناڕازییەکان بەترسی جەستەیی، یان ئیعتیباری لەکۆمەڵگەدا.

ئیسلامیەکان گەورترین کـاری تیرۆریستی لەم بـوارەدا ئەنجامدەدەن، ئەسڵەن لەم بوارەدا ئەوانەی خۆیان ناو دەنێن میانڕەو (نەرمڕەوەکان) زۆر مەترسیدارترن لە تونڕەوەکان کە تیرۆری ڕەق بەکاردێنن.

ئـەوان چەندین میکانیزم بـۆ تیرۆرکردنی کەسایەتییەکان بەکاردێنن، هـەر لە شـاڵاوی شەخسییەوە بۆ خێزان و منداڵەکانیان بۆ هەموو ڕایەڵە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوکەسە، بە تەکفیرکردن و ناوهێنانی بە مورتەد و لە ئایین دەرچوو، گەر ئەمانە سودی نەبوو، ئینجا هەوڵدەدەن پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بپسێنن، بێجگە لەوەی خۆیان دابڕانی لەگەڵ مومارەسەدەکەن، هەوڵدەدەن فشاری بخەنەسەر لە ڕێگەی دابڕینی لە کەسوکار و خێزان، هەموو ئەوانەی لە دەوری ئەون، ئەوان کەسوکارەکەی لێ هاندەدەن، تا بیدەنگی بکەن، دەنا چۆن دەبێت بێدینێك لەناو ئەواندا جیگەی بێتەوە، ئاخر نەنگییە لەسیستمی داخراودا لەناو خێڵدا دەنگێکی تر هەبێت، غەیری دەنگی خێڵ، کە بە نیفاقی ئایینی داپۆشراوە، ئەگەر هەر سوودی نەبوو ئەوە، ئیتر وا لە کەسوکارە نزیکەکانی دەکەن، کە ئیدی ئەو کەسە لەناو خۆیاندا دەربکەن، وەك گەڕکراوێك مامەڵەی لەگەڵبکەن.

میکانیزمی دووەمیان ئەوە لە ڕێگەی ترساندنی بەتیرۆری جەستییەوە لەلایەن کەسانێکەوە، کە ئەمان لێی بەرپرس نین وەك (گورگی هار) پەلاماری بدەن لەشوێنێکدا،

ئەوان ئەو سیناریۆیە دادەنێن:

-بـرا ئێمە لەبەر خۆتمانە خۆشمان دەوێیت، نامانەوێت ئازارت پێبگات، ئێمە لە تۆ تێدەگەین و دەزانـین مەبەستت چاکسازییە و زۆربـەی قسەکانیشت ڕاستن، بەڵام خەڵکی بێ مێشك زۆرن، کە لەو قسانە تێناگەن، بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ کەس لەشوێنێکدا، یان خۆت یان کەسێکت تیرۆر دەکەن.

ئیدی ئـەوان لـێرەوە هـەوڵـدەدەن، هەموو کارتەکان تێکەڵ بکەن، هیچ مانایەك بۆ کەسێکی تر نەهێڵنەوە، تەنیا خۆیان خاوەنی دەنگی بەرزو قیرەی درێژبن.

2-بڵاوکردنەوەی ماناکانی تیرۆر لەگەڵ مانا ئایینیەکاندا

ئیسلامیەکان هەوڵدەدەن بەتێکەڵکردنی مانا تیرۆریستییەکان لەگەڵ مانا دینییە ڕەسەنەکاندا، هەموو کارتەکان بشێوێنن بەسەر یەکتردا، لێرەوە تیرۆریش لەگەڵ مانائایینیەکاندا بخەنە زەینی دینداڕەکانەوە و بەئەسڵی ئیسلامی تێبگەن. ئەمە گەمەیەکی تـری خـەتـەڕەو لەوێوە ئیدی خەڵك لەترسی کافر نەبوون و بێدینی بەناچاری ئەو چەمکە تیرۆریسەتییە، وەك ئەسڵی ئایین وەردەگرێت، بانگخوازیان خەتیب لە گەرمەی باسی قیامەت و ترسەکانی دۆزەخ، خۆشیەکانی بەهەشتدا دێتە سەرباسی جیهاد، هەرچی تیرۆرە بەجیهاد لەقەڵەمدەدات و هـاواردەکـات، ئەگەر کەسێك ئیمانی بەم جیهادەنەبێت لەئەهلی ئەو دۆزەخەیە کەباسمکردو لە خۆشییەکانی ئەو بەهەشتەش مەحرووەمە، کە ڕووڕمکردەوە. لێرەدا دەبینین چۆن چەمکی تیرۆر گرێدەدرێت بەچەمکە ئەسڵییەکانی ئایینەوە، بە غەیبانیەتەکانی ئایینەوە، هەربۆیە دەبیستیت لەکابرای عەوام دەڵێت گەر ئەوە ئایین بێت ئیتر من ئیمانم پێیەتی ولەدژی قسەناکەم. لە ڕاستیدا گشتاندنی ماناکان لای ئیسلامی سیاسی بەگشتی لەناو کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکاندا زۆر لەوە سادەترە کە تەسەور دەکرێت، چونکە عەوامی خەڵك هەر لەسەرەتاوە تەسلیم بـووە بـەوەی، هەرچی خودا دەیڵێت هەقەو ڕاستە، کاتێکیش بانگخوازێك، یان خەتیبێك بەناوی خـوداوە وەك نوێبەری خودا قسەی بۆدەکات، ئیدی ئەو بەتەواوی چـۆکـادادەدات و وادەزانێت بە گوێڕایەڵیکردنی خەتیب، یان بانگخواز خودا لەخۆی ڕازی دەکات.

3-بەرزکردنەوەی دروشمەکانی ئیسلام تاکو بـەرامـبـەر بخەنە ژێـر گـومـانـەوە و جڤاتیش بخەڵەتێنن.

هەمیشە ئەو گەلانەی لەژێر دەستی سیستمە تۆتالیتارەکاندا پەروەردەدەکرێن، ئیدی تیرۆرلایان دەبێتە حاڵەتی سروشتیی ژیان، بۆ نموونە گەلی عێراق، کە چەند نەوەیەك لەژێر دەستی حوکمی تیرۆریستانەی بەعسدا بووە، ئێسستاش ناتوانیت لەو گیانە شەڕخوازییە ڕزگاری بێت، کە لەو ڕژێمەدا وەریگرتووە

ستراتیژیەتێکی تری ئیسلامی قۆرخکردنی دروشمەکانی ئیسلامە بۆ خۆیان و بەکارهێنانیەتی بەشێوەیەکی زۆر دیماگۆگیانە چ لە هەڵبژاردندا، یان لە کاری تیرۆری رەقدا، دروشمی (ئیسلام چارەسەرە) کە ئیخوان لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاریاندەهێنا، هیچی کەمتر نییە لەو تیرۆریستەی، لەکاتی سەربڕیندا تەکبیردەکات، هەردووکیان دروشمە ئایینیەکان بۆ مەبەستی خۆیان

دەقۆزنەوە. ئاخر کاتێ بەرامبەر خاوەنی ئیسلام بێت، کەواتە بەرامبەرەکەی تر لە ئیسلام دادەماڵێت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک، کەچی لەلایەکی ترەوە میانڕەوەکان هەمان پرەنسیپەکانی عەلمانیەت دووبارەدەکەنەوە، بەڵام بەو مانایەی خۆیان دەیانەوێت کە دوایی باسیدەکەین.

4-بەجەماوەریکردنی چەمکەکانی ئیسلامی سیاسی وەک چەمکێکی ئایینی حاشا هەڵنەگر:

ئیسلامی سیاسی هەڵگری کۆمەڵێك چەمکی تایبەت بەخۆیەتی، کە پێداویستیەکانی سەردەم و کاری سیاسی فەرزیان کردووە بەسەریدا، بەڵام ئەو دێت ئەو مانایە بەرگی ئایینیی حاشاهەڵنەگریان دەکاتە بەرو بەخەڵکی دەفرۆشنەوە. بەجەماوەریکردنی چەمکەکانیش مانای ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵگەو چەمکەکانی هەڵگری ڤایرۆسی تیرۆرە، بۆ نمونە کاتێك ئەو دەیەوێت لە ڕێگەی حزبێکەوە دەستیبگات بەدەسەڵات، دێتو بەرگی ئایینی دەکاتە بەر ئەو تەماحە ئاشکرایەو وەك پێداویستیەکی حاشاهەڵنەگری ئایینی دەیخاتە بەردەمان، ئەو پێمان دەڵێت بۆیە دەچێتە پەرلەمان تاکوو ڕێگە لە بێ ئەخلاقی بگرێت، بەڵام پێماننالێت ئەی ئەوکاتەی سەربازەکانی ئەو لە پەرلەماندا نەبوون چەند یاسای بێ ئەخلاقی دەرچووە. ئە ودێت و پێماندەڵێت دروستکردنی حزب لەپێناوی خوادا فەرزێکە، ئەوەتا خودا دەڵێت (الا ان حزب الله هم الغالبون) ئیتر ئێمە حزبی خوداین، هەر خۆیشی سەرماندەخات.

زۆرجار لەم پرۆسەی بەجەماوەریکردنەدا ،هێزە مەدەنیەکانیش بەشدارن بێئەوەی بیانەویت، ئەوان بە خۆ تەریککردن و دابڕاندن لە کۆمەڵگە، ستایلی ئاخاوتنی کۆمەڵگە و پچڕان لە خەون وخەیاڵگەی جڤات، وایانکردووە کە قسەکانی ئیسلامی سیاسی، ئەگەر بەڕواڵەتیش بێت جۆرێك لە ڕاستی وەربگرن، کاتێك کەسایەتیەك کەخۆی بەعەلمانی دەزانێت ودێت وەك کەسێکی ئەوروپی دەدوێت، یان دەیەوێت هەمان مۆدێلی ژیانی ئەوروپی لە ژینگەیەکی پارێزکار کۆنسەرڤایتیڤدا کۆپی بکات، بێگومان دەبێتە هۆی هەڵچواندنی دەورو بەرو خەڵکەکە بەگشتی. لێرەدا ماش (ئاپۆڕا) جیاوازی ناکەن لە نێوان ستایلی ژیان و فیکردا، ئەوان وای دەخوێننەوە، کە ئەو ڕەوتەی ئەم کەسایەتییە نمایندەیەتی داوای بێ ئەخلاقی دەکات، دەیەوێت خەڵك لە ئەخلاق و ئایین دەربکات، ئەو بابەتەش لای خەڵکە گشتیەکە وەك مانای مەرگ و ژیان دەگەیەنێت. ئاپۆڕا ئامادەیی ئەوەی تێدانییە لەسەر پرسی مۆراڵ قسەبکات، ئەوەش زەبرێکی کوشندەی داوە لەهەر بیرێکی کراوە و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی جڤات. لەلایەکی ترەوە هێزە مەدەنییەکان بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن ئیسلامگەراکانیان کردۆتە پاسەوانی شەرع، ئایین و کەلتور و بەهاکانی جەماوەر، خۆشیان خستۆتە بەرامبەر ئەو بەهایانە، ئەمەش وایکردووە ئیسلامیەکان تاپۆی ئیسلام و ڕەوشتی خەڵك لەسەر خۆیان مۆربکەن و بەرامبەرەکانیان بە دژەئایین و دژە ئەخلاق مۆربکەن.

5-بێمانا کردنی چەمکە مرۆییەکان و پڕکردنەوەی قاڵبی وشەکان بەمانای ئایدیۆلۆژی، وەك نیشتیمانپەروەری نەتەوە گەرایی، ئازادی ماف:

ئیسلامی سیاسی هەوڵدەدات چەمکە مرۆییەکان بێنێت و لەماناکانی خۆی بەتاڵی بکاتەوە و مانای تری تێدابەکاربێنێت، ئەوەش

بۆ گەمەکردن بەعەقڵی خەڵك، تێگەیاندنی خەڵك بەوەی کە ئەمان کەسانی شارستانی و رۆشنبیرن، هەر بۆنمووونە چەمکی ئازادی لەدنیای مۆدێرندا، مانایەکی فراوان و گەورەری هەیە کە دەیزانین، بەڵام ئەو دێت و ئەم چەمکە لەهەموو ماناکانی خۆی بەتاڵدەکاتەوە و تەنیا مانایەکی تەسکی دەداتێ، کە خزمەت بە ئایدیاکەی خۆی دەکات، وەك ئەوەی ئازادی بەوە لەقەڵەمدەدات، خەڵك پابەندبن بە ئایدیۆلۆژیاکەی ئەوەوە، ئیتر ئەوە گەورەترین ئازادییە، هەروەها چەمکی مافەکانی مرۆڤ دێنێت و بەو شیوازە دایدەڕێژێتەوە، کە خۆی مەبەستێتی کە لە راستیدا زۆر دوورە لە مانای راستەقینەی چەمکەکانی مافەوە وەك مرۆڤایەتی تێگەیشتووە.

6-بێ ئەخلاقکردنی هەر کەسێك لەگەڵ ئەوان نەبێت، وەك چەمکەکانی عەلمانیەت و مەدەنیەت و ئازادییەکان مافەکانی مرۆڤ.

ئیسلامی سیاسی کارێکی زۆر گەورە لەسەر پرسی ئەخلاق دەکات، ئەمە بەو مانایە نایەت، کە بیەوێت رەوشتە باڵاکان بڵاوبکاتەوە، بەڵکو بەمانای هەوڵدانی بێ ئەخلاقکردنی بەرامبەردێت. ئەو بەئەنقەست هەمیشە چەمکەکانی عەلمانیەت و لیبرالیزم و دیموکراسیەت دەبەستێتەوە بەمانا ئەخلاقیەکانەوە، ئەو مەبەستی لەئەخلاقیش مانا فەلسەفییە مۆراڵیەکەی نییە، تەنانەت مانا ئایینیەکانیشی نییە، وەك راستگۆیی و دەستپاکی وبەهاباڵاکان، بەڵکو تەنیا مەبەستی ئافرەتە و هیچی تر، لەکاتێدا لە هیچ فەلەسەفەیەکدا پرسی سێکس پرسێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو ڕەفتارە (سلوك). ئەو دێت و مانا مۆدێرنەکانی ژیان بە دووشتەوە دەبەستێتەوە:یەکەمیان ئیلحاد و بێدینییە دووەمیان بەرەڵای و دارزانی ئەخلاقە لەکۆمەڵگەدا.

ئەم کارە بۆ ئەوە دەکات، کە مەیدانەکە تەنیا بۆ خۆی چۆڵبێت، خۆی وەك پاسەوانی دڵسۆزی ڕەوشتی کۆمەڵگە پیشانبدات، ئیتر ئەو باسی ئازادی و بیروڕای ئازاد و مافەکانی تری مرۆڤ بەشتێك نازانێت، کە داکۆکیی لێبکات.

کاتێکیش عەوامی خەڵك واتێگەیەنران، کە عەلمانیەت و دیموکراسیەت مانای بەرەڵای و کوفر دەگەیەنن، کەواتە تیرۆرکردنی ئەو کەسانەی هەڵگری ئەو بیروڕایەن کارێکی ڕەواو شەرعییە.

چۆن کۆمەڵگەی تیرۆر بەرهەمدێنێتەوە

پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و گروپ پەیوەندییەکی جەدەلییە، بەتایبەت گروپی خاوەن ئایدیۆلۆژییەکی ئایینی، کاتێك بۆ ماوەیەك نەوەیەك، یان زیاتر ئایدیۆلۆژیایەکی تۆتالیتار، کە کەسی قبوڵ نییە و خۆی بەتەنیا خوێندنەوە فەرزەکات بەسەر جڤاتدا، ئیدی ئەو کۆمەڵگەیە ئیرادەی پەکدەخرێت و تووشی ئیفلیجی دەبێت، ئەو تەنیا ئەوە وەردەگرێت، کە پێی تەڵقین دەدرێت. هەر ئەوەش بەرهەمدێنێتەوە کە وەریدەگرێت.

لەحاڵەتی کۆمەڵگەی ئایینیدا، چەمکە ئایینیەکان بەئاسانی دەکرێنە چەمکێکی غەیبانی وبان گومان وبان موناقەشە. ئیدی ئەو چەمکە و نوێنەرانی ئایدیۆلۆژیا بەرگی پیرۆزییان لەبەردەکرێت و کەسێکیش پرکێشی بکات بۆ خوێندنەوەیەکی عەقڵیانەی ئەو پیرۆزییانە 'تەنیا خوێندنەوەش، 'ئەوکەسە چیتر مرۆڤێکی ئاسایی و پەسەندکراو نییە، بەڵکو مرۆڤێك نییە شایستەی ژیان بێت و خێزان و منداڵی هەبێت، بەکورتی نابێت وەك مرۆڤ سەیر بکرێت. لێرەوە کۆمەڵگە جارێکیتر خۆی تیرۆر بەرهەمدێنێت. بۆنمووونە کاتێك باوکێك لەسەر پرسێکی سادە کچەکەی خۆی دەکوژێت. کۆمەڵگەش بەلایەوە شتێکی ئاساییەو ڕوویداوە، یان دەستخۆشی لە باوکە بکوژەکە دەکەن، ئەوە ئیتر ئەو کۆمەڵگەیە چیتر وەك مرۆڤێکی ئاسایی بیرناکاتەوە، بەڵکو کۆمەڵگەیەکن تیرۆر لە ناخیاندا چەقیوە، یان خێزانێك لەبەرئەوەی کەسێکیان لە بیرو باوەڕی باو فراوانتر بیردەکاتەوە، ئەوان ئامادەییان تێدایە شاربەدەریکەن، یان دابڕانێکی ڕوحی وتەنانەت جەستەییشی بەسەردا بسەپینن، یاخود تەنانەت تیرۆری جەستەیشی بکەن، ئەو کردەوەیەش لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بەپاڵەوانێتی و کارچاکی سەیردەکرێت، چیتر ئەو کۆمەڵگەیە کائینێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ماشێنێکی زەبەلاحی بەرهەمهێنەری تیرۆرە.

لێرەدا تیرۆر، یان ڕوحی تیرۆر دەچێتە قۆناغێکی ترسناکەوە، چونکە لە ڕوحی گروپ فراوانتربووەو بڵاوبۆتەوە بە ڕوحی کۆمەڵگەدا، وەك پەتایەك کاتێك لە نێوان چەندکەسێکدا بڵاودەبێتەوە، گەر زوو بنەبڕنەکرێت تەشەنە دەسەنێت و هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

کاتێکیش ڕوحی تیرۆر نەوەیەك، یان زیاتری بەسەردا تێدەپەڕێت، ئیدی ئەو ڕوحە دەبێتە کەلتووریکی بەڵگە نەویست و ئاسایی، بەڵکو لەو کاتەدا نائاسایی ئەوەیە، کە مرۆڤێك لەسەر تەرزی تیرۆریستی بیرنەکاتەوەو ڕەفتارنەکات.

هەمیشە ئەو گەلانەی لەژێر دەستی سیستمە تۆتالیتارەکاندا پەروەردەدەکرێن، ئیدی تیرۆرلایان دەبێتە حاڵەتی سروشتیی ژیان، بۆ نموونە گەلی عێراق، کە چەند نەوەیەك لەژێر دەستی حوکمی تیرۆریستانەی بەعسدا بووە، ئێستاش ناتوانیت لەو گیانە شەرخوازییە ڕزگاری بێت، کە لەو ڕژێمەدا وەریگرتووە.

بـەڵام ئـەوە هەر حوکمی بەعس نییە گیانی تیرۆری فێرکردووین، بەڵکو کەلتووری ئایینی عێراقییەکان هـەر لـەسـەرەتـاوە کەلتووری پڕ تیرۆربووە، شیعەو سوننە لەماوەی مێژوویی خۆیاندا، هەمیشە گیانی تیرۆریان بەرامبەر یەك بەرهەمهێناوە، هەربۆیە کاتێك سوونییەك دەکـوژرێـت بابای شیعە نەك بەلایەوە ئاساییە، بەڵکو پێیوایە ئـەوە سوننەتێکی خوداییە، کە دەبێت دوژمنەکانی (حوسەین) لەناو ببڕێن، بەوحسابەش کەسوننە تائێستا بە شوێنکەوتەی ئومەویەکان دەزانن 1400ساڵ پێش ئێستا، کەواتە کوشتنی دوژمنانی حسێن تۆڵە سەندنەوەیە بۆ گیانی پاکی حسێن. ئاخر شیعە تائیستاش لەدوعاکانیاندا دەڵێن (نەفرەت لەئوممەتێك بێت، کە خوێنی حسێنیان رشت) مەبەستیان لە سوونەیە، هەروەها گەر نـاوی عمر وعائیشە هات دەبێت بڵێن (لەعنەتی خودایان لێبێت)، بێگومان ئەوانەش کە عمرو عائیشەیان خۆشدەوێت هەر مەلعوونن لای شیعە. لێرەوە دەبینین چۆن کەلتورێکی مەزهەبی لە رێگەی عیبادەت و نزاکردنەوە جارێکیتر مێژوویەکی 1400ساڵە دەژێنێتەوە وەك ئەوەی رووداوەکان لە ئێستادا رووبانداببێت و لەوێشەوە تیرۆر بەرهەمدێنێت. بەهەمان شێوە سوننە! ئەوان کاتێك لەزانستی فیقهیدا شیعە بە (رافـیـزە) و مورتەدێکی خوێن حـەڵاڵ نـاودەبـەن، ئیدی لەم باکگراوندە فیقهییەوە تیرۆر پراکتیزە دەکرێت، بۆیە دەبینین رێکخراوێکی جیهانیی زانایانی سـونـنـە (یـەکـێـتـی زانـایـانـی ئیسلامیی جیهانی)، کە بەحساب رەوتـی ئیخوانی و کـراوەن و هـەزاران زانا لەخۆدەگرێت، بەرامبەر مزگەوتێکی سـووتـاوی سوننە ئەویش ئاگردەگرێت و چەندین بەیاننامە دەردەکات. کەچی بەرامبەر کوشتنی سەدان شیعەو تەقینەوەکانی پاریس و هت د... بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، بەڵکو پشتگیریان دەکـات، چونکە بێدەنگی لەوێدا مانای پشتگیری دەگەیەنێت.

لـەم ئمایەشەی نـێـوان شیعەو سوننە ویستم ئەوە بڵێم، کە چۆن کۆمەڵگە تیرۆر بەرهەمدێنێت بەرامبەر غەیری خۆی؟

لـەراسـتـیـدا ئـــەوە سـەرانـی کۆمەڵگەن"بەتایبەتی زانـایـان و گروپە ئایینییەکان" گیانی تیرۆر دەچێنن لە ناخی خەڵکدا، نەك تەنیا رژێمە ئایدیۆلۆژیەکان. ئەو زانایانەی هەر لەسەرەتاوە مەڵاشووی منداڵان بەترس و تۆقاندن هەڵدەدەنەوە، پاشانیش بەتەکفیر و تۆمەتی ئیرتیداد و چەندین ناویتر پەکی ئیرادەو عەقڵی ئازاد دەخەن، گیانی تیرۆریش لە هەمانکاتدا لە ناو رەشەخەڵکەکەدا دەخرۆشێنن. مرۆڤی دیندار بیرناکاتەوە لەوەی پێی دەوترێت، بەڵکو لەسەرەتاوە عەقڵی خۆی رادەستی بەرامبەرەکەی کـردووە، جائەو بەرامبەرە، یان شێخێکی تەریقەتە، یان رابەری حزبێکی ئایینییە، یـاخـود سـەرکـردەی گروپێکی تۆریستییە، یان مەلایەکی نەخوێندەوارە کە لەژیانیدا لە دووتوێی کتێبە زەردەکان دەرنەچووە. ئەو زانایانەی کەباسی ئازادی دەکـەن، ئێستاش وادەزانـن باسی فیقهی ئازادکردنی کۆیلەو کەنیزەك دەکەی، وەك کەفارەتێك بۆ ئـەوەی لـەرۆژی رەمەزاندا جیماعت کردووە، یان (زیهارت) کردووە، یان پیاوێکت کوشتووە هتد... .ئەو ئازادکردن بەوە تێگەیشتووە، نەك بەمانای مۆدێرنەی ئازادیی عەقڵ و روحی مرۆڤ.

کۆمەڵگە لێرەوە بەرهەمهێنەری تیرۆر دەبێت، لەبەرئەوە کاتێکیش تیرۆر دەبینێت ئەو بەلایەوە ئاسایی دەبێت، نادیە مورات ئەو کچە یەزیدییەی ئازارەکانی خۆی و هاوڕێکانی بەدنیا گەیاند وتی: کاتێك خەڵکی موسڵ ئێمەیان بردەوە ماڵەوە؛ دایکی ئەو سێ کوڕەی منیان بەکەنیزەك گرتبوو، وەك پاڵەوان سەیری کوڕەکانی دەکرد، ئەو بەمنی دەووت، ئێوە کافرن دەبێت، بکوژرێن، یان بەکەنیزەك بگیرێن! لێرەدا دەبینین ژنێکی عەوامی موسوڵمان ئازاری کچۆڵەیەك چۆن دەخوێنێتەوە! مادەم ئەو لەسەر ئایینێکی تره، کەواتە ئەو مرۆڤ نییە، بەڵکو تەنیا کاڵایەکە بۆ کڕین و فرۆشتن و چێژ بەخشین، ئیتر ئەو کەسوکاری کوژراون و لەبەرچاوی خۆیدا دایك و باوك و براکانی سەربڕاون، یان گوله بارانکراون، ئەوە فەرمانی ئایینەو سروشتی شتەکان وا دەخـوازێـت، لێرەدا تیرۆر دەبێتە ئەرکێکی ئایینی حاشاهەڵنەگر، نەك تەنیا لەلای چەکداره تیرۆریستەکان، بەڵکو لەناو کۆمەڵگەش، کەواتە جڤاتیش بۆتە ئامێزەی (حازنە)ی تیرۆر، ئیدی لێرەوە ناتوانین بڵێین تیرۆریزم میوانێکی ناوەخت و رەزاقورسە؛ یان رووداوێکی کاتی نەشیاوەو بەسەردەچێت، بەڵکو تیرۆر خەیاڵگەی کۆمەڵگەی تەنیوەو بۆتە حەقیەتێکی ئایینی حاشا هەڵنەگر.

ئەڵبەتە ئەم قسەیە تەنیا بۆ کۆمەڵگەی سوننە مەزهەب نییە، بەڵکو شیعەکانیش هەمان هەستیان هەیە بەرامبەر سوننەکان، لای ئەوانیش سوننە مـەزهـەب دەشێت بکوژرێت، یان بەکۆیلە و کەنیزەك بکرێت.

جـڤـات ئـیـدی لـێـرەوە تـیـرۆر هەناردەدەکات، ئاخر ئەو تەنیا دایەنگەیەك نییە بۆ تیرۆر، بەڵکو بەرهەمهێنەریشیەتی، سروشـتـی شتەکانیش وا دەخـوازێـت، کاتێك بەرهەمهێنان هـاتـەئـاراوە، ئیدی هـەنـاردەکـردنـیـش دێـتـەئـاراوە، چونکە

ئەنجامی بەرهەمهێنان ئەوەیە دەبێت کاڵاکە ساغبکرێتەوە، کاتێکیش کاڵاکە زیاتر دەبێت لەپێداویستیەکانی ناوخۆیی، ئیتر دەبێت هەناردەبکرێت، یاخود کاتێك لەناوخۆدا ئەو کاڵایە فرۆشی نابێت دەبێت ڕەوانـەی دەرەوە بکرێت، بۆیە دەبینین تیرۆریستان لەهەموو قوڕنەکانی دونایی ئیسلامەوە ڕوودەکەنە ئەو شوێنانەی، کە باشترین مۆڵگەی تیرۆریان تێدایە، لەوێدا تیرۆر ڕەواجی خۆی هەیە.

سەیربکە هـەمـوو دنـیـای ئیسلام – بەسوونەو شیعەوە-بەجۆرێك لەجۆرەکان دایەنگەی تیرۆرن لەئێستادا، پاش ئەوەی گـەراکـانـی ئیسلامی سیاسی تەکین و گەشەیان کرد، ئیدی چەمکەکانی ئیسلامی کە لەزۆربەی کاتدا چەمکی تیرۆر پەروەردە، تیرۆر خولقێنەرن لەناو زۆرینەی کۆمەڵگە سونیەکاندا بـوونـەتـە بەڵگەنەویست وچەمکی جەماوەری، وەك دژایەتیکردنی عەلمانیەت، عەقڵ، ئـازادی و سەپاندنی فۆرمێکی تایبەت لە ئایین و ڕەوشـت و ستایلێکی داخـراوی ژیـان. لە ڕاپۆرتێکی بیناوی (بی بی سی)دا، باسی لەوە دەکرد، کاتێك پزیشك و تەندروستکاران لەپاکستان دەچـوون بـۆئـەوەی منداڵانی موسوڵمان بکوتن دژ بە ئیفلیجی، کەچی دایکان و باوکان بەگژیاندا دەچـوونـەوە، لەبەر دووهـۆکـار، هەندێکیان دەیانووت خودا چی لە چارەی منداڵەکەمان نوسیبێت هەر ئەوەدەبێت، لەبەرئەوە دەرمانی گاور و بێدین بەکارناهێنین.! هەندێکیتر دەیانووت ئێمە منداڵی خۆمان ناخەینە بەردەست گاور و بێدینەکان، ئەوانە دوژمنی ئێمەن منداڵەکانمان سەقەت ئەکەن.

لێرەدا مەبەستم خاڵی دووەمـە، بۆچی ئەوان پزیشکە بیانیەکان بەدوژمنی خۆیان دەزانـن؟ ئەوە ئەو پەروەردەیەیە، کە لەناو دنیای ئیسلامدا بەڕێوەدەچێت. ڕاستە ئینگلیز لەسەردەمێکدا هیندستانیان داگیرکردووە، بـەڵام ئایا ئیدی ئـەوە مانای وایـە هەرچی بیانییە دوژمنی ئێمەیە؟

ئەم ڕاپۆرتە هەر چەند باسی شتێکی کۆمەڵایەتیمان بۆ دەکـات، بـەڵام تێمان دەگەیەنێت کە سیستمی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی لەدنیای ئێمەدا چ سەقەتێکە. ئاخر ژنێکی نەخوێندەوار لەهیندستان، کە لە دێیەکەی خۆیان زیاتری نەبینیوە چۆن دەزانێت چاوشینێك دوژمنی ئەوە، لێرەدا یادگاریەکی منداڵیم بیردەکەوێتەوە، من خۆم منداڵێکی بزێوبووم، هەموو جارێك پووڕم کەژنێکی زۆر دیندار بوو کەلێم تووڕە دەبوو دەیـووت: دانیشە هەی سورەی چاو کاڵ، بەخوا لەئینگلیز دەچیت تۆش وەك ئەوان ناچیتە بەهەشت، چونکە پێغەمبەر نەفرەتی لێکردووون. من لەو کاتەدا دەترسام، بەڵام ئێستا کاتێك بیردەکەمەوە، ئاخر کێ ئەوەی بە پیرەژنێکی نەخوێندەوار گەیاندووە، کە سـورەی چاوکاڵ ناچنە بەهەشت چونکە کافرن؟ ئەمە ئەو ماشێنە زەبەلاحە ئایینیەیە، کە کاردەکات لەسەر بەرهەمهێنانی ڕق و تووڕەیی لەسەر هەموو (ئەوێکی تر).

ئەنجامگیری

ئـەم بابەتە یـەك پەیام دەگەیەنێت؛ ئەویش ئەوەیە، لە ڕاستیدا تیرۆری ئیسلامی، کە لـەمـڕۆدا داعـش بۆتە سیمبولی ئەو تیرۆرە، شتێك نییە لە ئەنجامی داگیرکردنی عێراق، یان جەنگی سوریا، یان تەنانەت شەڕی ئەفغانستانیش بەرهەمهاتبێت، بەڵکو تیرۆری داعشیزم بەرهەمی نزیکەی یەك سەدە لەپەروەردەی ئیسلامی سیاسییە، کە ئیخوان ڕابەرایەتی دەکات.

هەر لەیەکەم ساتەوە، کە ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسی وەك ئایدیۆلۆژیاییەکی تۆتالیتاری سەرانسەری دەردەکەوێت، لەگەڵ خۆیدا ڤایرۆسی تیرۆر هەڵدەگرێت، لە فەرهەنگی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەروەردەیی هەموو شتەکاندا بڵاویدەکاتەوە. ئەو فەرهەنگە لەسەر مینبەری مزگەوتەکان، لە خوێندنی قوتابخانەکان، لە دەزگاکانی بەناو خێرخوازی، لە ناو حزبە ئایینیەکان و گروپە جیهادیەکان، مەدرسە ئایینیەکان، نوسەرو بیرمەندەکانی ئیسلامی سیاسی و هتد.. خۆی نمایاندەکات، تاکو دەبێتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، کە هەرکەس نکۆڵی لێبکات، ئیدی بێ سێ و دوو بە مورتەدو بێ دین و پیاوی غەرب و هەزار تاوانی تر تۆمەتبار دەکرێت، لە کۆمەڵگەدا دەبێزرێنرێت و تانەو تەشەر دەکرێت و بەلایەنی کەمەوە تیرۆری کەسایتی دەکرێت.

کاتێکیش تیرۆرسازی کرا "واتـە تیرۆری نەرم" بووە فەرهەنگی گروپ و جڤات ئیتر هیچ پێویست ناکات بەشوێن ئەوەدا بگەڕێین داعش لەکوێوە هاتووە.

لـەڕاسـتـیـدا دەرکـەوتـنـی داعـش تەنیا وروژێنەرێك بوو بۆ دەرکەوتنی ڕۆحی تیرۆر. دەنا گیانی داعش دەمێکە وەك جنۆکە چۆتە ناو لاشەی هەر کەسێکەوە، کە ئیسلامییەکان پەروەردەیان کردبێت، من ئەم ڕاستییە وەك ئەزموونێك باسدەکەم، کە خۆم تێیدا ژیاوم و دەزانم داعش لەکوێدایە و چۆنە، هەر بۆیە پێموایە داعـش ڕۆڵـەی شەرعیی ئیسلامی سیاسی و سەلەفییە و تەنیا جیاوازییان لە تەوقیت و میکانیزمدایە.

بیرکردنەوە لە رۆژگاری تەکفیردا

-گفتوگۆ لەگەڵ د. نەسر حامد ئەبوزەید

شوان ئەحمەد
کردویەتی بەکوردی

*سەروەختێك پرسیارم لەیەكێك لە زاناكانی سعودیە كرد، كە ئەویش (د. محەمەد نجێمی)یەو ئەندامی كۆڕی فەقیهانی ئەو وڵاتەیە، سەبارەت بە هەڵوێستی لەتەكفیركردنەكەت، وتی نابێت تەكفیر بكرێت، بەڵام لەبەرامبەریشدا پێویایە تۆ لەكاتی دادگایكردنەكەتدا نەتتوانیووە بەرگری لەخۆت بكەیت، بۆیە دادگا بڕیاری لەدژی تۆداوە. هۆكاری ئەو شكستە چییە؟

-ئێمە لەمیسر یاساگەلێكی بێشومارمان هەیە. هەرچی جارێك كێشەیەك بێتەئاراوە، نایەن یاسا كۆنەكە لابـەرن، بەڵكو وەك خۆی دەیهێڵنەوەو یاسایەكی تـازەش دادەڕێـژن. ئێمە یاساگەلێكی جۆراو جۆرو دژ بەیەكمان هەیە. دادگاش بەشێكە لە كۆمەڵگە. ڕێزم بۆ ئەوانە هەیە كەدەڵێن، دادگا دامەزراوەیەكی بڵند پایەو چی و چییە. دواجار دادوەریـــش مـرۆڤـەو لەكاریگەری بەدەرنییە، هەروەها ئەو دۆسێیانەی دەخرێنە بەردەستی و دادوەر چۆن دەیانخوێنێتەوە، ڕۆڵیان دەبێت، بۆیە ناتوانم دادگایكردنەكەم لەژێر تایتڵی شكست و سەركەوتندا دابنێم.

هەروەها ناتوانم بەرپرسێكی ئایینی دابنێم، چونكە دادگا لەمیسر دادگایەكی مەدەنییە، بەڵام لە سعودیە دادگایەكی شەرعییە. لای ئێمە تەنها دادگای باری كەسێتی، پشت بەمەرجەعیەتی شەرعی دەبەستێت، بۆیە لەدادگای مسریدا تاوانێك نییە ناوی (هەڵگەڕانەوە) بێت، ئەگەر تاوانێكیش بوونی نەبێت، ئەوا سزاش نابێت، بۆیە ئەوانەی داوایان لەسەر تۆمارکردم داوای ئەوەیاننەکرد، حوکمی (هەڵگەڕانەوە) بەسەر نەسر حامد ئەبوزەیددا بدرێت، لەبەرئەوەی كتێبێكی نوسیوە، بەڵكو بەناوی (حسبە)وە چوون بۆ دادگاو داوایانكرد نەسر حامد ئەبوزەید و هاوسەرەكەی لێكجیابكرێنەوە، پشت ئەستوور بەفتوای زانایانی ئایینی، هەروەها ئەوشتانەشی لەنوسینەكانمدا باسمكردبوون.

كەواتە جەوهەری مەسەلەكە (هەڵگەڕانەوە) نییە، بەڵكو پرسێكی باری كەسایەتییە. داوەریش لەوەدا سەرپشكە، بەدوای بابەتەكەدا بچێت، یان ڕەتیبكاتەوە. وەك ئەوەی لەكێشەی یەكەمدا رویداو دادگـا پەسەندی نەكردو رایگەیاند، خـاوەن ئەو داوایانە مافی ئەوەیان نییە، بەڵام دواتر دادوەری دادگای تیهەڵچوونەوە بۆچونێكی دیكەی هەبوو. لەبەر هۆكارگەلێك كە لەناوەڕۆكدا سیاسی بوو، داواكە ڕەتنەكرایەوە.

نامەوێت زۆر درێژەی بدەمێ، چونكە هەرچی هەیەو نییە، وردەكاری كێشەكە دەزانێت.. لەگەڵ ڕێـزی زۆرم بۆ دادگـاو بێگەردییان، كە زۆرجـار واحسابیان بۆدەكرێت وەك ئـەوەی شتێك بن لـەدەرەوە كات و شوێندا، بەڵام دەبێت پرسیاری ئەوەش بكەین، دادوەر چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو یاسایەدا دەكات؟ چی وای لێدەكات كار بە یاسایەك بكات و یەكێكی دیكە واز لێبێنێت؟

لێرەدا سەروكارمان لەگەڵ خـودی دادوەر و لێوەشاوەیی ئـەوانـدا دەبێت، بۆ لێكدانەوە و هـەڵـبـژاردن. تا یاساكان زۆرتـربـن و كەڵەكەبن بەسەریەكداو ناكۆك و دژ بەیەك بن، بواری زیاتر بۆ دادوەر دەرەخسێنن، بـەڵام لەسیستمێكی دادوەری تۆكمەو دامەزراودا، دادوەر یەك جۆر یاسا جێبەجێدەكات. گەر هاتوو فرە یاسایی و یاسای ناكۆك و دژ بەیەك هەبوو، دەبێت دادوەر چی بكات؟

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت پرسەكە زۆر لە پرسی نەسر حامد ئەبوزەید گەورەترە، لەبەر مەترسی ئەم حاڵەتەش بوو، دوای ئەوە بابەتی گۆڕین و دەسكاریكردنی یاساكان هاتەگۆڕێ. ئەوەش لەبەر خاتری من نەبوو. پرسەكە خۆی لەسەر ئاستی فیكری و كۆمەڵایەتی ترسناكەو هەڕەشەیە بۆ سەرداهاتوی نەتەوەكەمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەوكارەیان ئەوەندەی تر خراپیانكرد، چونكە (حسبە) یان هێنایەناوەوە، وەك بەشێك لەیاساو ڕێ و شوێنیان بۆ دانا. ئەمە لەكاتێكدا پێشتر وانەبوو.

*بـەڵام پێتوانییە ئـەو گۆڕانكاریانە كەمێك یارمەتیدەربوون، بۆئەوەی پرسی تەكفیر بچوك

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت پرسەكە زۆر لە پرسی نەسر حامد ئەبوزەید گەورەترە، لەبەر مەترسی ئەم حاڵەتەش بوو، دوای ئەوە بابەتی گۆڕین و دەسكاریكردنی یاساكان هاتەگۆڕێ. ئەوەش لەبەر خاتری من نەبوو. پرسەكە خۆی لەسەر ئاستی فیكری و كۆمەڵایەتی ترسناكەو هەڕەشەیە بۆ سەرداهاتوی نەتەوەكەمان

بکەنەوەو سنووردارى بکەن؟ هەربۆیە عەبدولسەبور شاهین دەڵێت: (لەپرسێکى هاوشێوەدا نەمتوانى داوا لەسەر حەسەن حەنەفى تۆماربکەم، لەبەرئەوەى دواى مەسەلەکەى نەسر حامد ئەبوزەید یاساکە گۆڕا)؟

-تەنانەت بەر لە کێشەکەى حەسەن حەنەفى، کێشەى کتێبى (باوکە ئادەم) ى عەبدولسەبور شاهین هەبوو، هیچ داوایەکیشى لەسەر تۆمارنەکرا. دەتوانین بڵێین دواتر کێشەکەى نەسر حامد ئەبوزەید، زۆرێك لەبیریارانى پاراست، کە تیایاندابوو نەیارم بوون. بۆخۆم دڵخۆشم بەوە.

*باسى نەیارت کرد، دەتوانین بڵێین ئەو شکاتانەى لێتکرا، هەرتەنها رەهەندى فیکرى نەبوو، بەڵکو شتى شەخسیشى تێدابوو؟ هۆکارى راستەقینەى ئەوەش وەك باسدەکرێت ئەوەبوو، تۆ دەستت بە شارەزەردەواڵەدا کرد، کاتێك پەلامارى هەندێك لە سیمبولەکانى ئاقارى ئایینتدا، چونکە ئەوانە وەك خۆت دەڵێیت: (رەوایەتیان بەپرۆسەى بەگەڕخستنى سەرمایە بەخشى)؟

-رەنگە ئەو قسانە راستبن. من لەپێشەکى کتێبى (رەخنەگەرتن لەگوتارى ئایینى دا، ئەوەم بەڕوونى باسکردووەو وتومە: (وتارى ئایینى وتارێکى مرۆییەو پێویستە تاوتوێى بکەینو لێى بکۆڵینەوە، تاپەى بەمیکانیزمەکانى بەرینو دەستنیشانى ئەو بەرژەوەندیانە بکەین، کە رەنگە گوزارشتیان لێبکات، چونکە ئەوە وتارى مرۆڤەو وتارێکە دەربارەى ئایین، نەك ئایین خۆى بێت. لەوێدا ئەونەم بە کۆمپانیاکانى سەرمایەگوزارى هێنابووەوەو باسم لەو زەرەر و زیانانە کردبوو، کە خەڵکانێکى زۆر لەمیسر، توشى بوونو تائێستاش چارەسەرنەکراون).

من سەروەختێك دەستم بەنوسینى ئەو بابەتەکرد، کەسم لەخەیاڵدانەبوو. دەربایسیش نەبووم ناوى کەسانێکى تایبەت و دیاریکراو بهێنم، بەڵکو ئەوەى من دەمویست شرۆڤەکردنى دیاردەکەبوو. کتێبەکەم ئەوکاتە نوسى کە لەژاپۆن بووم، واتە بەدوورىبووم لەو ژاوەژاوەى لەواقعى کۆمەڵگەى میسریدا هەبوو.

رەنگە بێ مەبەست هەندێك هەڵوێست و ئەم و ئەوم ئاشکراکردبێت، پەردەم لەسەر رووڵادابن و زیانم بە بەرژەوەندییان گەیاندبێت. ئەو هێرش و پەلامارەى دواى ئەوە رووبەرووى بوومەوە، راستى بۆچونەکانم دەسەڵێنێت، کە لە پێشەکى کتێبەکەدا هاتووەو باس لەوەدەکات: (گوتارى ئایینى پێویستى بە رەخنەیە)، بەڵام رەخنەیەکى شەخسى نا، رەخنەى شەخسى ئەوەیە کەسێك لەبەر خۆت رقى لێتە، بەڵام من ئەو کەسانە ناناسم، کەواتە پرسەکە شەخسى نییە، بەڵکو پرسێکى کۆمەڵایەتییە.

پرسى ئەوەیە دامەزراوەیەکى ئابورى، کە لەسەر بنەماى یاسا دروستبووە و لەنیشتمانێکدا دەستبەکارە یاساو رێساى خۆیى هەیە، بیریاران و سیاسەتمەداران تەیاردەکرێن پشتیوانى لێبکەن، کەوابێت ئەوە پرسێکى گشتییەو مافى هەموو کەسێکە قسەى لەبارەوە بکات. من نەناوى (رەیانم) بردووە، نەهیچ کەسێکى دى، چونکە مەسەلەکە شەخسى نییەو نیەتى کارەکەشم پەلامارداىن کەسێك نییە بەدیاریکراوى. ئێمە لەو کۆمەڵگایانەین، کە رقمان لە رەخنەیە. ئەو کۆمەڵگایانەى دوژمنایەتیان لەگەڵ رەخنەدا هەیە. رەنگە ناڕونى و بەهەڵە تێگەیشتنێك لە هۆشیارى گشتیدا، لەنێوان رەخنەو رەتکردنەوە، واتە تێکوپێکداندا هەبێت.

ئەوەى راستى بێت هیچ فیکرێك بەبێ رەخنەبوونى نییە، ئەوەش بۆخۆى بەڵگە نەویستێکە لەمێژوى فیکردا. هەر توێژەرێك دەست بە پشکنینى هەزرى بەرلەخۆى نەکات، دەبێتە توتى و دەبێت کاوێژبکات و شتەکۆنەکان بجوێتەوە. زۆر جێگەى داخە ئەو جوینەوەو کاوێژکردنە، لە کەلتورى ئێمەدا باڵادەستە.

پێمواىە چەند کەس و تاقمێك هەستیانکردووە، مەترسیەك بۆسەر پێگە و بەرژەوەندییان دروستبووە ئەوەش پرسێکى کۆنە. لە (کندى) دەگێڕنەوە کە وتویەتى (ئەوانە بەرگرى لە کورسییە ساختەکانیان دەکەن)، لەهەمانکاتدا من بەڕۆڵى خۆم هەڵدەستم وەك توێژەرێك، نەك وەك بانگخواز و خاوەن پەیامێك.

*ئایا دەتوانین ئەوە گرێبدەینەوە بەدوالیزمەى (رەخنە/ تەکفیر) کە لەوڵاتانى عەرەبیدا دووبارە دەبێتەوەو هەرچى جارێك، رەخنەگرێکى راستەقینە لێرەو لەوێ دەردەکەوێت، بەتەکفیرکردن بەرى پێدەگیرێت. بۆ نمونە وەك ئەوەى لەسعودیە لەگەڵ د. عەبدوڵڵا غوزامیدا رویدا؟ ئەم ترسە لە رەخنە بۆچى؟

-تەواوە. ئەمەش ئەوە دەسەڵێنێت کەباسمکردو وتم: (هەندێ لاى ئێمە وشەى رەخنە دەگۆڕێت بۆ وشەیەکى ترسناك). هاوکات ناتوانن هەماهەنگى لەگەڵ هزرى رەخنەگرانەدا بکەن. هەندێك کە ناتوانێت هەماهەنگى لەگەڵ گوتارێکدا بکات، چارى نامێنێت، جگە لە بێدەنگکردنى ئەو وتارە. حازربەدەستترین ئامرازێکیش لە کۆمەڵگەکانى ئێمەدا بۆ بێدەنگکردن، ئامرازى تەکفیرکردنە.

من هیواخوازم لەو ترسە قوتارمان بێت. هیوامواىە بیرمەندانمان لەتۆمەتى

تەکفیرکردن سڵنەکەنەوە، لەبەرئەوەی ئەو چەمکە مانای خۆی لەدەستداوەو بۆتە مایەی گاڵتەجاڕی. هەنوکە ئەو تەکفیرچیانە یەکتری تەکفیردەکەن! داخڵ بە فەزای (خەوارج) بووین. ئەم ئاگرە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا تەنیوەتەوە و نیڵەی دێت. ئێستا کێ بەردەوام باس لە ریفۆرم دەکەین. دوای جۆرج بۆش-یش تایەک دایگرتوین، ناوی ریفۆرم و گۆڕان و نوێبونەوەیە. وەک ئەوەی لەچاوەڕێی یەکێکدا بووبین، هاناان بدات بۆچاکسازی!

بەڵام ئێمە قسە لە نوێبونەوەیەکی بەتاڵ دەکەین، چونکە هیچ نوێبونەوەو چاکسازییەک بەبێ ڕەخنە بوونی نابێت. ئیدی چۆن دەتوانین لەدۆخێکەوە بچینە دۆخێکی دی. دەبێت ڕەخنەبگرین، ڕەخنە بەوپێیەی هێزێکە بۆ وردبوونەوەو بیرکردنەوە. گەر ئەم ترسە لە ڕەخنەگرتن هەروا مایەوە، ئەوا هەرچی قسەو باسمانە دەربارەی ریفۆرم، قسەی پڕ و پوچ دەبێت.

*دوای دەرچونی بڕیاری دادگا بڕیارتدا میسر جێبێڵیت، لەو ماوەیەی لەنیشتمان دوورکەوتیتەوە تا کاتی گەڕانەوەت- بەسەردان وەک ئەمجارە-، هەستت چۆن بوو؟

-بۆماوەی هەشت دانە ساڵ هەستی تووڕەبوونێکی زۆر بەسەرمدا زاڵ بوو. تووڕەبوونەکەم لەم و لەو و لەبڕیاری دادگانەبوو، بەڵکو لەبارودۆخەکە بوو بەگشتی. زۆرجار لەدڵی خۆمدا دەموت: (میسر.. تو گیانی خۆت، منت ناوێ). من خۆم بەقەرزاربارى کۆمەڵگەکەم دەزانم و دەمەوێت ڕۆڵەکانی قێربکەم.

تووڕەبوونم پەیوەندی بەبڕیاری دادگاوە نەبوو، لەوەوە بوو، دەمزانی پرسەکەم پرسێکی شەخسی نییەو ئەوەش لەگرێی زوڵمێکردن پاراستمی. سەروەختێك پێیاندەوتم: (تۆ زوڵمت لێکراوە)، ئەوەم ڕەتدەکردەوەو پاساوی ئەوەم دەهێنایەوە، وەك ئەوەی بڵێم: (من تۆڕەم و تۆڕینەوەکانم بەدڵی هەندێ کەس نەبووە. بارودۆخی لای ئێمەش ئاواو ئاوایە)، چونکە سایکۆلۆژیای مرۆڤی زوڵمێکراو، بۆخۆی سایکۆلۆژیایەکی نەخۆشە. ئەڵبەتە من بۆخۆم قەرزاربارى هاوڕێیانو هاوسەرەکەمم، کەتوشی ئەو حاڵەتە نەبووم.

من تائەو ئاستی تووڕە بوونە تووڕەبووم، کە ڕەنگە لەنێوان خۆت و دایکتدا هەبێت. ئەویش ماوەیەك دەخایەنێت، بەڵام دواجار هەر دایکتە. ئەوە کاتێك ڕویدا، کە تەمەنم گەیشتە شەست ساڵانو لە ساڵی 2003 بەسەردان هاتمەوە بۆ میسر، پێشوازییەك کرام لەلایەن ڕۆشنبیران و میدیاکاران و هەندێ دامودەزگای فەرمییەوە، کە چاوەڕوانم نەدەکرد.

بڕینەکانم بەرەبەرە ساڕێژ دەبوون. ئیدی هەموو ساڵێك بەسەردان دێمەوەو لەکۆڕە فەلسەفیەکاندا بەشداردەبم و بابەتگەلێك پێشکەشدەکەم! لەیەکەم سەردانەوەمدا بۆ شاری ئەسکەندەریە، چوم بۆ کتێبخانەو لەوێ چاوم بە د. ئیسماعیل سیراجەدین و د. یوسف زێدان کەوت.

د. یوسف هاوڕێمەو د. ئیسماعیلیش پێشتر دەمناسی. شەش ساڵە کتێبخانەی ئەسکەندەریە بۆ سیمینارەکانی، دەربارەی دەستنوسەکان داوەتمدەکات. ئێستا کاتی ئەوەنییە پرسیاری ئەوەبکرێت، بۆچی ئێستا دێیت؟ لەبەرئەوەی لەم ساڵدا دەرفەت ڕەخساو پێشنیارم بۆکردن، لەمانگی کانونی یەکەمدا دێم- لەوکاتەدا پشوی نیوەی ساڵەو کریسمسە لەهۆڵەندا-و بەخۆشحاڵییەوە ئەوانیش بەپێشنیازەکەم ڕازی بوون.



*سەبارەت بەڕەهەندە مەترسیدارەکانی تەکفیرکردن چی دەڵێیت، بەوپێیەی حوکمدانێکی لەو جۆرە مەترسی بۆسەر ژیانی بیرمەندێك دروستدەکات، هەرکات کەسێك بەگڕوتینەوە هاتە پێشو بەرەو ئەوەچوو توندوتیژی بەکاربهێنێت. ئەوە بەنیسبەت تۆوە چۆن بوو؟

-ئەوشتانە پێش دەرچوونی بڕیاری تەکفیرکردنەکەم هەر هەبوون، کاتێك میدیاکان پێیەوە سەرقاڵبوون و باسیاندەکرد. لەگەڵ ئەو وێنە کاریکاتێریانەی لە رۆژنامە زەردەکانـدا بـڵاودەکـرانـەوە. لەناویاندا وێنەیەکی تێدایە وام نیشاندەدات، چەقۆ لە قورئان دەدەمو قورئانەکەش خوێنی لێدەڕژێت! لەو سەروبەندەدا چەندین نامەی هەڕەشە ئامێزم بەدەستگەیشت و ئاسایش بەدواداچوونی بۆکردن، چونکە ئەوکات لەژێر چاودێری ئەواندابووم. سەروەختێکیش دادگا بڕیارەکەی دەرکرد، خرامە ژێر چاودێریەکی توندترەوە.

من حەز بەوەناکەم لەژێر چاودێریدابم و پاسەوانم لەدەوربێت، چونکە ئەوە چەند ژیانت دەپـارێـزێـت، ئـەوەنـدەش کـوێت و بەندت بۆ دروستدەکات. هەرئەوەش پاڵی پێوەنام وڵات جێ بێڵم و سەفەربکەم.

ئیشکردن لەو کەش و هەوایەدا سەخت بوو. نەشدەکرا بە کۆمەڵێك پاسەوانەوە بچم بۆ زانکۆ! لەبەرئەوە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا رێکەوتین بۆ ماوەیەکی کاتی وڵات جێبێڵین، بەتایبەت کە من گرێبەستێکم لەگەڵ زانکۆی (لایـدن)دا هەبوو، بۆیە بەچاکمان زانی ماوەیەك دووركـەوینـەوە، بەڵکو دادگـای تێهەڵچونەوە بڕیارەکە هەڵبوەشێنێتەوە. ئەڵبەت ئەوە رووی نەدا، ئەویش بەهۆی هۆکارگەلێکی زۆر ئاڵۆزەوە کە لەناوەڕۆکدا سیاسی بوو.

بـەڵام پرسەکە هەر لە هەڕەشەکردندا مایەوەو نەگەیشتە ئاستی جێبەجێکردنو دەسـتـوەشـانـدن. پـەیـوەنـدیـم بەخوێندکارەکانمەوە، بڕێکی زۆر لە سەر سەلامەتیم بۆ دەستەبەردەکات، تەنانەت ئەو خوێندکارانەشی بۆچونی ئیسلامیانەیان هـەیـە، چونکە مـن لـە هۆڵەکانی وانـە وتنەوەدا، ڕێزیان لێدەگرم و بۆ خۆشم زیاتر ئەو خوێندکارەم خۆش دەوێت، کە لەگەڵمدا ناکۆکە، نەك ئەوەی بەبێ تێگەیشتن هاوڕایە لەگەڵمدا.

ئەزموونم لەگەڵ ئـەو خوێندکارانەی لـەوەڵامـدانـەوەدا هەڵەیاندەکرد، (کاتێك بەتەکفیرکردن حوکمیان دەدا)، ئەوەبوو دەرهەق بەو کارەیان لێپرسینەوەم لەگەڵدا نەدەکردن، لەبەرئەوەی پێموابوو هێشتا ئەوانە لەقۆناغی فێربوونداو و ئەو ئەرەیەشم بۆ دادەنان کە شایستەی بوون، بەڵام دواتر کەڕووبەڕوو دەمبینین، پێمدەوتن: (ئێوە شایستەی سفربوون، چونکە تەکفیرتان کـردووم، بەڵام سزام نـەداون، لەبەرئەوەی هێشتا لە قۆناغی خوێندندان).

لای خۆمەوە ئـەوەم بۆ ڕوندەکردنەوە، کە مافی خۆتانەو چۆنتان دەوێت، دەتوانن ڕەخـنـە لەبیروبۆچونی ئـەوانـی دیکە بگرن، بەومەرجەی لەزۆنی تەکفیرکردن دورکەونەوە، چونکە هەرکەس وابکات، ئەوا خۆی دەکات بەدادوەر یان بەخودا. هەربۆیە لەو ڕۆژانـەی پلەبەرزکردنەوەدا، لەلایەن خوێندکارانی گروپە ئیسلامیەکانەوە، جۆرێك لەلایەنگری و پشتیوانیم بۆ دروستبوو.

*باست لەوە کرد کێشەکەت ڕەهەندی سیاسی هەبووە. بوونی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان دەزگـای ئایینی و سیاسیدا، چ کاریگەرییەکی دەبێت لە فشارهێنان بۆسەر ڕۆشنبیران کەتۆ خۆیشت یەکێکیت لەوان؟

-ئەو دووکایە جیاواز و ناجۆرن، بەڵام شێوە ڕێکەوتنێك لەنێوانیاندا هەیە. زۆر دەمێکە دامـەزراوەی ئایینی لەمیسر، سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە. جاران پشتی بە ئەوقاف دەبەست، بۆیە خاوەن سەربەخۆیی ئابوری بوو، بەوپێیەش سەربەخۆیی سیاسی هەبوو، واتە دامـەزراوەی ئایینی وەك شوێنێك بۆ خوێندن و پەروەردە دەمایەوەو لە دەرەوەی بڕیاری سیاسی بـوو. لەمێژووی هەموو کۆمەڵگەکاندا، جۆرێك لەگرژی و نائارامی لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و دامـەزراوەی ئایینیدا هەیە.

لـەدوای پرۆسەی خۆماڵیکردن و یاسای بـەرەو پێشبردنی ئـەزهـەر، ئـیـدی ئەو دامەزراوەیە بوو بە بەشێك لە دامەزراوەکانی دەسەڵات. لێرەوە ڕۆڵی ئەزهەر گۆڕا بۆئەوەی پاساو بۆ بڕیاری سیاسی بهێنێتەوەو ڕێنوێنی بکات. گەرهاتوو بڕیاری سیاسی پێویستی بە پشتیوانی دامەزراوەی ئایینی هەبوو، بۆنمونە سەروەختێك دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بەوەبوو ریفۆرم لە یاسای ژناندا بکات، ئەوا بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەزهەر و دامـەزراوەی ئایینی ئەو کـارەی پێناکرێت. ئەم گۆڕانە وایکرد، هەندێجار پەیوەندی نێوانیان بگاتە ئاستی دەست تێکەڵکردن.

*ئایا دەشێت دەسەڵات زۆر بۆ بیرمەندان بێنێت، لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دامو دەزگـا ئایینییەکان، تا لەبەرامبەردا دەسـکـەوتـی سیاسی لـەنـاو کۆمەڵگەدا مسۆگەربکات؟

-بـێـگـومـان، ئـەوەش بـۆ رازیـکـردنـی دامەزراوەی ئایینی دەکات، نەك رازیکردنی ئایین خـۆی، چونکە لـە راسـتـیـدا ئـەوە تورەکردنی ئایینە. بۆ نمونە ئـەوەی ئێستا هەیەو پێیدەڵێن: (بەگژاچونەوەی تیرۆر)، هـەمـوو دنـیـاو بـە وڵاتـانـی عـەرەبـی و

ئیسلامیشەوە، ناتوانن بە ئەمەریکا بڵێن ((نا، لەگەڵ تۆدا شەڕی تیرۆر ناکەین).

رژێمە سیاسیەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی هەموویان لەژێر چەتری (شەڕ لەدژی تیرۆر) چونە پاڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بۆ ئەنجامدانی ئەو شەڕەش رژێمە سیاسییەکان، پێویستیان بە پشتیوانی دەزگای ئایینی دەبێت، تا فتوای دژ بە تیرۆر و تەکفیرکردنی تیرۆریان بۆ دەربکات. لەبەرامبەردا هەندێك ئازادی بەو دامەزراوە ئایینیانە دراوە، تا راوەدووی ئەو بیریارانە بنێن، کە جیاواز لەوان بیردەکەنەوەو ڕەخنەیان لێدەگرن.

*لەبەرئەوەی ئەو ڕەخنەگرە، مەترسی بۆسەر دامەزراوەی ئایینی دروستدەکات؟

-نا مەترسی نییە. مەترسی وێناکردنی هزری ڕەخنەییە، وەك ئەوەی هەڕەشەیەك بێت بۆسەر خودی ئایین خۆی. ئەوەش یەکێکە لە میکانیزمەکانی کوشتنی ئەو وتارە ئایینییە. ئەوەی ڕوویدا ئەوەیە دامەزراوەی سیاسی دەیەوێت وانیشانیبدات ئەمەریکا و جیهان شەڕ لەدژی تیرۆردەکەن، بۆئەوەش خاوەنی دەزگای کلتوری نییە، کەواتە کێ بەناوی ئایینەوە، یارمەتی دەدات بۆ بەگژاچوونەوەی تیرۆر؟ بێگومان دامەزراوەی ئایینی و ڕادەی کارایی ئەو دەزگایەش چەندە، ئەوەشتێکی دیکەیە، لەبەرامبەریشدا دامەزراوەی ئایینی بۆ بەگژاچوونەوەو یاساغکردنی کتێبێك، یان تابلۆیەك، یاخود فیلمێکی سینەمایی، یان گۆرانییەك و.. هتد، پێویستی بە پاڵپشتی حکومەت هەیە.

هەماهەنگی سیاسی لەمجۆرە، دواجار هەربەتەنها بیریاران باجەکەی نادەن، بەڵکو ئیماندارانیش لێی زەرەرمەند دەبن، چونکە مانای دین بەشێوەیەکی سیاسی باسدەکرێت و بەکاردەهێنرێت. ئەوەش ئایین دەکاتە ئەو وزەیەی ماشێنی سیاسەت بگێڕێت، وزەیەك کە زۆرشت بسوتێنێت، لەبەرئەوە کاتێك دیاردەی خواپەرستی لە کۆمەڵگەکانی خۆماندا دەبینی، هەستدەکەیت ڕوکەش و دروستکراوە. دەزانیت دینداریەکە کوشتەی ڕواڵەت بازییەو خاڵییە لەهەموو ناوەڕۆکێکی ڕۆحی و مۆراڵی. ڕاستە نوێژ و ڕۆژو و زەکات و حەجکردن. چەند ڕێوڕەسمێکن و یاسا و ڕێسای خۆیانیان هەیە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا خاوەنی کرۆکێکی زۆر قوڵی ڕۆحی و مۆراڵیشن.

بێگومان دینداری ڕوکەشانە، هەمووکەس پەیڕەوی ناکات، بەڵام بەگشتی دینداریەك کە هەڵگری جەوهەرێکی مۆراڵی و ڕۆحی بێت لە کۆمەڵگەدا بزرە. مزگەوتەکان جمەیان دێت و گەندەڵیش کۆمەڵگەی تەنیوە.! ملیۆنەها خەڵك دەچن بۆ حەج، کەچی کۆمەڵگەکان بەدەست هەژاریەوە دەناڵێنن!

کۆمەڵگەکانمان کراون بەکۆمەڵگەی دەسگیرۆیکردن و خێرپێکردن، نەك کۆمەڵگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. ئەمەش لە ڕوانگەی گشتییەوە، دەرچونە لە ڕەهەندە ئەخلاقی و مۆراڵییەکانی ئایین.

*کەچی نەمانبینی دامەزراوەی ئایینی ڕەخنەیەکی ڕوون و ڕەوان لەو دەرچوون و لادانە بگرێت؟

-بێگومان نەك هەر ڕەخنەی لێناگرێت، بەڵکو تۆخترپشی دەکاتەوە، چونکە گوتاری ئایینی لەمزگەوتەکاندا، جەخت لەسەر ئەو خواپەرستییە بەتاڵە دەکاتەوە. تەنانەت ئەوانەشی پێیاندەڵێن (فتوا چییە نوێیەکان)، پێداگیریی لەسەر ئەم خاڵە دەکەن: (هەرچی دەکەیت بیکە، بەڵام پێویستە نوێژەکانت پێنچ فەرزە لە مزگەوتدا بکەیت). ئێمە بەدەست کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزترەوە تووش بووین، ئەویش ئەوەیە، کە ئایین دەبێت بە یەکێك لە شتە ڕواڵەتی و ڕوکەشەکان. گەندەڵی داخڵ بەزۆنی پراکسیسی ئایینی بووە.

نوێژ دروستکردنەوەی پەیوەندییە، لەنێوان مرۆڤ و خوای خۆیداو ناوەڕۆکی نوێژ ئەوەیە، تۆ داخڵ بە فەزای یەزدانی دەبیت. لە فاتیحە خوێندندا ئەوە مرۆڤە قسەدەکات و خوای گەورەش گوێدەگرێت. کەچی هەموو ئەمانە فەرامۆشدەکرێت و شتە

ئەزموونم لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی لەوەڵامدانەوەدا هەڵەیاندەکرد، (کاتێك بەتەکفیرکردن حوکمیان دەدا)، ئەوەبوو دەرهەق بەو کارەیان لێپرسینەوەم لەگەڵدا نەدەکردن، لەبەرئەوەی پێموابوو هێشتا ئەوانە لەقۆناغی فێربووندان و ئەو نمرەیەشم بۆ دادەنان کە شایستەی بوون، بەڵام دواتر کەڕووبەڕوو دەمبینین

Ibn Sina

روکەش و روالەتییەکان زەقدەکرێنەوە، وەک ئەوەی ئایا حیجاب بریتیە لە داپۆشینی رووی ژن، یاخود دەست و قۆڵ و باسکی؟ یان دەبێت دریژیی ریش چەندبێت؟ لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکەی هاوشێوەی ئەوانە. ئەوەش بۆخۆی تەعبیرە لەوەی، تا چ ئاستێک ئایینمان لەناوەڕۆکی خۆی بەتاڵکردۆتەوە.

*هەندێک داوای نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی دەکەن. خوێندنەوەت بۆ ئەوە چییە؟ ئایا ئەوە لەبەرئەوەیە کەرەستەکانی وتاری ئایینی کۆن بوون و کەڵکیان نەماوە، یاخود خواستێکی سروشتییە بەپێی گۆڕانی هەلومەرج و سەردەمەکان؟

- بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئان و ساتێک، نوێکردنەوەی فیکری پێویستە. بۆمونە ناتوانین لەکاتێکی دیاریکراودا، ڕێگە بەسڕکردنی هزربدەین. نوێکردنەوە پێداویستییەکی گرنگە بۆ ژیانی کۆمەڵگەو مرۆڤەکان. ئێمە دەزانین هەر لەسەرەتای ئەوەی پێیدەوترێت سەردەمی رابووون (کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە)، ئەو دنیایەی ئێمەی تێدا دەژیاین لەخەونی غەفڵەت زەدەیی ڕاپەڕیو بۆی دەرکەوت، دنیایەکی دیکە هەیە لە رووی هزری، کلتوری، زانستی و سەربازییەوە زۆر لەپێشترە. ئیدی لەوێوەوە ئەو پرسیارە دەستپێکرد: (بۆچی ئەوانی دی پێشکەوتن و ئێمەومانانیش لەدواوە بەجێماین؟).

ئەمە پرسیاری رابوونە. تۆ هەست بەوەدەکەیت پێویست بەگۆڕانە، سەروەختێک خۆت لە ئاوێنەی ئەوی دیدا دەبینیت. ئەمەش پرۆسەیەکە لە ئەوروپاو لەتەواوی مێژوودا ڕویداوە. لێرەدا پرسیارەکە دەربارەی هۆکاری دواکەوتنەکەبوو. وەڵامی ئێمەش ئەوەبوو کە (تێگەیشتنمان بۆ ئایینەکەمان و بۆ بیروباوەڕەکەمان، دواکەوتوانەیە).

ئەمە بۆچونی جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدەو عەبدولڕەحمان کەواکیبی و کێ و کێ بوو. هاوکات تەئکیدیشیان دەکردەوە لەوەی (لەو سەردەمانەی پێیدەوترێت چاخی زێڕین، تێگەیشتنێکی کراوەمان بۆ ئیسلام و پلورالیستی و فیکری ئەقڵانی هەبوو. لەو سەردەمانەشدا، موسڵمانان سەرداری جیهان بوون).

کەواتە پرسەکە ئەوسا و ئێستاشی لەگەڵدابێت، بەمشێوەیە باسدەکرێت: (هۆکاری پێشکەوتن و دواکەوتن، ئایینییە. ئەمەش بەرەنجامی ئەوەبوو ئەو وتارەی هاوشانی وتاری ئیمپریالیزم بوو، هەڵگری شوناسێکی شێواوبوو. گوایە ئەم دنیایەی ئێمە ناوی جیهانی ئیسلامییە، ئەمە لەکاتێکدا مەسیحیەت لەو مەسەلەیە قوتاری بووبوو. جیهانی مەسیحی ناوی بووبووە ئەوروپا. کەوابێت ئێمە لەبەردەم کێشەی ناسنامەداین، کێشەیەک ئەو بارودۆخە دروستیکردو بەتێپەڕبوونی کاتیش ئاڵۆزتربوو).

یەکەمین وەڵامێک کە نەوەی محەمەد عەبدە لەگەڵ خۆیاندا هێنایان ئەوەبوو، ئێمە پێویستمان بەتێگەیشتنێکی نوێی

ئیسلام هەیە و دەبێت کەلەپوری ئەقڵانیمان، بەهزری ئەقڵانی جیهانییەوە گرێبدەین و مەسەلەکەش تەنها بەدحاڵی بوونەو هیچی تر، بەڵام دواتر وەڵامدانەوە لەبەدحاڵی بوون لای داو گەیشتە ئاستی لادان لە بیروباوەڕی ئایینی، بۆیە دوای کۆتایهێنان بەخەلافەتی ئیسلامی لە تورکیا، وەڵامی دووەم هاتە ئاراوە، کە دەڵێت: (ئێمە لە ئیسلام تەوەللابووین، بۆیە واپێویست دەکات بگەڕێینەوەلای). ئەمە قسەی ئیخوان موسلمین بوو، کەواتە ئێمە بووینە دیلی ئەو پرسەو لەسایەی ئەو زیندانەشدا نەمانپرسی: (ئایا پێشکەوتن و دواکەوتن هۆکاری خۆیانیان هەیەو یەکێك لەوهۆکارانەش هزری ئایینییە، یاخود هزری ئایینی تاکە هۆکارە؟).

بێگومان بەشێوەیەکی فەلسەفیانە ئەم پرسیارە کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نەوروژێنراوە. پرسی داواکردنی نوێکردنەوەی هەزری ئایینی کۆنەو سەرەتاکانی بۆ سەردەمی رابوونی ئیسلامی دەگەڕێتەوە، لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا.

دوای رووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەریش جارێکی تر ئەوبابەتە هاتەوەئاراوە، بەڵام بەداخەوە ئەم جارەش هەر بەشێواوی هات و بەلاڕێدابرا. ئەوەبوو نوێکردنەوەی وتاری ئایینی وەرگـۆڕا بۆ تازەکردنەوەی (وتاری ئایینی) وتاریش بەشێکە لەوتارو میکانیزمی شیکردنەوەو رەخنەکردنی، ملکەچی چەند میکانیزمێکی زارەکییەو ئەوەش بۆ تەواوی میدیا وایە. هەربۆنمونە دەنگی تیقیەکەت کزبکەو دیقەت لە وتارخوێنەکە بدە، ئەوکات لە رێی جوڵەی لەشی و دەستبادانییەوە، دەتوانیت لێکدانەوەی بۆ بکەیت.

بەڵام تاووتوێکردنی وتاری نوسراو شتێکی دیکەیە، هزرە نەك قسە. ئەم تێکەڵکردنە رووبـدا، بۆیە هەرچی هەیەو نییە باس لە نوێکردنەوەی وتـاری ئایینی دەکـات، بەبێ ئـەوەی بزانین باس لەچی دەکەین. نوێکردنەوەی وتـاری ئایینی نەپرسیاری ئەمرۆیە و نەپرسیاری دوێنێیە، بەڵکو پرسیاری هەموو ئان و ساتێکە، وەك چۆن گۆڕین و بـرەودان بەبیرکردنەوە، پرسیاری هەموو چرکەساتێکە.

کەلەپوری ئیسلامی بەم گۆڕانکاری و بەرەوپێشچونانەدا تێپەڕیووە: (لێکدانەوە و شرۆڤەکـردن. فرە جـۆری تەفسیرکردن: فیقهی و رەخنەیی و رەوانبێژی و زمانەوانی و فـەلـسـەفـی‌و... هـتـد). بـوونـی هەمە جـۆرەی شێوازی تەفسیرکردن، نیشانەی دەوڵەمەندییەو ئەوانەش بەجۆرێك تێکەڵ بەیەکدەبنو هەماهەنگی لەگەڵ یەکتریدا دەکـەن، بەئەستەم لەیەکترجیادەکرێنەوە. جێی داخە داواکاریی نوێکردنەوەی وتاری ئایینی، وەهـا وێنابکرێت کە خواستێکی دەرەکییەو لەدەرەوەدێت نەك لەناوخۆوە.

*لەنوسینەکانتدا ئاماژە بە هەڵگەڕانەوە لە رابوونخوازی و ئەو شەپۆلی دژە رێنیسانسە دەکەیت، کە وڵاتانی عەرەبی گرتۆتەوە. تۆ پێتوایە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکانی ئێمە نەتوانن کێبڕکێی پێشکەوتن لەگەڵ دنیادابکەن، یاخود رۆشنگەری لەبەجێهێنانی ئەرکەکانیدا شکستیهێناوە؟

-کۆمەڵگەیەك نییە، توانای بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی لەگەڵ دنیادا نەبێت. ئێمە بەناچاری پەیوەستین بە جیهانەوە، چونکە لەئێستادا دنیا بۆتە گوندێکی بچکۆلەو ئابوریمان گرێدراوی ئابوری نێودەوڵەتییەو میدیاش تێکەڵ بەمیدیای جیهانی بووە، هەروەها سیستم و شتی تریش.

کێشەکە لەوەدایە ئێمە بەناچاری، ئەو تێکەڵی و پەوەستبوونەمان قبوڵکردو هەماهەنگی فیکریمان رەتـکـردەوە. تێکەڵبوون و بەیەکداچونی ناچاری لەڕووی سیاسی و ئابورییەوە دەمانکاتە پاشکۆ، لەبەرئەوەی لە رووی فیکرییەوە تێکەڵ نەبووین. تێکەڵبونیش لە رووی فیکرییەوە، دەمانکاتە هاوبەش و هاوکار. بۆنمونە ئێمە بەهۆی نەوتەوە، پارەو پولێکی زۆرمان هەیە، بەڵام ئەوە نەبۆتەمایەی ئـەوەی لەڕووی ئابورییەوە پاشکۆنەبین.

هـەڵـبـژاردنـی ئێمە لـەبـەرهـۆکـاری سیاسیەو سیاسیەت بـڕیـاردەدات چی دەکـەیـن. هۆکارەکەشی پەراوێزخستن و نائامادەگی فیکرە، کە بەهۆی هاوپەیمانێتی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوەی ئایینییەوە، وەلاوەنراوە).

هاوپەیمانێتی ئەو دوانەو لاوازکردنی رۆڵی فیکر، لەناوخۆدا کاریگەری لەسەر سیستمی پەروەردەش جێهێشتووە. ئەوەش وادەکات کۆمەڵگە نەتوانێت بەرخورد لەدژی ئەو جۆرە سیاسەتە بکات. گەر فشاری هاوپەیمانێتی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دامـەزراوەی ئایینی نەبێت، کۆمەڵگە دەتوانێت لە رێی پـەروەردە و خوێندکارانەوە، فشار بۆ ئەو جۆرە سیاسەتە بێنێت.

مەترسیەکە لەوەدایە ئێمە دەوڵەمەندین، کەچی پاشکۆین. دەکرا بەو دەوڵەمەندییەوە ببوینایە بەهێزێکی سـیـاسـی، بـەڵام وادەرنەچوو. هۆکاری هەموو ئەوەش پێوەر و نا ئامادەبونی هزرە، کە دەتوانێت ئەو بێ سەروبەری و دادڕانە، بگۆڕێت بۆ هێزی سیاسی و هەموو ئەو پارەو سامانە بکاتە هێزێکی ئابوری بەرهەمهێن. نەك هێزێك لەسەر بەروبوم و چی و چی بژی، کەواتە لێرەدا کێشەکە دەستەوستانی نییە، یان قەدەرێك بێت و لەناوچاوانمان نوسرابێت.

*کەوابێ تۆ دژی ئەوانەی کە دەڵێن:

(بونیادی عەرەب، بونیادێکی دواکەوتووە)؟

-من بڕوام بەپرسی بونیادی نەگۆڕنییە، بەڵام لەبەرامبەریشدا حەزم بەوەنییە شانازی بەڕابردووەوە بکەم و خۆمی پێوە هەڵبکشێم، چونکە لە رابردوودا گەر شتێك هەبێت، باب و باپیرانم کردویانە نەك من.

ناکرێت خەسڵەتی جەوهەرگەرای نەگۆڕ، بەڕەگەز و گرووپێکی دیاریکراوەوە بلکێنین، لەبەرئەوەی کارێکی لەوجۆرە، دەمگێڕێتەوە بۆ هزری دەمارگیری، کە ئەوروپا تاڵاوی بەدەستەوە چەشت. سەروەختێك ئەوروپا دوچاری شتێکی لەو جۆرەبوو، هەوڵیدا خۆی لێی دەربازکات، کەواتە ئێمە بەر لە هەرشتێك، پێویستمان بە شۆڕشێکی هزری و شۆڕشێکی مەعریفی هەیە. نەك تەنها لەگوتاری ئایینیدا، بەڵکو لەهەموو گوتارەکاندا.

*هەندێك دەسکەوتەکانی رابردومان بەناوی کەسانێکەوە دەبەستنەوە، کە عەرەب نین و سەر بەمیللەتانی وەك فارس و تورك و ئەوانی دیکەن. یان پشت بەو شتانە دەبەستن، کە ئیبن خەلدون لە کتێبی (المقدمە)دا دەربارەی عەرەب باسی دەکات و دەڵێت: (عەرەب زیاتر حەزیان بە پاڵدانەوە و لاسایکردنەوەیە، نەك کار و داهێنان و... هتد. سەبارەت بەوانە دەڵێیت چی؟

-وشەی عەرەب لای ئیبن خەلدون، بەمانای (بەدو) دێت و مەبەستی ئەویش (ئەلئەعراب) بووە. ئەو ئەلئەعرابانەی قورئانیش لای خۆیەوە، هەڵوێستێکی نێگەتیڤی لەبەرامبەریان هەیەو دەربارەیان دەڵێت: (قالت الأعراب أمنا قل لم تؤمنوا ولكن قولوا أسلمنا ولما يدخل الايمان فى قلوبكم) الحجرات: 14).

لەئێستادا عەرەب وەك فەزایەکی کلتوری و زمانەوانی، سنورەکانی جۆر و ڕەگەز تێدەپەڕێنێت، ڕەنگە تۆ بتوانیت لافی ئەوە لێبدەیت کە عەرەبیت، لەبەرئەوەی لەنیمچە دوورگەی عەرەب لەدایکبووبیت، بەڵام من ناتوانم لە ڕووی ئەتنیکییەوە لافی ئەوە لێبدەم. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا من عەرەبم و تۆش عەرەبیتو ناتوانیت مافی عەرەببونم لێزەوتبکەیت. تیۆریاکەی ئیبن خەلدون ئەوەیە، کە بەدوو دەشتەکییەکان شارستانیەت وێرانەدەکەن، بەڵام هەرئەوان خۆشیان لەوجێیەدا بارگەو بنەدەخەن و شارستانیەتێکی نوێ دروستەدەکەن.

*ئەی سەبارەت بەباڵادەستی جۆر و ڕەگەزی دیکە، بەسەر کەلەپووری ئێمەدا؟

-ئەوە باڵادەستبونێکی سیاسییەو بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەوە فەرامۆشدەکات، کەپێیدەڵێن هەماهەنگی، لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی فەرمانڕەوا و داموددەزگا کلتورییەکان (شیعر و ئەدەب). فەلسەفە لەکۆشك و دیوەخانی میر و فەرمانڕەواکاندا بڕەوی سەند. لەبواری عیرفان و فەلسەفەی ئیسلامیدا، ئەوەی بە زمانی فارسی نوسراوە، هێندەی ئەوەدەبێت، کە بە زمانی عەرەبی هەیە. ئێمە لێرەدا باس لە باڵادەستی سیاسی دەکەین، کە گرنگی زۆر بە لایەنی کلتوری نادات.

ئیسلام لەسەرەتاکانیداو دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ)، بوو بە ئاینێکی کۆزمۆز پۆلیتانی، واتە لەنیمچە دوورگەی عەرەب، چووە دەرێ و مەڵبەندی خەلافەت، لەشاری مەدینەوەوە گواستراوەتەوە بۆ دیمەشق، پاشان بۆ بەغدا، دواتریش لە قاهیرە و تونس و مەغریب و ئەندەلوس، ناوەندگەلێکی سیاسی و کلتوری زۆر و زەوەندکراوەوە. ئەوەش وایکرد ئیسلام خەسڵەتێکی سەرتاسەری جیهانیانە وەربگرێت.

ئێمە ناتوانین بڵێین کلتوری عەرەبی ئیسلامی، کلتورێکی تەواو عەرەبیانەیە بەمانا ئیتنیکیەکەی. ململانێی نێوان لایەنگرانی نەقڵ و ئەقڵ، یان لایەنەکانی دیکە، ململانێی نێوان هێزگەلێکە کە هەندێکیان دەیانەوێت لەزۆنێکی داخراوی کلتوری و زمانەوانیدا بژین و هەندێکی دیکەشیان، خوازیارن بەسەر دنیادابکرێنەوە.

شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی، یان ئیسلامی عەرەبی، دروستبوونی، قەرزاربارى ئەو هەماهەنگییە قوڵەیە لەگەڵ کلتورە جیاجیاکانی دنیاو هەبوونی ڕەگەزی هەمە جۆرە، کە لەژێر چەترێکدا کۆبوونەوە، ئەو چەترەش ئایینی ئیسلام بوو.

ئەمە دیاردەیەکەو ناتوانین لەبەهای کەمکەینەوە. کەوابێت ناکرێت حوکمی ڕەگەزی و ئیتنیکی بەسەر عەرەبدا بدەین، بەڵام بارودۆخی عەرەب لە ساتەوەختی ئێستادا، هی ئەوەیە سەرکۆنەبکرێت. کاتێك کەسێکی وەك پاپا دەڵێت: (ئەقڵ لە ئیسلامدا ئاوا و ئاوایە)، ئەوا لەجێی خۆیدایە گەر مەبەستی ئێستابێت. هەر ڕەخنەیەکیش کە گوێت لێبێت و خۆڕئاوا ئاڕاستەی ئیسلامی بکات، ڕەخنەیە لەبارودۆخی ئێستای جیهانی ئیسلامی.

سەروەختێکیش دەمانەوێت داکۆکی لە خۆمان بکەین، بەمێژوو ئەو کارەدەکەین و بەرگری لە بارودۆخی ئێستا ناکەین. بارودۆخی ئێستامان هی ئەوەنییە، بەرگری لێبکەین و پاساوی بۆ بهێنینەوە، بەڵام دەتوانیت باس لە ئەقڵی ئیسلامی بکەیت و بۆمونە، موعتەزیلەکان بەمونە بهێنیتەوە. تەنانەت لەلایەن ئەوانەشەوە کەڕقیان لە موعتەزیلەکانە.

*بۆیە دەبینین کەسانێك هەن، ئیبن سینا و ڕازی (بۆمونە)، تەکفیر دەکەن و وەك بەڵگەیەکیش بۆ مەزنێتی مێژوومان ناویان دێنن.

-ئەمە ئـەوە دەگەیەنێت، کە لـەم رووەوە دووفاقێتییەك هەیە، لەلایەك سەیردەکەیت شانازی بە کەلەپوور و سەرلەبەری رابـردووەوە دەکەین، هەرچەندە لەناخیشەوە هەندێکیامان قبوڵنییە، وەك موعتەزیلە و هزری فەلسەفی و چی و چی. ئەمە دەریدەخات تۆ هەرشانازی دەکەیت، بێ ئەوەی بزانیت ئەو رابـردووە بەشێکە لە تۆ، بۆیە مەسەلەکە پێویستی بەوریای و وردبینی هەیە، نەك تەنها بۆئەوەی وەك پەناگەیەك بۆ شانازیکردن و خۆ هەڵکێشان بەکاریبهێنیت، ئەوکاتەی لەدۆخی بەرگری لەخۆکردندابین.

ئێمە ئێستا لەدۆخی بەرگریداین، تەنانەت لەسەر ئاستی فیکریش، بەڵام پێویستمان بە بەرگری نییە، بەڵکو پێویستمان بەهەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە هەیە، دەرهەق بەخۆمان و بەوانی دیکەش.

*ئەمە دەمباتەوە سەر ئەو قسەیەت، کە لە لێکۆڵینەوەکانتدا باستکردووەو دەڵێیت: (وتاری عەرەبی وتارێکی شێوا و شیرزەیە، کەچی هەندێجار واخـۆی دەردەخـات وەك ئـەوەی وتـاری رابـوون و بێداربوونەوەبێت). نیشانەکانی ئەو شێوان و شڵەژانە چین؟

-لەئێستادا وتاری عەرەبی هەموو ڕەخنەگرتنێك بەسوکایەتی پێکردن دەزانێت، ئەوەش مانای وایە ئەو وتارە لەقەیراندایە. هەر ڕەخنەیەك دەگریت، پەرچەکرداری ئاستنزم دەخاتەوە. بۆ نمونە کاتێك ڕەخنە لەمافەکانی مـرۆڤ دەگیرێت لەوڵاتانی عەرەبیدا، بەوە وەڵامتدەدەنەوە کە پێشێلکردنی ئەومافانە لەهەموو جێیەکی دنیادا روودەدات.

بێگومان مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئایدیالی لەجیهاندا پەیڕەوناکرێت، بەڵام خۆ ئەمە بەو مانایە نایەت کەبوونی خراپەکاری لەشوێنێکی دیکە، پاساوی خراپەکاری لای ئێمە بداتەوە. ئەمە بۆخۆی هەڵەیە. بوونی خراپەکاری لەجێگەیەك، پاساو نییە بۆئەوەی لەجێگەیەکی دیکەش هەبێت.

هەبوونی چـەوسـانـدنـەوە و سەرکوتکردنی موسڵمانان لەجیهاندا، نابێت ببێتە مایەی ئەوەی ئێمەش لە کۆمەڵگەکانی خۆماندا، خەڵکانی غەیرە موسڵمان سەرکوتبکەین. بەڵێ وەڵامیان دەدەمەوەو پێیان دەڵێم ئەوە بانێکەو دووهەوا، بەڵام ئایا ئەم ڕەخنەیە ڕاستە، یان نا؟

سەروەختێك پێیدەڵێم: (تۆش ئەوەت هەیە...)، ئەوە پاساو نییە! پێویستە ڕەخنە لەیەکتری بگرین.

ئـەم واقیعە نـاهـەمـوارەی ڕەخـنـەگـرتـن بە سوکایەتیپێکردن دەزانـێـت، وادەکـات تەنانەت گەورە ڕۆشنبیرانیش بڵێن، بەداوای وتارێکی پاپوکەو شێواوەوە، کە وتارێکی ڕوپامایێکەرو بێ نوزە و کرچ و کاڵە، هەرتەنها لەبەرئەوەی ئەوەی وتویەتی کەسێکی ئەمەریکاییە. ئێمە هەق بەکەسەکەدا دەناسینەوە، نەك کەسەکە بەهەقدا بناسینەوە.

*داکـۆکـیـت لەمافی ئیسلامیەکان کـرد، کە بەشێوەی دیموکراسی بگەنە دەسـەڵات و لەدژی لیبرالیستەکانیش وەستایتەوە، سەروەختێك داوای ئەوەیانکرد لەو پرۆسەیە دوربخرێنەوە، وەك ئەوەی لە جەزائیر ڕویداو لە فەلەستینیش لەگەڵ بزوتنەوەی حەماسدا دووبارەبووە.

لـیـبـرالـیـسـتـەکـان پـێـیـانـوایـە داخـڵ بـوونـی ئیسلامیستەکان بەگەمەکە، ئامرازێکە لەپێناو گەیشتن بەدەسەڵات و پاشان کودەتاکردن بەسەر دیموکراسیدا؟ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت، لەکاتێکدا تۆ ڕەخنەت لە وتاری ئایینی گرتووە و لەگەڵیدا توشی گیر و گازبویت؟

-سیاسەت تەکتیکە. گەر من خوازیاریشی بم، ئەوا بەلۆژیکی مۆراڵی- ئایدیالی خوازیارمی. من بیر لە سیاسەت ناکەمەوە، ئەوەی بیری لێدەکەمەوە فەلسەفەیە! بۆچونم وایە، یان دەبێت دیموکراسی بەپڕاوپڕی قبوڵبکەین، یان دەبێت قبوڵینەکەین. بێ ئـەوەی بزانین نیەتی ئـەم و ئـەو چۆنەو چ مەبەستێکیان هەیە، ئەوەی لە جەزائیر ڕویدا، کاتێك سوپا دەستی وەردایە پرۆسەکەو هەڵبژاردنەکانیان ڕەتکردەوە دوای سەرکەوتنی ئیسلامییەکان، بۆخۆی ئەزمونێکی تاڵ و تفت بوو. بەداخەوە هیچیشی لێ فێرنەبوین. بڕوانەچەند خوێن ڕژا؟

سیاسەت تەکتیکە. گەر من خوازیاریشی بم، ئەوا بەلۆژیکی مۆراڵی- ئایدیالی خوازیارمی. من بیر لە سیاسەت ناکەمەوە، ئەوەی بیری لێدەکەمەوە فەلسەفەیە! بۆچونم وایە، یان دەبێت دیموکراسی بەپڕاوپڕی قبوڵبکەین، یان دەبێت قبوڵینەکەین

ساڵی 1990 وتم: (باواى دابنێین ئیسلامیەکانی جەزائیر ویستی ئەوەیان هەبووبێت، دیموکراسی پایەماڵکەن. دەبێت هەڵوێستی ئەوکەسانە چی بێت، کە هەڵیانبژاردوون؟). هێز بدەرە دەست خەڵک.

ئەم پرسە بۆخۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی قەیران. ئێمە دیموکراسیەتێکی مەرجدارمان دەوێت. ئەمەش لەجێی خۆیدانییەو نابێت. بەهێزکردنی گەلان تەنها بەهەڵبژاردنی دیموکراسی و موماڕەسەی دیموکراسانە دەبێت. ئەمەش مانای ئەوەنییە کە لە کەموکوڕی بەدەربێت. هەر میللەتێك دەست و پەنجەی لەگەڵ دیموکراسیدا نەرم کردبێت، بەگژ هەر سەرپێچی و لادانێکدا دەچێتەوە کەتیایدا روبەدات، بەڵام جەخار ئێمەی رۆشنبیران دەمانەوێت، چاودێرێك بەسەر گەلانەوە دابنێین.

*لەگفتوگۆیەکدا کە لەگەڵ رەزوان ئەلسەیددا ئەنجاممداو رۆژنامەی (الجزیرە) لەتشرینی یەکەمی 2008 بڵاویکردەوە، قسەمان دەربارەی سەرلەنوێ شرۆڤەکردنی قورئان کردو پرسیاری ئەوەم لێکرد (رای چیە بە مێتۆدەکەی تۆ). لەوەڵامدا پێیراگەیاندم، کە گونجاوترین میتۆدێکە بۆ خوێندنەوەی قورئان. ئەڵبەتە پێشتر بۆچونی وانەبوو، بەڵکو رەخنەی لێگرتیت و جیاوازی بیروبۆچونەکانیشی لەگەڵ بۆچونەکانی تۆدا خستەڕوو، بەڵام دواتر پەشیمان بووە. هۆکاری رەخنەگرتنەکەشی ئەوەبووە کە تۆ لەسەرەتادا، بەشێوەیەکی توندو رادیکاڵانە بەگژ ئاقاری ئایینیدا چویتەوەو ئەوەش لەسەر حسابی میتۆدی زانستی بووە.

لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟

-بۆخۆم هەردوو دیدارەکەیم خوێندۆتەوە. ئەوەیان کە قسەی زۆر ناشیرینی بەرامبەرکردوم و ناڕەحەتیکردم، هەروەها ئەوەی تۆش لەگەڵتداکردووەو بەشان و باڵی میتۆدەکەمدا هەڵدەدات.

لەڕاستیدا من نازانم هۆکارەکەی چییە..

ساڵی 1999 لەبەرنامەیەکی کەناڵی LBC دا (پێموابێت ناوی بەرنامەکە- حوار العمر- بوو) کە رەزوان ئەلسەید خۆی پێشکەشیدەکرد وتی: (من قایل نابم پێت بوترێت مومجتەهیدو تۆ موجەدیدی). کەچی دواتر قسەی زۆر ناشیرینی لەسەر کردم و یەکێك لەو قسانەیدا دەڵێت: (نەسر حامد ئەبوزێد کابرایەکی داماوەو من بەزەیم پێیداهاتەوەو وتارێکم بۆ بڵاوکردەوە!).

ئەم قسانە ناشرینەو قسەیەکی زانستی نییە، بۆیە ئازاری دام و لەدڵم گرت، چونکە شتی شەخسییە و فیکریی نییە. قسەکانی هێندە ئاست نزم بوون، نەوەڵاممدایەوە و نەگلەیشم لێکرد. ئەویش لەپای ئەو قسە نابەجێیانەیدا داوای لێبوردنی نەکرد. گۆڕینی رای خۆی لەو گفتوگۆیەی تۆ لەگەڵتدا کردووە، پۆزش هێنانەوە نییەو وەك داوای لیبوردنکردن حسابناکرێت، هەرچەندە من بۆخۆم سەرم سوڕما لەو شەرەفە گەورەیەی کە پێی بەخشیم.

ئایا هزر لەخەبات و تێکۆشان دابڕاوە؟ وەك ئەوەی وشەی (خەبات) وشەیەکی خراپ و بەدناوبێت! بیرمەند خەباتگێڕە، بەڵام بەمانا سیاسیەکەی نا. بۆنمونە من لەژیانمدا بەشداری هیچ خۆپیشاندانێکم نەکردووە، چونکە دەترسم (پێدەکەنێت).

*ڕەنگە مەبەستی رەزوان ئەلسەید ئەوە





بووبێت، کەتۆ لەسەرەتادا، پەلاماری ئاقاری ئایینیت دابێت بەبێ خستنەڕوی میتۆدێکی زانستی؟

-ئەو وای نەتووە، گەر وای بوتایەو ئەو قسانەشی بە بەڵگەوە بخستایەتەڕوو، ئەوا قسەکانی دەبوونە قسەیەکی زانستی.

*ئایا ئەوە راستە کەتۆ بەگیر وگاز و پەلاماردان دەستپێکرد، پاشان گرنگیت بەمیتۆدی زانستی دا؟

-هەموو ئەو هەرایە کتێبی (ڕەخنەی وتاری ئایینی) نایەوە. لەپێشەکی ئەو کتێبەدا باسم لە کۆمپانیاکانی سەرمایەگوزاری کردبوو. ساڵی 1985 کتێبی (چەمکی دەق) م نوسی. ئەوە وایکرد ساڵی 1990 پلەیەکی ئەکادیمیم بەرزبکرێتەوەو ببمە مامۆستای یاریدەدەر. لە لێکدانەوەی وتاری ئایینیدا، میتۆدی زانستیم بەکارهێناو کەوتمە پشکنینی میکانیزم و خاڵی دەسپێکی ئەو وتارەو لەوێدا، پێنج میکانیزمم بۆ ئەو وتارەو سێ خاڵی دەسپێکی ئەو وتارەشم دەستنیشانکرد. لەگەڵ جیاوازینەکردن لەنێوان وتاری ئایینی (بەشێوە فەرمیەکەی)و شێوە میلی گەراکەی.

هەروەها نەسکێکی تەرخانە بۆ ڕەخنەگرتن لەچیەیی ئیسلامی (پرۆژەکەی حەسەن حەنەفی بەنمونە). دوابەشیشی تایبەت بوو بە (تێکستە ئایینیەکان.. نزیککارییەکی زانستی). ئەوە تەواوی کتێبەکەیە. ڕەنگە هەڵچون و خرۆشان لە دەس وتارێك و چی و چیدا روبدات، بەڵام لەکتێبدا شتی وانابێت.

*زنجیرەیەك گفتوگۆم ئەنجامداوەو لەبەشێکیدا لەسەر پرسی سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوەی قورئانی پیرۆز و نوێکردنەوەی ئسوڵی فیقە وەستاوم. ڕەزوان ئەلسەید لەگەڵ ئەوەدایەو پێیوایە خواستێکی بەجێیە، بۆئەوەش میتۆدەکەی تۆ بە گونجاوترین میتۆدێك دەزانێت، بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی قورئان، بەڵام محەمەد ئەلنجێمی (کە ئەندامی کۆڕی فەقیهانی سعودیەیە)، لەو گفتوگۆیەی لەگەڵییدا کردوومە دەڵێت: (میتۆدی نەسرحامد ئەبوزێد، ترسناکترین میتۆدێکە بۆسەر قورئان). ئەم ناکۆکی و جیاوازییە زۆرە لەسەر ئەو میتۆدەی تۆ، دەیگەڕێنیتەوە بۆچی؟

-ئەو جیاوازی و ناکۆکییە دەگەڕێتەوە بۆ مەرجەعیەتی ئەوانەی حوکم بەسەر میتۆدەکەمدا دەدەن، نەك پەیوەندی بەژێدەر و باکگراوندی منەوە هەبێت. ئەبێت ئەو میتۆدەی من بەکاریدەهێنم، مەترسیەکەی لەکوێدابێت؟

*بۆنمونە محەمەد ئەلنجێمی دەڵێت: (ئەبوزێد بۆ چونگەلێکی هەیە، ئێمە لای خۆمان لە کۆڕی فەقیهان پێیدەڵێین- گومانکردن لەدەقی قورئان-. ئەوەتا لە کتێبەکەیدا- دەق، دەسەڵات، هەقیقەت-، ئەبوزێد دەڵێت: کەواتە وەحی سەرچاوەی زانست و زانیاری پێغەمبەرە، واتە ئەو ساتە دەگمەنەیە، کە هۆشیاری تێیدا غایب دەبێت و توانستە تایبەتیەکانی لەکاردەکەون، لەبری ئەوە شتە چەپێنراو و شاراوەکان لە قوڵایی ناخود ئاگادا، بەهۆی هێزێکی لە ڕادەبەدەرەوە سەردەردێنن. بەجۆرێك پێغەمبەر د.خ دەستی بەسەریاندا ناشکێت و توانای کۆنترۆڵکردنیانی نابێت).

-ئەوە

لەلایەڕە چەندا هاتووە؟! سەیرە ئەو قسانە، ئەو قسانە عەنتیکەن!!

*هەروەها دەڵێت (پاڵپشت بەو قسانە)، نەسر حامد ئەبوزێد پێیوایە، قورئان قسەی خوانییەو قسەی پێغەمبەرە؟

-ئەو قسانە سەیرن و نامۆن بەبیستنم.

*ئەم قسانە قسەی کۆڕی فەقیهانی سعودیەیەو لەکتێبێکدا هاتووە، بەناوی (القراة الجدیدە للقران).

-تکات لێدەکەم لێی بپرسە، لەچ لاپەڕەیەکی کتێبەکەمدا ئەو قسانەی خوێندۆتەوە؟

ئەو قسانە بەگوێ و بەزمانی من نامۆیەو هەرگیزاو هەرگیز، ئەوە قسەی من نییە. من زمانی خۆم دەناسمەوەو دەزانم چی دەنوسم، ڕەنگە چاپێکی ئەو کتێبەم بێت و دەسکاری کرابێت و شێوێندرابێت، یان لێکدانەوەیەکی لەوجۆرە بۆ قسەکانم کرابێت. ئەمە خەریکە سەردەکێشێت بۆ بواری دەروناسی! تکایە بگەڕێرەوە لای و لێی بپرسە، ئەو قسانەی لەکوێوە هێناوەو لەچ بەش و لاپەڕەیەکدا شتی وام وتووە. قسەی من تێکەڵ بەقسەی یەکێکی تر بکرێت، ئەوە مانای وایە کە...

arakon

(پێدەکەنێت). گەر قسەی منیش بێت، ئەوا مانای وایە توشی زەهایمەر بووم!

*رای تۆ دەربـــارەی پرسی سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوەی قورئان و نوێکردنەوەی بنەماکانی فیقە چییە؟ ئەی دەربـارەی ئەو بۆچونەی رەزوان ئەلسەید چیت هەیە، کە دەڵێت: (یەك لەسەر سێی بنەماکانی فیقە تەوەری وشەو مانایەو ئەوەش لەسەر لۆژیکی ئەرستۆی و زانستە دێرینەکان رۆنـراوە، بۆیە دەکرێت سود لە زمانناسی نوێ وەك بونیادگەری و زمانەوانی و... هتد، وەربگیرێت بۆ خزمەتکردن بە ئایین)؟

-ئەوە یەکێکە لەتەوەرە سەرەکیەکانی ئیشکردنم. لەپرسیاری پێشوتریشتدا کاتێك دەپرسیت: (ئـەو نزیککاریە کامەیە، کە دەشێت پێیبڵێین نزیککاریەکی نۆرماڵە بۆ تێگەیشتن لەدەقی قورئانی؟). پێویستە بگەڕێینەوە بـۆ تێگەیشتن لـە بونیادی دەقی قورئانی و تێکڕای ئیشەکەی منیش ئەوەیە. ئێمە ناتوانین نزیککاریەکی نوێ ئەنجامبدەین، گەر پشتمان بە بارودۆخی بونیادی و مێژویی رابردوو بەست، چونکە هـەر سەردەمێکی فیکری، ئاسۆیەکی مەعریفی تایبەت و جیاوازی هەیە.

ئاسۆی مەعریفی ئێستاشمان، ئاسۆی مەعریفی ئەو لێکۆڵینەوانەی تێپەڕاندووە، کە بۆ قورئان کراوە، هەروەها باس و خواسە فیقهییە کلاسیکیەکانیشی بەجێهێشتووە. هەر سەردەمەو ئێپستیمی تایبەتی خۆیی هەیە. ئەوەی لای ئێمە هەیە سیستمێکی مەعریفییە، کە لەسەر بونیادێکی تێوڵۆژی رۆنراوەو پێویستە سەرلەنوێ پێداچونەوەی بۆبکرێت، لـەبـەرئـەوەی دیدوتێڕوانینی مرۆڤە نەك شتێکی دی. پێویستی سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە بونیادی فیکری، کە محەمەد ئەرکون بە (رەخنەی ئەقڵی ئیسلامی) ناوی دەبات، لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەرکۆن بیرمەندێکی زۆر گرنگە.. ئیجتیهاد بەتەنها بـەس نییە، چونکە ئیشکردنە لەسەر هەمان بونیادی ئەقڵی و مەعریفی، بەڵام رەخنەگرتن لەئەقڵی ئیسلامی، واتە رەخنەگرتن لـەو بونیادە مەعریفییەی لەبنەڕەتەوە بیرکردنەوەی ئیسلامی لەسەر دامەزراوە تا رۆژگاری ئێستامان.

ئەوەش خواستێکی هەنوکەییە، چونکە بەوە دەتوانین رەخنە لەبونیادی مەعریفی فیقهو تیۆلۆژیا بگرین، بەوجۆرەش دەقی قورئانی نزیکدەکەینەوە لەوەی، پێیدەوترێت رۆحی پێش بەتیۆلۆژی بوون و بەیاساییوونی دەقی قورئانی. قورئان نەکتێبی تیۆلۆژیایەو نەکتێبی یاسایەو نەکتێبی فیقهەو نە ئەخلاقە

و نەفەلسەفەیە. لەقورئاندا هەموو ئەوشتانە هەیە، کە پێویستە پەیپێبەرین و دەشێت بە (دنیابینی) ناودێری بکەین. ئەمەش ئەو شتەیە من کاری لەسەردەکەم.

*تۆپێتوایە دۆزینەوە دێرینەکەی بۆ ئێستە دەست نادات، یاخود لەو باوەڕەدای تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە و پەی پێنەبراوە؟

-ئەڵبەتە ئەو دۆزینەوە کۆنە هەیە، بەڵام ئێمە ئێستا ئامرازی مەعریفی زیاترمان لەبەردەستدایە. باب و باپیرانمان سودیان لە هەموو ئامرازە مەعریفیەکانی سەردەمانی خۆیان بینیووەو کەسانی دۆگما و داخراونەبوون. کرانەوە بەسەر گریک و فارس و کێ و کێدا، ئەقڵی ئیسلامی بەرهەمهێنا. من ناتوانم سەرلەنوێ بیر لەبونیادی ئەقڵی ئیسلامی بکەمەوە، بەبێ کرانەوە بەسەر کلتورە جیاجیاکانی سەردەمدا، وەک ئەوەی ئین روشد و عەبدولقاهر جورجانی کردیان.

لێرەدا دڵسۆزی بۆ میتۆدی رابردووە، نەک بۆ رابردووخۆی. میتۆدی رابردوو بەو شێوەیە کراوەبوو، ئێمەش پێویستمان بەوەیە. قسەکانی رەزوان ئەلسەید لەجێی خۆیاندان، چونکە تێکڕای ئەو چەمکە زمانەوانیانەی تەفسیر و بنەماکانی فیقهیان لەسەر رۆنراوە، تاڕادەیەکی زۆر چەمکگەلێکی زمانەوانی ئەرستۆیین.

غەزالی دەیوت: (لۆژیک لە فیقهدا شتێکی بنەڕەتییە). لەوەشدا مەبەستی لۆژیکی ئەرستۆبوو، لەبەرئەوە من پێویستم بەدۆزینەوەی لۆژیکێکی نوێ و فەلسەفەیەکی تازە هەیە، تا بەهێز و کەرەستەکانی سەردەمەکەمەوە لەوبواردا شتێك بکەم. سەربارى ئەوە، قورئان دوچارى جۆرێك لەبەش بەشکردن بووە. بۆ نمونە زانایانی بواری علیمی کەلام بەشێکیان بۆخۆیان بردووە، بونیادی عیلمی کەلامیان لەسەر رۆناوە، هەروەها فوقەهاکانیش بەشێکیان وەرگرتووە، زانستی فیقهیان لەسەر دروستکردووە، عاریفەکانیش بەشێکیان بردووە، بونیادێکی رۆحانییان لەسەر چێکردووە.

چۆن بتوانین دەستمان بە قورئان رابگاتەوە، بەرلەو بەشە بەش بونەی؟ چۆن بتوانین قورئان وەك خۆی و بەیەکگرتویی بەدەستبێنینەوە، بەوجۆرەی دنیابینی تێدا ئامادەبێت و کایەی یاسایی و مۆراڵی و ئیماندارى و فەلسەفیش پێکەوە، بەو دنیابینیەوە پەیوەستبن؟

چاوخشاندنەوە بەوانەدا هۆکارەکەی ئەوەیە کەمن (لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەو کەلەپوور و میراتیەو سوود بینینم لێیان)، سەربە کایەیەکی مەعریفی فراوانتر و زەنگینترم. بابەشێوەیەکی سادەتر بڵێم: (من لەزاناو پیاوانی ئایینی پێشتر چاکترنیم، بەڵام لەئێستادا لەسەر شان و باڵی ئەوان وەستاوم، ئەوەش مانای وایە بواری بینین لای من بەرفراوانتر و دوور مەوداترە. ئەمە بەوە دەچێت کاتێك منداڵەکەت دەخەیتە سەرشانت. خۆ ئەو لەتۆژیرتر نییە، بەڵام لەتۆ دوورتر دەبینێت). پێویستە کەلەپوور ئاسۆیەك بێت بۆ گەشەو بەرەو پێشچوون، نەك وێستگەیەك بێت بۆ کاوێژکردن و دووبارەکردنەوەی شتەکان.

محەمەد ئەرکۆن و رەزوان ئەلسەید مەبەستیان ئەوەیە، کاتێك دەڵێن لەسەر لۆژیکی ئەرستۆتالیسی ڕۆناوە. تێکڕای چەمکە کلاسیکییەکان، لەسەر دنیابینی کلاسیك بۆ جیهان دامەزراوە. قورئان زۆر لەوە زیاترەو ئەو دنیابینیە لەسەردەمی خۆیدا گونجاو پێشکەوتوتربوو، بەڵام هێشتا هەڵگری دنیابینی نوێیەو ئەو توانستەی تێدایە.







لەمێژووی هـزری ئیسلامیدا (ئەوسا و ئێستاش)، پێویستیەکی بەردەوامی گەڕانەوە بۆ قورئان هەیە. سەروەختێك لە (صفین) نەسازان و کاتێکیش سونە و شیعە ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، گەڕانەوە بۆ قورئان و تائێستاش پێویستمان بەوە هەیە.

*بەڵام مەرجی وتاری ئایینی کۆنسێرڤاتیڤ بۆ پەسەندکردنی هەر بۆچونێکی زانستی لە قورئان یان فیقهدا ئەوەیە، ئەوکەسەی خاوەنی بۆچونەکەیە زانایەکی دینداری خواپەرست بێت، یاخود تەنانەت لەوانەبێت کە سەر بە دامەزراوەیەکی ئایینی کۆنسێرڤاتیڤن، چونکە (بۆ نموونە) بیروڕای شەرعی، لەکابرایەکی سـەرڕوت قبوڵناکرێت، ئەگەر بشزانین کۆمەڵگە بەگشتی گوێ بیستی دامـەزراوە ئایینیەکان دەبێت، کەواتە ئەم جۆرە باس و لێکۆڵینەوانە چۆن دەتوانن لەسەر ئاستی هۆشیاری گشتی، بەشداریەکیان هەبێت و کاریگەری دروستبکەن؟

-نا ئەمە بەو جۆرەنییەو پەیوەندی بە مەسەلەی دینداری و خواپەرستیەوە نییە. ئەوان چوزانن ئەوکەسانەی کارێکی لەوجۆرە دەکـەن، ئیماندارن یان ئیماندارنین. ئەمە دەمانباتەوە سەر روواڵەتبازی و روکەشێتی، پرسی تەکفیر و گوتاری ئایینی.

*دەی چۆن دەکرێت ئەم روکەشێتییە لەباربەرین، هزری نوێ بگەیەنین بەهەموان؟

-بـەوەدەکـرێـت ئـەو پەیوەندییەی نێوان پیاوانی ئایینی و دامـەزراوە ئایینیە کۆنسێرڤاتۆڤەکان و دەسـەڵاتـی سیاسی هەڵبوەشێنینەوە. ئـەمـەش ئەوشتەیە کەناوێکی زۆر سامناك و ترسناکی هەیەو پێیدەڵێن (عەلمانییەت). سامناکە لەبەرئەوەی وەها کەوتۆتەوە کە عەلمانییەت بێباوەڕییە. رەنجێکی زۆرمـان دا، تا رووننیبکەینەوە عەلمانییەت بێباوەڕیی نییە، بەڵکو بریتییە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەدەسەڵاتی ئایینی، نەك جیاکردنەوەی سیاسەت بێت لە ئایین.

چونکە تۆ ناتوانیت سیاسەتبکەیت، بەبێ ئەو رەهەندە مۆراڵیانەی سەرچاوەیان کلتوری ئایینە کە. نزیکترین نموونەیەکیش جۆرج بوشە، کە بە پیاوێکی ئیماندار حیسابدەکرێت (بەپێکەنینەوە). سەروەختێك دەسەڵاتی سیاسەت و دەسـەڵاتـی ئایین پێکەوە کۆدەبنەوەو لەدەستی یەك کەسدادەبن، ئەوا هەموومان لەبەردەم مەترسیداین، لەبەر ئەوەی ئایین بەپێی ئەو دەسەڵاتە دەبێتە تاکە ئایینی راسـت و دروسـت و بەوپێیە حوکم بەسەر خەڵك و خوادا دەدات، ئەوەش بۆخۆی شتێکی زۆر ناچێز و ناقۆڵایە!

ئەوکات من بەکەسێکی بێدین دادەنرێم، لەبەرئەوەی ردێنم نەهێشتۆتەوە. ئەو خاڵمە ئیماندارنییە، چونکە سەرپۆشی نەکردووەو باڵاپۆش نییە. وەك ئەوە وایە پێناسەیەکت بۆ ئایین دیاریکردبێت و ئایینت لەداب‌و نەریت و هەڵسوکەوتی رۆژانەدا هەڵقورتاندبێت. زۆر شتێکی بێمانایە کەسێك هەڵبداتێ و بڵێ سەرپۆشکردن و خۆداپۆشین، فەرزێکەو دەبێت جێبەجێبکرێت.

دەزانم ئەم قسانە لای ئێوە حسابی کوفری بۆدەکرێت، بـەڵام لە ئیسلامدا فەرزەکان ئاشکران و پێنجن. بڵێ سەرپۆشکردن مۆراڵە، یـان ئەرکە، بـەڵام مەڵێ فـەرزە!! چونکە کەوات وت، واتە ئەوەی سەرپۆشی بەسەریدا نەدابێت و نیقابی نەپۆشی بێت کافرە، ئەوەش تاوانەو راست نییە.

*لای ئێمە لە سعودیە، کە بەوڵاتێکی توند و سەختگیر دادەنرێت لەو بـارەدا، کەس نییە وابڵێت. دەڵێن کەسێکی لاسار و گوناهبارە، بەڵام ناڵێن کافرە.. ئاخۆ ئەم جۆرە قسانە (بۆنموونە) لەمیسردا دەکرێت؟

-بەڵێ، قسەی واکـراوە. سەروەختێك فەرەنسا بڕیاری یاساغکردنی باڵاپۆشی لە ناوەندەکانی خوێندندا دەرکـرد، ئەزهەر شتێکی وای باسکردو وتی: (ئەو ژنانەی لە فەرەنسا دەژین دەبێت پابەندی یاساکانی ئەو وڵاتە بن، بەڵام لەمیسردا ئەوە فەرزە). ئەنجومەنی نوێنەران دوومانگی تـەواو (سەرباری کێشە و گرفتە زۆرەکانی میسر)، بەدەستەواژەیەکەوە خەریکبوون کە وەزیری رۆشنبیریی لەبارەی حیجابەوە کردبووی. چ کەسێکی ژیر دەتوانێت بێ خوردبوونەوە هزرێك رەتبکاتەوە، تەنها هەر لەبەرئەوەی هەڵگری ئەو هزرە کەسێکە سەر روت و مەدەنییەیان لە فەرەنسا دەژی.

ألا ليت اللحى كانت حشيشى

فنطعمه خيول المسلمين

ئەمە شاعیرێك وتویەتی لەسەردەمانی جەنگی خاچ پەرستاندا. ئەڵبەت لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ریشدار و سەرپۆش بەسەر و باڵاپۆشێکدا، ئەم قسانە ناچێتە ناو حوکمدان بەسەر کەسەکانداو بڕیاردان بەسەریاندا.

من ناڵێم لەچك بەسەر دواکـەوتـووە، چونکە لەزانکۆ وانـەم وتـۆتـەوەو دەزانـم سەرپۆش بەڵگە نییە بۆ ئەقڵ و ژیری. کێشە حیجابی ئەقڵە، نەك حیجابی سەر.

سەروەختێك لەبارەی پرسی حیجابەوە مشتومڕ دەکەین، سوکایەتی بەخانمانی سەرپۆش بەسەرناکەین، هەروەها کاتێك کەسێك دەڵـێـت حیساب بـۆ قسەو و بۆچونی کەسێکی ترناکەم، بەپاساوی ئـەوەی، کەسەکە ئیماندارنییە (بەپێی روواڵەتی)، ئەوەش بۆخۆی سوکایەتیکردنە بەوکەسە.

بەشی سێیەم

فیتنە

مشتومڕی ئایین و سیاسەت لە ئیسلامدا

هشام جعیط

لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵڵا کەریم

ideo

سەرکەوتن بەسەر هەڵگەڕاوەکاندا

ئین سەعد دەیگێڕێتەوە، لە کاتی مردنی عوسماندا، بڕی (35) ملیۆن و (500) هەزار درهەم لەلای خەزنەدارەکەی هەبووە، دواتر ئەو پارانە تاڵانکرا بێئەوەی بزانرێت ئایا سامانی تایبەت بووە ، یان سامانی گشتی ، هەرچەندە ئەوە ئەگەرێکی لاوازە. راستە کە خەلیفە عوسمان هەر لە سەردەمی جاهیلیەوە، پیاوێکی دەوڵەمەند و هەبوو بوو، بەڵام کەمی سامانەکەی لە رابردودا لەگەڵ سامانەکەی، لەو کاتەی کە خەلیفە بوو بەراوردناکرێت. هەریەك لە تەڵحە و زوبێر لە هەموو هاوەڵەکانی تر دەوڵەمەندتر و زیاتر لە نیعمەتدا ژیاون. تەڵحە لە دوای مردنی سامانێکی گەورەی جێهێشت، کە بە بەهای (2.200) ملیۆن درهەم و (600) هەزار دیناری ئاڵتون مەزەندە دەکرا، بە تێکڕاییش هەموو سامانەکەی بە(30) ملیۆن درهەم مەزەندەکراوە. رۆژانە لە رێگەی مولکەکانی لە عێراق، کە بە (النشاشتج) دەناسرا، زیاتر لە (1000) درهەمی دەستدەکەوت، ساڵانەش بە تێکڕا (400 تا 500) هەزار درهەمی دەستدەکەوت. تەڵحە کەسێکی بەخشندەبوو، یارمەتی عەشیرەتەکەشی دەدا و ساڵانە بڕی (10) هەزار درهەمی بۆ عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر دەنارد. لە کوفە خانوەك و لە مەدینە خانوەیەکی تری هەبوو، کە لە گەچ و خشت و ساج دروستکرابوون، بەڵام عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، کە یەکێك بوو لە هاوەڵە پێشینەکانی سەرەتا و کەسێکی سەرەکی ناو شورا بوو، لە دوای مردنی هەزار حوشتر و (3) هەزار سەر مەڕو (100) ئەسپ و رووبەرێکی زۆری زەوی بەراو و چەند خشتێکی ئاڵتونی جێهێشت، کە بە پاچ دەشکێنران. عەبدولڕەحمان مولکێکی لە مولکەکانی (بەنی نەزیر) لە کیدمە هەبوو، بە (40) هەزار دینار فرۆشتی، لەکاتێکدا کە پێغەمبەر بەسەر کۆچبەراندا دابەشیکربوون، بەر ئەو کەوتووە، هەروەها پارچەیەك زەوی تریشی هەبووە، بە نرخێکی هاوشێوە بە عوسمانی کوڕی عەفانی فرۆشتووە. لەوانەیە زوبێری کوڕی عەوام لە هەموان دەوڵەمەندتر بووبێت، چونکە بە تەنیا خۆی رۆڵی بانکی پارە دانراوەکان (ئەمانات)ی دەبینی، لێرەشەوە درك بە میکانیزمی دەوڵەمەندبوونی دەکەین، لە پاڵ وەرگرتنی قەرز لە خەزێنەی گشتی، چونکە پارە لێ قەرزکراوەکان لە مولك و سامانە گوازراوە و نەگوازراوەکان و پاڵپشتیکردنی دارایی پرۆسە بازرگانییەکاندا بەکاردەهێنرا. لە دوای مردنی زوبێر بڕی (2.200) ملیۆن درهەم گەڕێنرایەوە، کە پرۆسەی =گەڕاندنەوەکە چەند ساڵێکی خایاند. بەپێی هەندێك سەرچاوەی تر سامانەکەی زوبێری کوڕی عەوام، بە زیاتر لە (35 یان 40 یان 51) ملیۆن درهەم مەزەندەکراوە. بە رای من ئەملەسعودی هەڵەیەك بەرپادەکات کاتێك باسی بڕێکی کەم دەکات، چونکە زوبێر خاوەنی زۆرێك دارستان و زەوی و زار و (11) خانوو لە مەدینە و دوو خانوو لە بەسرە و خانوەیك لە کوفە و یەکێکی تر لە میسر بووە، جگە لە باخ و باخات لە نزیك مەدینە و هەندێك مولکی تر لە کوفە و ئەلفستات و ئەسکەندەریە. ئەو سامانەی بە هەموو شێوەیەکدا دابەشبوو.

هەروەها سەعد کوڕی ئەبی وەقاس، کە لەوان کەمتر دەوڵەمەندبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سامانێکی بە بڕی (250) هەزار درهەم و خانوویەکی لە (العقیق) هەبووە. ئەملەسعودی باسیدەکات، کە هاوەڵە غەیرە قورەیشییەکان و زۆر مامناوەندییەکانیش سامانیان کۆکردۆتەوە: زەیدی کوڕی سابت کاتێك مردووە ئاڵتون و زیوی زۆری جێهێشتووە، جگە لە جێهێشتنی پارە و دارایی بە بەهای (100) هەزار دینار، هەروەها (المقداد) لە دووری چەند میلێك لە مەدینە لەو شوێنەدا کە بە (الجرف) ناسراوە، خانوویەکی خۆشی دروستکردووە، کە ناوەوە و دەرەوەی بە قسڵ و گەچ دروستکرابوو. کاتێك یەعلی کوڕی مونیە مرد، بڕی (500) هەزار دینار و قەرزی زۆری لەلای خەڵك هەبوو،جگەلەمەش خانو و مووڵکی تری بە میرات جێهێشت، کە بایی (300) هەزار دینار بوو، تەنانەت عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، کە یەکێك بوو لە سەحابە گەورەکان، کە لە هەژارەکان بوو، ماوەی دوو ساڵ عوسمان بێزاری کردو لە بەخشین بێبەشیکرد، بەڵام لە دوای مردنی، بڕی (90) هەزار درهەمی جێهێشت.

سەردەمی خەلافەتی عوسمان بە تایبەتی زەمینە لەبار بوو بۆ کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سامانێکی لەو جۆرە، چونکە سەردەمی پشوودان بوو، لەو سەردەمەدا پارە و سامان بە چڕی زۆر و زەوەندە بوو، ئەو ماڵ و سامانەی کۆدەکرایەوە خەرجدەکرا، یان کۆدەکرایەوە و هەڵدەگیرا، بەڵام عوسمان دەیەویست بارودۆخێکی هەڵکەوتوو بۆ ئازادکردنی پرۆسە بازرگانییەکان و بەکاربردن و دەوڵەمەندبوون فەراهەمبکات. عوسمان خاوەنی ئایدۆلۆژیایەك بوو کە دەڵێت: «لێگەڕێ با بیکات، لێگەڕێ با قازانج بکات»، کە نزیکە لە ئایدۆلۆژیای چێژوەرگرتن و سودوەرگرتنەوە. دەسەڵاتی لە رێگەی خۆشگوزەرانیەوە وێناەدکرد و وایکرد، کەسە نزیکەکانی لێی سودمەند بن، وەکو زەیدی کوڕی سابت و خزمەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی. لێرەوە ئەو تۆمەتە مەترسیدارە دروستبوو، کە دواتر ئاراستەیکرا، واتە کارکردنی لەسەر خۆشویستن و خزم خزمێنە و دابەشکردنی سامانی موسڵمانان بە شێوەیەکی ناشەرعی بەسەر خزم و کەسوکارەکەیدا.

عوسمان بەوپەڕی دڵنیایی و متمانە بەخۆبوونەوە رووبـەڕووی ئەو تۆمەتە بۆوە و وتویەتی: «من دەسەڵاتەکانم بە ئاراستەی یارمەتیدانی خانەوادە گەورە و موحتاجەکەم بەکارهێناوە». بۆ نموونە پێنج یەکی غەنیمەتەکانی ئەفەریقیا، کە دەکاتە (100 تا 200) هەزار دینار، بە مەروانی ئامۆزای بەخشیوە(1). مەروان کە هەژارێکی قورەیشی بوو، بەو پارەیە خانوویەکی لە مەدینە بۆ خۆی دروستکردووە و کتوپڕ دەوڵەمەند بوو. بە هەمان شێوەش، عوسمان سەدەقاتی (قضاعە) کە (300) هـەزار درهـەم بوو بە شێوەیەکی بەخشندانە داویەتی بە ئەلحەکەمی مامی، هەروەها بڕی (300) هـەزار درهـەم و (100) هـەزار دیناری بەخشیوە بە ئەلحارس کوڕی ئەلحەکەم و زەید کوڕی سابت. عوسمان سامانی زۆری دەبەخشیە بنەماڵە گەورە و نزیکەکانی، تەنانەت خۆیشی جارێکیان بڕی (500) هەزار درهەمی لە (بیت المال) قەرزکردووە، پاشان لە دانەوەی دواکەوتووە یاخود نەیویستووە بیگەڕێنێتەوە بۆ (بیت المال). ئەو بڕە پارانە زۆر و بێشومار بوون، بە بەراورد لەگەڵ بەخشینی جێگیری ویلایەتەکان، کە ئاستێکی زۆر کەم بووە و ساڵانە (200) درهەم بوو، ئەگەر بڕی بەخشینە دراوەکان زیاتریش بووبێت لە (3) هەزار درهەم تێپەڕی نەدەکرد. ئەوەی کە لە مەدینە هەبوو، بەخشینی بەدرییەکان بوو، کە بە (5) هەزار درهەم دیاریکرابوو.

گومانی تیدانییە کە راکێشانی سامان و پارە لە (بیت المال) زۆر یارمەتیدەر بووە بۆ پێکەوەنانی سەرمایە و کڕینی زەوی و زارو ئەنجامدانی سەودا بازرگانییەکان. بیستمان کە هەندێك لە هاوەڵان رۆڵی بانکی سامانی دانراوییان بینیوە، ئەوانە قورەیشییەکان بوون، ئەوانەی کە بە پێچەوانەی کۆچەریە دەشتەکییەکانەوە پێشینەیان هەبوو لەگەڵ هەموو شتێکدا، کە پەیوەندی بە بازرگانی یان سەروەت و سامانەوە هەبووە، بۆیە شتێکی سەیر نییە، کە ئەوەندە زۆر دەوڵەمەند بووبن. لەوانەیە بۆ لێکدانەوەی دەوڵەمەندبوونێکی ئاوەها، پرۆسەی گۆڕینەوەی زەوی و زار بە بەربڵاوی هەبووە، کە عوسمان فەرمانی لەسەری داوە و هانی پەیڕەوکردنی داوە. زەوی و زارەکانی عێراق ،کە بە بەپیتی و بەها کشتوکاڵیە باڵاکەی ناسراوە، بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە: زەوی خەراج کە بەشی هەرە گەورەی دەگرتەوە و بۆ پاڵشتی دارایی بەخشینەکانی عێراق بەکاردەهێنرا، پێدەچێت ئەمە لە بەخشینەکانی مەدینە بووبێت، هەروەها زەوییەکانی (الصوافی) و (الفیو) کە هەردووکیان بۆ شەڕکەرانی قادسیە و جەلەولا دەگەڕێتەوە و لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە لە (اهـل الایـام) بەڕێوەدەبران و لە دەستکەوت و زێدە قازانجەکانیان بەشیاندەدان. عوسمان پێیوابوو خەڵکی مەدینە ئەوانەی کە بەشداریان لە شەڕە گەورەکانی وەك قادسیەدا کردبوو لە فەتحکردنی عێراقدا، هەرچەندە لە حیجاز و مەدینە نیشتەجێبوون، بەڵام بەشی خۆیان لەو زەوییانەدا هەیە، ئەوەبوو بیری کردەوە، ئەوانەی لە دورگەی عەرەبی، واتە لە حیجاز و یەمەن و حەزرەمەوت زەوی و زارییان هەیە، دەتوانن بەشەکانیان بە بەشی خەڵکی مەدینە بگۆڕنەوە، واتە بە زەوی و زاری خەراج (الفیو) لە عێراق. بەمشێوەیە ئەوانە لە بەرامبەر بەشداریکردنیان لە شەڕەکانی فەتحدا، لە دورگەی عەرەبی بوونە خاوەنی زەوی و زار، لە خەیبەر، تائیف، یەمەن و حەزرەمەوت. لە بەرامبەریشدا ئەوانەی تر زەوی و زاری عێراق بەدەستدەهێنن، لە جیاتی مووڵکەکانیان لە دورگەی عەرەبی کە دەیانەویست گۆڕینەوەیان پێبکەن.

لە راستیدا ئەم بابەتە بووە هۆی پێکەوەنانی مووڵك و سامانێکی زۆر لە عێراقدا، بۆ ئەوانەی کە خاوەنی شتێکی ئەوتۆ بوون لە دورگەی عەرەبی، تەنانەت لە بەرژەوەندی ئەوانەشدا بوو، کە تەنیا خاوەنی دارایی بوون. بەو شێوەیە تەڵحە مووڵك و سامانەکەی لە (النشاشتج) لەسەر خاکی فورات لە بەرامبەر زەوی و زارەکانی لە خەیبەر دەستکەوت. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێت، کە تەڵحە داهاتێکی رۆژانەی هەزار درهەمی لەو مووڵکە چنگدەکەوت، هـەروەهـا مـەروانـی کـوڕی ئەلحەکەم مووڵکی دارستانەکانی روباری نەهرەوانی بەدەستهێناوە، دوای ئـەوەی نرخەکەی بە پـارەی کـاش لەو پارەیە داوە، کە عوسمان پێی بەخشیوە. تەڵحە کە سەحابیەکی گەورە و دیار بوو بەهۆی ئەو

ئەبو زەری غەفاری، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، عەماری کوڕی یاسر. ئەبو زەری غەفاری لەناوجەرگەی کۆمەڵگەیەکەوە کە تێیدا هەژارەکان هەژارترو دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتردەبوون، لەناو کۆمەڵگەی دوای فەتح کە بەهۆی دروستبوونی خەمی کۆکردنەوە و پێکەوەنانی ئاڵتون و زیو دەکوڵاو جۆشی دەدا

مولْكانەیەوە زۆر دەوڵەمەندبوو، هەروەها مەروان کە ئامۆزای خەلیفە بوو، هەموو شتێکی وەك بەخشین پێدرا. جیاوازیەکە لەوەدا بەدیدەکرێت، کە هەردووکیان لە مەدینە دەژیان، بەڵام ئەوە رێگر نەبوو لەبەردەمیان، کە لە عێراق ببنە خاوەنی مولْك و سامان، خەڵکانی تریش هەبوون سودیان لەوە وەرگرتووە، وەك سەرۆك هۆزەکان، کە نیشتەجێی کوفە بوون و مولْك و سامانیان لە دورگـەی عەرەبی هەبوو. ئەو پرۆسەیە شێوەیەکی وردتری بە بابەتەکان دەبەخشی، بۆ نموونە لە رووی جیاکردنەوەی نێوان بارودۆخی زەوی و زارەکانی خەراج و (الصوافی)، بۆیە روونکردنەوەی ئەو بابەتە بۆ ئەوانە قورسبوو، کە سودیان لێ وەرگرتووە، چونکە بابەتەکانی لە ناڕوونیەك دەرهێنا، کە توانرا کەڵکی لێوەربگیرێت. چەند سەرگوزشتەیەکی تر ئەوە نیشاندەدەن، کە (اهل الایام) بە شێوەیەکی تایبەتی لە بەرامبەر قورەیشییەکاندا رق و کینەیان دەردەبڕی، چونکە بەوە تۆمەتباردەکران ،کە دەیانەوێت دەست بەسەر زەوی و زارەکانیاندا بگرن. تەقینەوەی ئەو جۆرە رق و کینەیە، لە ئەنجامدا دەبوو دۆخەکە بگاتە ئاستی ئەو کێشەو ئاڵۆزییانەی کە لە ساڵی(33ی کۆچی/654ی زایینی) لە کوفە لە دژی شازادە سەعیدی کوڕی ئەلعاس رووياندا.

هێزی هەستی ئیسلامی

پرسەکان زۆر سانا دەبـنـەوە، کاتێك دەوتـرێـت خەلافەتی عوسمانی کوڕی عەفان بۆ شەش ساڵی خۆش و ئـارام و شەش ساڵی ناخۆش و ئاڵۆز دابەشبووە. لە راستیدا لەبەرئەوەی کە تانەلێدان و دژایەتیکردن تەنیا لە نیوەی دووەمـی خەلافەتی عوسمان سەریانهەڵدا، گەورەتر بـوون تاکو بـوونـە هـەرایـەکـی گـەورە، ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت عوسمان لە سوننەتی پێشخۆی دابڕابوو، پێچەوانەی روحی ئیسلام دەجوڵایەوە، لە سەردەمێکی زۆر زووتر چەکەرەی کردبوو. نموونەش ئەوەیە، کە تەنیا لە دوای ساڵێك بەسەر بەیعەتپێدانی وەکو خەلیفە (الولید بن عقبە) کە لە دایکیەوە برای بوو، وەکو سەرپەرشتیاری کوفە لەجێی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس دایمەزراند. وەلحاڵ دەوترێت (الولید) درەنـگ بـاوەڕی بە ئیسلام هێناوە و یەکێکیشە لەوانەی کە پێغەمبەر بە (الطلقاء) نـاوی بـردووە، ئەوانەی کە لە دوای دەستگرتن بەسەر مەککەدا لێیان بـوردراوە و ئازادکراون. قورئان بە شەخسی وەکو فاسق وەسفی کردووە، واتە لە دەقی قورئاندا بەو پیاوە ناسراوە، کە متمانە بە قسەکانی ناکرێت، بەڵام لە کوفە شوێنی سەعدی گرتەوە، کە یەکێك بوو لە هاوەڵە گەورە و دیارەکان و پاڵەوانی شەڕی قادسیە بوو. (البلاذری) دەڵێت: بە راشکاوی ئەو دامەزراندنەی (الولید) کە لە ساڵی (24ی کۆچی)دا بوو، کاردانەوەیەکی خراپی هەبوو. لە دوای تێپەڕبوونی ساڵێك، واتە لە ساڵی (25ی کۆچی/646ی زایینی)دا عەبدوڵڵای کوڕی سەعد کوڕی ئەبی سەرح، کە ئومەوییەکی ترو ئامۆزا و برای شیری عوسمان بوو، لەجێی عەمرو کـوڕی ئەلعاص بە والی میسر دایـمـەزرانـد. هەرچەندە عەمرو هاوەڵێکی پێشینە نەبوو، بەڵام دوو ساڵ لەپێش فەتحی مەککەدا بۆ مەدینە کۆچی کرد و بە شێوەیەکی باش پەسەند کرا، سەرکردایەتی چەند هێزێکی کـرد، کە

وێنەی یەکێک لە جەنگەکان لەسەردەمی ئیسلامدا

پێغەمبەر ئاراستەیدەکردن و بە تەواوەتی لەگەڵ ڕێبازی ئیسلامیدا ئاوێتەببوو. هەمرو یەکێك بوو لە سەرکردە متمانەپێکراوەکانی سوپای ئیسلامی لە سوریا و فەلەستین، لە فەتحکردنی فەلەستین و میسردا ڕۆڵی سەرکردایەتی دەبینی. بەهۆی کارەکانیەوە یەکێك بوو لە کەسایەتییە گەورەکانی ئیسلام، هـەروەکـو خالیدی کـوڕی ولـیـد. لە بەرامبەریشدا باسی ئەوە دەکرێت، کە پێغەمبەر بڕیاری خوێنڕشتنی عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی ڕاگەیاندووە، چونکە ئیدیعای ئـەوەی دەکرد، کە دەتوانێت ئایاتی مەحکەم وەکو ئایەتەکانی قورئان بڵێت.

لـە ساڵی (27ی کـۆچـی/648ی زایینی)دا غەزای ئەفەریقیا ڕوویدا، بە دیاریکراویش لەو ساڵەدا بوو، کە عوسمان پێنجیەکی غەنیمەکانی بەخشیوەتە مەروانی کوڕی ئەلحەکەمی ئاموزای، یان عەبدوڵڵای کوڕی سەعد، ئەو پێنجیەکانەی کە دەبوو بەپێی شەرع بۆ خەزێنەی (بیت المال) بـڕوات. وا پێدەچێت عوسمان لە دوای بوونی بە خەلیفە چەند بڕیارێکی داوە، بڕیاریداوە دووڕخستنەوەی ئەلحەکەمی مامی عوسمان و منداڵەکانی بۆ تائیف هەڵبوەشێنێتەوە، کە پێغەمبەر بۆی دەرکـردبـوو. ئەلحەکەم کوڕی ئەبی ئەلعاص یەکێك بوو لەو قوڕەیشیانەی دژایەتی پێغەمبەری کردووە، تەنانەت لە دوای کۆچکردنیشی بۆ مەدینە، لەسەر گاڵتەکردن بە پێغەمبەر بـەردەوام بـووە، ئیتر لێرەوە بابەتی دووڕخستنەوەی بۆ تائیف دەستپێکردووە، کە دواتر نە ئەبوبەکر و نە عومەر زاتی ئەوەیان نەکردووە ئەو بڕیارە بشکێنن، بەڵام عوسمان هێنای دایمەزراند و کردی بە سەرپەرشتیاری کۆکردنەوەی سەدەقات و باجەکانی قەزاعە و بڕی پارەی زۆری پێبەخشی و کاتێکیش مرد، بە ئاشکرا لەسەر گۆڕەکەی نوێژی دەکرد، هەروەها عوسمان لە ساڵی (29ی کۆچی/649ی زایینی) دا عەبدوڵڵای کوڕی عامری بە سەرپەرشتیاری بەسرە دامەزراند، لە جیاتی هاوەڵی بەناوبانگی پێغەمبەر ئەبو موسای ئەشعەری. عەبدوڵڵای کـوڕی عـامـر کەسێکی ئـومـەوی بـوو، تەنیا کەموکورتی ئەوە بوو، کە تەمەنی بچوك بوو.

ئاشکرایە کە عوسمان لە زووەوە دەستیکردووە بە بردنی پارەی (بیت المال) بۆ دابینکردنی پێویستی و بەخشینەکانی، بـەڵام پێدەچێت لە ڕێگەی قەرزکردنەوە ئەو کارەی کردبێت، کەواتە بەشێکی زۆری تانەلێدان و ڕەخنە ڕووبەڕووی کرایەوە بۆ بیرهێنانەوە و ئاراستەکردنی ڕای گشتی، کە ڕەگ و ریشەکانی بۆ شەش ساڵی یەکەم، یان سەرەتای خەلافەتەکەی دەگەڕێتەوە. بەو شێوەیە و بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکە پێکهێنراوەی سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، هەڵسوکەوتەکانی عوسمان لە کاتێکی دیاریکراودا گۆڕانێکی کتوپڕی بە خۆیەوە نەبینی بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بەرەو بیدەعە کە پێویست بەوە بکات لەسەری لۆمە و مەڵامی ئاراستە بکرێت، بەڵام ڕای گشتی بە شێوەیەکی چـاوەڕوانـنـەکـراو لە سەرەتای ساڵی (29 یان 30) کۆچی بێزاری و ناڕەزایی لە بەرامبەری خۆی نیشاندا، هەروەها ڕووداوە بچوکەکانیش ئاراستە و ڕێڕەوەی خۆیان وەرگرت و جێگەی لێبوردن نەبوون، کەواتە پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان کردەوەکانی عوسمان بە درێژایی ماوەی خەلافەتەکەی، کە هەر لە سەرەتایەوە تاکو کۆتاییەکەی، لەژێر کاریگەری هەمان سیاسەتدا بوو، هەروەها لە نێوان ئەو تۆمەیی و ناڕەزایەتیەی کە لێی کەوتەوە، کە لە سەرەتاوە شەرمنانە بوون، بەڵام لە شەش ساڵی کۆتایی دەسەڵاتەکەیدا بە زەقی دەرکـەوت، بە تایبەتی لە دواین دوو ساڵی خەلافەتەکەیدا، واتە لە ساڵەکانی (34 35-ی کۆچی/654-655ی زایینی)دا گەیشتە لوتکە. لەو کاتەدا ڕای گشتی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ هەموو خەلافەتەکەی عوسمان کرد و یەك یەك هەڵەکانی بیرهێنایەوە، تا گەیشتە ئەوەی کرایە کۆمەڵێك تانە و تۆمەت، کە ڕووبـەڕووی کرایەوە، بەڵام بێئەوەی هەرگیز بگاتە پێدانی یەك دەستەواژەی کورت و پوخت بۆ تۆمەتبارکردنی. ئەوەبوو دواتر چەند تانەیەکی ئاراستە دەکرا وەك: فەرمانیداوە بە سوتاندنی بەرگەکانی قورئان جگە لەو بەرگەی خۆی کە سەپاندبووی، ئەلحەکەمی گێرایەوە کە پێغەمبەری خوا دووری خستەوە، کەسانی نەوجەوانی لە پۆستی والیەکان و سەرپەرشتیاران

عوسمان پێیوابوو خەڵکی مەدینە ئەوانەی کە بەشداربیان لە شەڕە گەورەکانی وەك قادسیەدا کردبوو لە فەتحکردنی عێراقدا، هەرچەندە لە حیجاز و مەدینە نیشتەجێبوون، بەڵام بەشی خۆیان لەو زەوییانەدا هەیە، ئەوەبوو بیری کردەوە، ئەوانەی لە دورگەی عەرەبی، واتە لە حیجاز و یەمەن و حەزرەمەوت زەوی و زارییان هەیە

لە راستیدا بونیادێکی دووفاق و ناچونیەك لەناو دڵی ئیسلامدا شوێنی خۆی کردەوە، هەڵاوێردکردنی بنەماڵەکەی لەلایەن خەلیفەوە، زیادەڕۆییکردنی لەڕووی کارئاسانیکردن و ڕێگەخۆشکردنی بۆ ئومەوییەکان، بە کورتی سیاسەتێکی شاهانە و بنەماڵەویستی پەیڕەوکرد

دادەمەزراند، بە تایبەتی ئەوانەی لە بنەماڵەی خۆی بوون، دیاری و بەخشی بە خانەوادەکەی داوە، سامانی لە خەزێنەی موسڵمانان بردووە، تاوەکو دەوڵەمەند ببێت، زەوییەکانی عێراقی بەسەر هەندێك کەسدا دابەشکردووە، هەروەها تۆمەتبارکراوە بە دابڕانی لە سەردەمی پێغەمبەر و هەردوو خەلیفەی پێشینە و لادانی لە شەریعەتی ئیسلام و حوکمەکانی. ڕێکخستنی ئەو تانە و تۆمەتانە بە شێوەی پڕوپاگەندەی ژیرانە بۆی هۆنرایەوە، تا ئەو ئاستەی دەنگۆکان بە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاوبۆوە، بە تایبەتیش لە کوفە و میسر زۆر دەنگیاندایەوە، تاوەکو لە ساڵی (35ی کۆچی/655-656ی زایینی) کار گەیشتە ئەوەی هێرش بکرێتە سەر مەدینە و کوشتنی خەلیفە عوسمانی لێبکەوێتەوە، کە بۆخۆی بریتیبوو لە لەسێدارەدانێکی ڕاستەقینە.

لە ڕاستیدا بونیادێکی دووفاق و ناچونیەك لەناو دڵی ئیسلامدا شوێنی خۆی کردەوە، هەڵاوێردکردنی بنەماڵەکەی لەلایەن خەلیفەوە، زیادەڕۆییکردنی لەڕووی کارئاسانیکردن و ڕێگەخۆشکردنی بۆ ئومەوییەکان، بە کورتی سیاسەتێکی شاهانە و بنەماڵەویستی پەیڕەوکرد، کە زۆرجار پێچەوانەی ئەو سوننەتە نوێیە بەهێزە بوو، کە پێغەمبەر و هەردوو خەلیفەی پێشوو دایانمەزراند. لە لایەکی ترەوە هەڵکشانێکی بەهێزو قوڵبووەوەی هەستی ئیسلامی سەریهەڵدا، کە هەندێك لایەنی کۆمەڵایەتی بانگەشەیان بۆ بەرجەستەکردنی دەکرد. بە شێوەیەکی گشتی لەلایەك دەکرێت بابەتەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ ملمالانێیەك لەنێوان نوێکردنەوەی پەیوەندی و وابەستەییەکانی خوێن و گەڕانەوە بۆ داب و نەریتەکانی سەردەمی جاهیلی، هەروەها هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتێکی شەخسی و پاوانخواز، لەلایەکی تریشەوە بۆ لەدایکبوونی هۆشیاریەکی ئیسلامی، کە لە ڕێگەی سێ سەرچاوەوە خۆی بەهێز دەکرد: قورئان و مێژووی سەرکێشی ئیسلامی و پێوەرەکانی حوکمی ئەبوبەکر و عومەر. خودی ئیسلام لە دژی عوسمان بووە یاسادانەر، ئیسلامیش بوو کوشتی. کوشتنی عوسمان سەرکەوتنێکی تەواوبوو بۆ ئیسلامی ناواحن (الاسلام المبطن)، لەناو ویژدانی عەرەبیدا، سەرکەوتن بەسەر پاشماوەکانی جاهیلیەت، کە لە لقێکی قورەیشدا بەرجەستەببوو، واتە ئومەوییەکان و پیاوەکەیان (عوسمان). پێدەچێت لێکدانەوەی قەیرانە گەورەکە، وەك ململانێ لە نێوان بنەمایەکی کۆچەری دەشتەکی، کە مردنی عوسمانی لێکەوتەوە و پێشبینیدەکرێت، کە بکوژانی عوسمان نوێنەرایەتیان کردووە و لە نێوان بنەمایەکی بەرجەستەبوو لە کەسی عوسمان، هەڵەیەکی باوبێت، هـەروەك عەبدولعەزیز ئەلدوری لە دوای ئەوانی تر، لە کتێبی (مقدمە فی تاریخ صدر الاسلام) چاپی 1960 باسیکردووە. لە ڕاستیدا پێویست بوو پێچەوانەکەی ڕاست بێت، کە سیاسەتی عوسمان وێناکردنێکی پێشوەخت بوو، بۆئەوەی لە داهاتوودا لەگەڵ ئومەوییەکان دەگـوزەرێـت، واتـە ئـەو کاتەی دەگەنە سەر کورسی دەسەڵات: دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی بۆ بەرژەوەندی بنەماڵەیەك، کە بە باشی ئیسلامەتیەکەی پەیڕەونەکرد، بەڵکو ئاسەوارەکانی دژەیەتیکردنی ئیسلامی پێوەدیاربوو، لەگەڵ بناغەیەکی پادشایانە لەگەڵ دابەشکردنی سامان و دەستکەوتەکان و هاندانی هێزە عەرەبیی کلاسیکییەکان لە تۆڕی خانەدانانی هۆزەکان و نسکۆی بژاردەی ئیسلامی، ئەگەر هاوەڵان بن، یان خوێنەرانی قورئان بن. بە واتەیەکی تر ئەوەی وایکرد لە دواییدا نوێنەرانی ڕەوتی ئیسلامی لە دژی یەزیدی کوڕی موعاویە ڕاپەڕن، هەمان ئەو هۆکارو ئامانجانە بوون، کە لەپشت ڕاپەڕینی هەڵگەڕاوەکانی میسر و کوفە و بەسرە بوون، کاتێك لە دژی عوسمان ڕاپەڕین: «هەڕەشەکانی سەر میراتی ئیسلامی». ئەوەی ڕوویـدا ئەوەبوو، کە عوسمان سەرنەکەوت و کوژرا، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە، ئومەوییەکان بەسەر نەیارەکانیاندا سەرکەوتن.

لێرەوە جیاوازییە گەورەکە دەردەکەوێت، کە دەکرێت بە گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان لێکبدرێتەوە، بەو پێیەی کە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی لـەو سـەردەمـە داهـاتـووەدا، زیاتر پێویستی بە پەیڕەوکردنی بنەمای پادشایەتی

هەبووە. جیاوازیەکی گەورەی تریش هەیە: عوسمان بۆ خۆی پیاوێکی ئیسلامی و سەحابیەکی پێشینە بوو، بەو پێیەش خاوەنی شەرعیەت بوو، کە نەدەکرا تانەی لێبدرێت، بەڵام دەکرێت پێشبینیبکرێت، ئەوەی کە عوسمان هەوڵیدا بیکات، یان کردوویەتی بابەتیانە بوو، پاشان موعاویە کە سیستمی قورەیشی/ پادشایەتی بە بنەمای پشتاوپشت سەپاندووە، توانی درێژەی پێبدات و بەدیبێنێت، بەڵام ئەو هەنگاوە (5) ساڵ شەڕێکی ناوخۆیی ترسناکی لێکەوتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئۆپۆزسیۆنی بەردەوام لە سەردەمی ئومەوییەکان، توانایی و بەردەوامێتی بنەمای ئیسلامیی نیشانداوە، ئەو بنەمایەی کە تەنیا لە کۆتاییدا نەبێت، هەرگیز سەرکەوتوو نەبوو، هەرچەندە بە شێوەیەکی بەردەوام ئامادەگی هەبوو، لەبەرئەوەی لە سایەی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و لەژێر گوشاری هەندێك هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، بیرۆکەی ئیسلامی نەیارو دژ بە پادشایەتی و خزمخزمێنە و توندوتیژی لە کوفە، ئەلفستات، میسر، بەسرە و مەدینە سەریهەڵدا، ئایا مانای وایە کە کێشەکە پەیوەندی بە قەیرانێکی بونیادی حەتمیەوە هەبووە، یان لە هەموو بارێکدا بە جۆرێك لە جۆرەکان سەریهەڵدەدا؟

ئاشکرایە ئەوان گەییان لە عوسمان لەوەدا نەبووە، کە وازی لە ئەسحابەکان هێنا راپەڕن، هاواری (ئەبی زەر) هاوارێك بوو لە بیابان، بەڵام دەلالەتەکەی لە تانە و تەشەرەکانی تردا بەرجەستە بوو، هەروەها گەییان لەوەدا نەبوو، کە عوسمان خانەدانەکانی دەستواڵاکرد، تاوەکو مووڵك و سامانی تایبەتیان پێکەوەبنێن، یان لانیکەم ئەوانە لە تانە و تەشەرە یەکلاکەرەوەکان نەبوون. راستیەکەی لەناو ئەو ئیمپراتۆریەتەدا، کە لە دروستبووندا بوو، چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی لە هەڵچوونداو بوون و هەندێك هێزی ناکۆك و ناحەزیش هەبوون، ئەمە راستە ، بەڵام نەك بەو مانایەی کە بۆ یەکەمین جار پێشبینیبکرێت، بەبێگومان هێزە هاندەر و کاریگەرە هێزی هۆزایەتی و عروبی نەبوو، بەڵکو هێزی ئیسلام بوو لەلایەن ئەوانەوە ئاراستەدەکرا، کە هەڵوێست و شەرعیەتی خۆیان بە هەرەمی ئیسلامەتیەوە گرێدابوو. شۆڕش لە دژی عوسمان شۆڕشێك بوو، لەپێناو پاراستنی ئەو سیستمە ئیسلامییەی، کە عومەر دایمەزراند، شۆڕشێك لە دژی گۆڕانکاری بوو، بە تایبەتی کاتێك بیروباوەڕ و بەهاکان لای سیستمەکە بێت و گۆڕانکاری بە پێچەوانەوە لە بەهاکان بەدەربێت. لێرەوە هێزی بیری سوننەی ئیسلامی بەپێی واتەی سەرەتای دەرکەوت، لە بەرامبەریشدا ئەو رقلێبوونەوەیە دروستبوو، کە بە بیرۆکەی بیدعەوە نوسێنرا، کە بە دیاریکراوی لە سەردەمی عوسماندا دەرکەوت. راپەڕیوەکان بە عوسمانیان دەوت: «تۆ گۆڕاوی». سیستمی ئیسلامی سیستمێکی تەواو دیاربوو، شەرعیەتی لە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەی زەبەلاحەوە وەرگرت، کە هەموو سیستمی جاهیلیەت و سەرجەم گوتارەکانی سەر بەو قۆناغەی ژێرەوژوور کرد، کە لایەنگری بیروباوەڕەکانی ئەو سەردەمەیان دەکرد. ئەوان دەیانوت: «کاتێك دوژمنی یەکتری بووین، ئیسلام هات و ئێمەی کردە برای یەکتر، نیعمەتی ئیسلام گەورەیە لەسەرمان، بەڵام جاهیلیەت پڕ بوو لە ستەم و شەڕەنگێزی». هەموو خەڵکی لەسەر ئەوە کۆکبوون، یان دەیانوت: «خوا رێزی لێناین و پەیامی محەمەدی بۆ ناردین «. ئەم گوتارە لایەنی سیاسی/ئەخلاقی نیشاندەدات، زیاتر لە نیشاندانی لایەنی غەیبی (یەکتاپەرستی): گەلێکی یەکگرتوو، کە فەرمان بە چاکە دەکات، گەلێك خودا لە سایەی ئیسلامدا کردیە میراتگری نەتەوەکان، گەلێك کە لە رابردوودا بێزراو بوو، بەڵام ئیمڕۆ گەلێکی خۆشەویستە، گەلی خودایە.

ئیسلام بە راستی بەسەر هەموو پەیوەستبوونێك بۆ سەردەمی جاهیلیەت سەرکەوت، بەڵام کاتی پێویست بوو، تاکو سەرلەنوێ بگەڕێتەوە سەر گۆڕەپانەکە، بە دیاریکراویش لەسەر دەستی ئومەوییەکان لە قۆناغی داهاتوودا، راستە پێغەمبەر بۆئەوەی دەوڵەت بونیاتبنێت و سەرەتا لە حیجاز، پاشان لە هەموو دورگەی عەرەبی ویستی هەموو ئومەت یەکبخات، بۆ ئەوەش لە پلانەکەیدا هەندێك گەڕانەوەی بۆ رابردوو تیادا بوو، بۆ نموونە هەندێك خەڵات و دەستکەوتی دەبەخشیە ئەو قورەیشیانەی کە تازە دەبوون بە ئیسلام، هەروەها لە رێگەی دانانیان لە هەندێك پۆست و پلەدا بەسەری دەکردنەوە، چونکە بەڵێنی بە خانەدانەکانی هۆزەکان دابوو بۆ هێنانی کۆچەریە دەشتەکییەکان بۆ ژێر سایەی ئایینی ئیسلام، هەروەها ئەبوبەکریش سەرکردایەتیکردنی سەربازی گرنگی بە قورەیشییەکان سپارد، بە تایبەتیش بە ئومەوییەکان، بەڵام ئومەوییەکان لە کۆتایی سەردەمی پێغەم بەرایەتیدا،بەرەنگاربوونەوەی تونديیان لە بەرامبەر ئیسلامدا نیشاننەدەدا، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئەرك و بەرپرسیارێتی گرنگیان وەك موسڵمانانی باش و دڵسۆز و بەورە وەرگرتووە، بۆ نموونە وەك یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان و موعاویەی برای، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیدارە بە سەرۆك هۆزەکانەوە، ئەوەیە کە بزاڤی هەڵگەڕانەوە بەوێدا گوزەری کردووە، لانیکەم ئەوانەی بەشداریان تیادا کرد، هەموو هیواکانیان بۆ وەرگرتنی پلەو پۆستی باڵا لەدەستداوە. عومەر زیاتر لە ئەبوبەکر وەکو بەرگریکارێکی توندو سەرسەخت لە ئیسلام دەرکەوت، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراحی لە

شوێنی خالیدی کـوڕی وەلید دانـا و لە هەموو شوێنێکدا پێگەی ئەسحابەکان و ئەهلی ئیسلامی سەپاند، هاوکات وەکو سەرکردەیەکی راستەقینەی هەموو گەلی عەرەب دەرکەوت. عومەر بوو کە سیستمی ئیسلامی بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی هەڵکەوتوو، لە ئەنجامی فەتح دامەزراند، ئەو سیستمەی لە ریزبەندی پلەی جیهادی و پلەو پۆستی سەرپەرشتیاران و والیەکاندا زۆر ورد بـوو. بۆ ئەو کارانە موسڵمانە دیارو گەورە غەیرە قورەیشیەکانی بەلاوە باشبوو، کە هەروەک لە سەرەتاوە وتمان هیچ پێگەیەکی خێڵەکی گرنگیان نەبوو، لە بنەچەیەکی کۆمەڵایەتی بچوک بوون وەک: عەماری کوڕی یاسر، ئەبو موسای ئەشعەری، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، هەروەها سەرکردە سەربازییەکانی بریتی بوون لە: ئەبو عوبەیدە کوڕی جەڕاح، سەعد کوڕی ئەبی وەقاس، حوزەیفە کوڕی یەمان، نوعمانی کوڕی موقرین، عوتبەی کوڕی غەزوان. ئەمانە هەموویان جگە لە یەکەم و دووەمیان لە هاوەڵانی پلە دوو بوون و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بچوک و ئاساییان هەبوو.

لە سایەی سیستمی عومەردا، شوێنێك بـۆ خـانـەدانـەکـانـی خێڵ و هـۆزەکـان نەبوو، بەڵکو تەنیا خانەدان، خانەدانە موجاهیدەکانی ئیسلام بوون. لە نێوان ئەو ئەرستۆکراتە قورەیشیانەش، کە لەدوای فەتح بە زۆر ببوون بە ئیسلام، عومەر تەنیا یەزید و موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانی بەکارهێنا و ئەرکی پێسپاردن، کەواتە سەردەمی خەلافەتی عومەر، سەردەمی ئاڵتونی ئیسلام بـووە. لەو سەردەمەدا ئیسلام وەك بیرو بـاوەڕ، وەك سیستمی کۆمەڵایەتی، وەك ئومەت و سیستمی بەهاکان بەرجەستە و دامـەزراو بوو، بەڵام فراوانبوونی فتوحاتی ئیسلامی کە تاکو خوراسان سەرکردایەتی سوپاکانی ئیسلامی کـرد، سەرکەوتنی بەردەوامی بەدیهێنا، غەنیمە بە شێوەیەکی بێشومار کۆکرایەوە. هەموو ئەمانە هۆکار بوون بـۆ قـووڵـکـردنـەوەی هەستی ئیسلامی و بـڵاوکـردنـەوەی ئـەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: سەرکەوتن بەشێکە لە پشتیوانی خوا. هەمووان لەژێر چەتری سیستمی عـومـەر کـۆبـوونـەوە، لەپێشیانەوە جەنگاوەران (المقاتلە). لەگەڵ ئەمەشدا ئەو سیستمە زۆر پێداگری لەسەر بەها باڵاکانی ئەو سەحابانەی کە ئیسلامیان پێگەیاند دەکردەوە. خودی عومەر لەلای سەحابەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، کە ئەوان لە ئێستا بەدواوە وەکو سەرکردە و پێشەوا تـەمـاشـایـانـدەکـرێـت، بۆیە دەبێت رەفتار و هەڵسوکەوتیان لەسەر ئـەو بناغەیە رێکبخەن. ئەسحابەکان بەناو ویلایەتەکاندا بڵاوبوونەوە، جگە لە ژمارەیەك لە ئەسحابە پێشینەکان، کە ئەوانیش لە دوای مردنی زیاتر بڵاوبوونەوە. خەڵکی لە دەوریـان کـۆدەبـوونـەوە و وایـان لێدەکردن هەستبکەن، کە ئەوان سـەرکـردەی ئاسایی ئومەتی ئیسلامن. ئەوسا هەموو جوامێرییەکانی ئیسلامی موجاهید لە بەدرەوە دەستپێدەکرد، چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی بەدر دروستبوو، لەبەرئەوەی کە ئەو سیستمە تۆکمەیە لەو مێژووە ئیسلامیەوە سەرچاوەیگرت.

ئەسحابە و هـاوەڵان لـە سـەرووی ئەشراف و خانەدانەکانەوە بوون، بەڵام ئیتر ئەوان بە پێوەری خانەدانەکانی هۆز هەڵنەدەسەنگێنران، کە پێویستی بە سێ نـەوەی سەرگەورەکان بـوو، تا نازناوی خانەدان (شـەریـف)ی بەدەستدەهێنا، بەڵکو بەگوێرەی ئەو ریزبەندیە هەرەمیە بـوو، کە عومەر بۆ خـوار سەحابەکان وێنایدەکرد و هەموو ئەوانەی تریش، لـەبـەرئـەوەی کە لە جیهاد و فەتحدا بـەشـداری بەرچاوییان هەبوو. لەگەڵ دەستپێکردنی سەردەمی عومەر، نازناوی (شەریف) ئاماژە بوو بۆ ئەو کەسانەی، کە شەرەفی وەرگرتنی بەخشینیان پێ رەوا دەبینرا، واتە بەشدارانی شەڕەکانی قادسیە و یەرموك، بە دڵنیاییشەوە ئەوانەی بە (اهل الایام) یان (اهل البلاو) دەناسران و لەپێش ئەوانەوە بوون پلەی خانەدانە پایەبەرزەکانیان هەبوو، کە لە بەخشیندا لەگەڵ ئەسحابەکانی پێش فەتحکردنی مەککە یەکسان بـوون. لە سەردەمی خـەلافـەتـی عـومـەردا، کـە (11) ساڵی خایاند، سیستمی ئیسلامی و هۆشیاری مێژوویی کاتی تەواوییان لەبەردەمدا بوو، بۆئەوەی لەناو واقیعی کۆمەڵایەتیدا رەگی دابکوتێت. هیچ جێگەیەك نەمایەوە بۆ گومانکردن لە ئەولەویەت و پێشینەیی ئەسحابەکان، ئەوانەی کە دروستکارانی سـەرەکـی ئـەو مـێـژووە بـوون. لەناو کۆمەڵی ئەسحابەکاندا، کۆچبەرانی بە رەچەڵەك قورەیشی دیارترینیان بوون، بەڵام ئەسحابەکانی تر لە پشتیوانەکان، یان تەنانەت ئەوانەش کە بە رەچەڵەك لە کۆچبەرییەکان (غەفار، خوزاعە، جوهەینە) بوون، بە هیچ شێوەیەك نەدەچوونەوە سەر هۆزی پێغەمبەر (قورەیش)، بۆیە لـەبـەرئـەوەی کۆچەری بـوون، بابەتێك نەبوون بۆ هیچ ڕێزلێنان و خەڵاتکردنێکی تایبەتی، چونکە کۆچبەرانی پێشینە لە قورەیش بـوون، هـەروەك کۆنترین و سەرسەختترین دوژمنەکانی پێغەمبەریش لە قورەیشییەکان بوون.

ئەگەرچی عومەر سـووربـوو لەسەر تۆمارکردنی نـاوی موستەحەقەکان لە تۆماری دیوانی بەخشین، بەپێی پلەبەندی نزیکیان لە پێغەمبەر محەمەد، بەڵام بە گیانی وەفـا و ڕێزگرتن لە پێغەمبەری دامەزرێنەر و وەك ڕێزلێنان کردوویەتی، هەرچەندە جـەوهـەری کارەکە بەپێی سیستمی ڕیـزبـەنـدی دابـەشـکـردن و بەرکەوتن و پێشبڕکێ بـوو. ڕاستە کە کەسایەتی پێغەمبەر بەندە بە عەقیدە و

نوێژ پێکەوە، هەروەك ئاوێتەی نەریتە ئاینییەکان و شەهادەتیش بوو، بەڵام هێشتا لەو کاتەدا لە ئاستیدا هەستکردن بە ترس و خوداپەرستی و سۆز نەبوو، تەنیا لەناو ریزی ئەسحابەکاندا نەبێت، بەڵکو بە زۆری ڕێزگرتن و گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەری دامەزرێنەر هەبوو، لەگەڵ ئامادەگیەکی بەردەوام لە ئاسۆی مێژوودا. پێش هەر شتێك ئیسلام و پێغەمبەر واتەی جوامێری و کاری جیهادی و قارەمانێتی لە پێناوی خودا و قوربانیدان لە ڕێگەی قەزیەی ئیسلام دەگەیەنن. ئەو جوامێری و قوربانیدانە بە پشتبەستن بە قۆناغی مەدینە و دوای دامەزراندنی ئومەتی ئیسلامی، سەرەتا لە بەدر و دوای بەدریش دروستبوو، نەك بە گەڕانەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی پڕ چەوساندنەوەو تاریکی مەککە، قۆناغی بانگەواز بۆ خواپەرستی بەبێ بوونی مەدینەی ئیسلام. عومەر یەکەم کەس بوو لە سیستمی خۆیدا، پشتی بە قۆناغی مەدینە بەست، بەو پێیەش ئەوەندەی گرنگیدەدرا بە قۆناغی پێغەمبەرایەتی کارا و سەرکەوتوو مێژوویی و دامەزراندنی مەدینە و بونیاتنانی ئیسلامی جەنگاوەر و موجاهید، بەو ئاستە گرنگی بە قۆناغی پێغەمبەرایەتی شەکەت و ئازارچەشتوو نەدەدرا. هاوەڵان بە پیرۆزییان سەرسام نەبوون، نەك لەبەرئەوەی لە مامۆستاکەیانەوە (پێغەمبەر) نزیکبوون، بەڵکو بەوە سەرسامبوون، کە لەگەڵ ئەودا جیهادیان کرد و هەموو رووداوەکانیان پێکەوە بینی بۆ پێکەوەنانی ئەو دەسەڵات و کارە مێژوویەی ئیسلام، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی پێغەمبەر و ئەوانیش ڕێژەیی بوو، مافیان تێیدا هەبوو، هەروەها مافی پێش خۆشیان لەسەر بوو،بۆیە لەسەر هاوەڵان فەرزنەبوو، تا بکرێنە پێشەنگ و نموونە و لەخواترسێکی زۆر بەرز، بەڵکو دەبوو زیاتر لە خەڵکی خاوەنی ماڵ و سامان بوونایە. بۆ نموونە وەکو لۆمەکردن بە (ئەبی زەر)یان وتووە: «هاوەڵەکانت لەپێش ئێمەوەن سامانیان لە هەموو خەڵکی زۆرترە»، ئەویش لە وەڵامدا دەیوت: «ئایا ئەوانیش لە ماڵ و سامانی خودا مافیان نییە، منیش وەك ئەوانم هەیە».

زاهیدی لە ئیسلامدا، بەهایەکی زۆر باو نەبوو، بۆیە لەو سەردەمەدا تەنیا چەند کەسێك کەم بەرجەستەیان دەکرد، وەك ئویس ئەلقەرەنی و کەعبی کوڕی عەبدە، بەڵام زاهیدی بە تەواوەتی ئامادەگی هەبوو بۆ سەلماندنی بانگەشەکەی ئەبی زەر کە لەلایەکی تردەوە بەقەدەر ئەوەی پێداگری دەکرد لەسەر دابەشکردنی دادوەرانەی سەروەت و سامان، ئەوەندە داوای بێزارندنی سامان نەدەکرد، چونکە لە ئیسلامی پێشینەدا، کە دەکرێت بە ئیسلامی ڕەسەن ناوببرێت، بە شێوەیەکی تایبەتی هەستکردنێکی زۆر بۆ پەیڕەوکردنی دادپەروەری هەبوو، کە بەپێی فۆرمە عەقڵییەکانی ئەو سەردەمە گرنگیپێدراوە. ئەبوبەکر و عومەر وەك دوو سەرگەورە و سەرپەرشتیاری راست و دادپەروەری خەڵك تەماشادەکران، چونکە جگە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ڕەعیەت، سەرقاڵیەکی تریان نەبوو. عومەر لە هیچ شتێکدا خێزانەکەی و خزم و کەسوکارەکەی و هاوڕێکانی لە خەڵکی جیانەدەکردەوە. عومەر بۆ خۆیشی بە تەواوەتی خۆی بێبەری کردبوو، داوای هیچ سامان و پارەیەکی بۆ خۆی نەدەکرد، بە شێوەیەکی نەگۆڕیش خۆی خستبووە ژێر فەرمانی باوەڕدارانەوە، بۆئەوەی پابەندی هەر سکاڵایەکیان بێت و خۆی ڕاستبکاتەوە، هەروەها داوای لە هاوکارەکانی دەکرد لە بەرامبەر هەموو دزیکردن و لادانێکدا بەئاگا بن. وێناو کارەکانی عومەر بە شکۆمەندییەوە باسدەکرا، تەنانەت لە بارەی ژیانیەوە وێنەیەکی زۆر سەرسوڕهێنی دەربارەی سادەیی و گرنگیدان و پەرۆشی بۆ سەروەت و سامانی ئومەت و پاکێتی دادپەروەری تەواو پیشاندا، بەوەش توانی خۆی بەسەر هەمووواندا بسەپێنێت.

گومانی تیادا نییە عومەر هەوڵ و تەقەللای زۆری داوە بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی نموونە زۆر جوان و باڵاکانی ئیسلام، وایکرد ئیسلام خواستراو و سەرنجڕاکێش بێت، هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیەش درێژەی بە ڕێبازی شایستەی پێغەمبەر داوە. بەڵام عوسمان کە خۆی تەسلیمی حەزو پێویستییەکانی ژیان کرد، لۆمەی خەلیفە عومەری دەکرد لە بارەی لێگرتنەوە و سکهەڵگوشین، کە

ئیسلام بە ڕاستی بەسەر هەموو پەیوەستبوونێك بۆ سەردەمی جاهیلیەت سەرکەوت، بەڵام کاتی پێویست بوو، تاکو سەرلەنوێ بگەڕێتەوە سەر گۆڕەپانەکە، بە دیاریکراویش لەسەر دەستی ئومەوییەکان لە قۆناغی داهاتوودا

ئەبو زەر، معاویەی بە زیادەمەسرەفی و بەفیڕۆدانی پارە تۆمەتبارکرد سەبارەت بە معاویە و حەبیبی کوڕی موسەلەمەی یاریدەدەری

ئەرکی خەلیفەکانی دوای خۆی قورستر کرد. ئەو سیستمەی عومەر پەیڕەوی کرد سیستمێکی چاکەخوازانەی بوو، لە دیدی ئەودا پەیوەندیدار بوو بە بیرۆکەی پاداشتی دادوەرانە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەبوبەکر هەموو جۆرێکی پلەبەندی ڕەتکردوەتەوە، کە دیوی یەکسانیخوازانەی ئیسلام نیشاندەدات. ئەوەی لەلای جەنگاوەرانی عەرەب هەبوو، بە زەبری هێز یەکسان بوون، پلەو پایەش ئەوەش بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێزلێنان و مافێکی بەدەستهاتووی پەیوەست بوو بە ئیسلامەوە. لە سەردەمی خەلافەتی عوسمان لە کوفە، لە سەروبەندی سەرهەڵدانی توندی هەڵچوونی عەقڵ و دەروونەکانـدا، هەندێك ڕەخنەیان ئاراستەی پلەبەندی دەکرد و بە عەیبەیان دادەنا، بەڵام زاتی ئەوەیان نەدەکرد باسی کەسوکارییان بکەن، چونکە زۆرینە لە دژییان بوون، هەروەها جەنگاوەران وەها بیریاندەکردەوە، کە زەوی بۆ خۆیان دەبێت، چونکە بە هێزی شمشێرەکانیان فەتحیانکردووە. هەموو ئەمانە دەبێت باسبکرێت، تاوەکو تێبگەین، کە هەموو ئەوانەی پەیوەستبوون بە «ماڵی خودا»، لە دەستکەوت و غەنیمە و خەراج، کە لەپێناویدا ئەرکیان کێشابوو، بەلای ئەوانەوە بابەتێك بوو وەك پرسێکی بێزراو سازشیان لەسەر نەدەکرا.

هەموو ستەمێك ئەو کەسانەی تا ئەوپەڕی توڕەدەکرد، سەرەڕای ئەوەش خەلیفە عومەر، کە بە مەچەکێکی ئاسنین دەسەڵاتەکەی بەڕێوەدەبرد و دەوڵەتی وەکو خزمەتکاری ئومەت وێناکردبوو، نەك بە پێچەوانەوە. ڕاستە کە خەلیفە ئامانجی لەشکرو جەنگاوەرانی دیاریدەکرد، فەرمانی دەدا بە ڕێکخستنی کارووباری سوپاکان، بەڵام ئەوەی بۆ خزمەتی سوپا و سەربازەکان دەکرد و خۆیشی کردبووە ناوبژیوانێك لەنێوان ئەوان و جیهاندا. خودی پرۆسەی فەتح بەناوی دەوڵەتەوە نەبوو، بەڵکو لە پێناوی ئیسلام و موسڵماناندا بوو. گەورەیی و باڵایی تەنیا بۆ خودا بوو نەك بۆ دەوڵـەت، واتـە خـودا موسڵمانەکانی بەرەو فتوحاتەکان و زەوییەکانیان ئاراستەدەکرد، سروشتی ئەم کارانە وا پێویستی دەکرد، زەوییەکان لەلایەن جەنگاوەرەکانەوە بەڕێوەببرێت و دەبوو بەپێی یاساکانی جەنگ دابەشیان بکردایە، بـەو پێیەش دەوڵـەت دەسـتبـەرداری دەبـوو، وەك ڕێگەپێدانێك بۆ موسڵمانان، بەڵام شتێکی ئاسایی بـوو، کە زەوی تەنیا بۆ ئـەوان بێت. عومەر نەیدەتوانی زیاتر لەوەی کە کردی ڕۆڵی دەوڵەت لە جیهانی ڕابردوودا بەرجەستەبکات، جیهانێك کە بەردەوامبوونی بنەمای دەوڵەتداری فەرامۆشکردبوو، بەڵام ئێستا لە ژێر باری کۆمەڵێك کێشە و گیروگرفتی زۆردا ناچارە گوێڕایەڵی بێت. خەڵك، والییەکان و سەرپەرشتیارەکان و سەرکردەی سەربازەکان گوێڕایەڵی خەلیفە بوون، واتە گەلی گوێڕایەڵ و ئومەتێکی یەکگرتوو بوون، بۆیە لە ماوەی (13) ساڵ لە خەلافەتی ئەبوبەکر و عـومـەردا، هیچ کێشەو گرفت و سکاڵایەك نەبوو، بەڵکو یەکڕیزیەکی بێ درزو کەلێن و دەسەڵاتێکی بێ ستەمکاری بوونی هەبوو. لە ماوەیەکی کەمدا داوا لە خەڵکێکی زۆر کرا لە دژی بت و خواوەندەکانیان ڕاپەڕن، کۆچ بکەن و ژیانێکی نوێ دروستبکەن، لە نەریت و پابەندییە خێڵەکیەکان دوور بکەونەوە.

ڕاستە کە ئاسۆی ژیانێکی نوێ لەبەردەمیاندا کرایەوە، بەڵام دەرگای خۆسازدانی هەمیشەیی و بـزوتـنـەوەی سـەربـازی و قوربانیدانی بێ پسانەوەشیان لەبەردەمدا کرایەوە. سەرتاپای ژیانیان لە ژێـر ڕکێفی ئیسلامدا بـوو. فـەزای نوێژکردن بە شێوەیەکی زۆر باش لەگەڵ ژیانی جیهادی و بەکۆمەڵدا دەگونجێت، چونکە گەلێکی تەواو چەکدار بەرجەستەدەکات و عەشیرەتەکان و هۆزە دەربەدەر و زێدەڕۆکانی دوێنێی هەموو پێکەوە وا لێکرد، بچنە ژێـر باڵی سیستمی چەمانەوە و سوجدە بـردنـەوە، کە نەفەسی بەهێزی قورئان تیایدادانراوە. لە سەروبەندی شەڕە گەورەکانی وەك (ذات الصواری)دا لە دژی بێزەنتییەکان، تـەواوی شەوەکان بۆ نوێژکردن و قورئان خوێندن تەرخانکرابوو، لە کەشێکی بێدەنگیدا قورئان خوێنەکان لەپێش دەستپێکردنی هێرشەکاندا سورەتی (الجهاد)یان دەخوێند. (13) ساڵ لە شەڕکردنی پێکەوەیی لە ژێر بەیداخی ئیسلامدا، لە کەشێکی گەرموگوڕ و پڕ لە وەرەدا، ئوممەتێك دروستبوو. هیچ بواریك بۆ گەڕانەوە

بۆ رابردوو نەبوو، هیچ هەوڵدانێکیش بەو ئاراستەیەدا نـەدرا، تا ئەو رادەیـەی کە کاتێك عوسمان دەسەڵاتی گرتەدەست، هـەمـووی ئوممەتی گـەورەی عەرەبی موسڵمان، لەسەر پێی خۆی وەستابوو. ئەو بەرفراوانبوونە گەورەیەی مەدینە، کە بە هەموو سیما سەرەکییەکانیەوە پێکهێنرا، بـووە هۆی لەدایکبونی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی ئیسلامی نوێ.

پێویستە هەموو ئەمانە لە بیرو هۆشماندا بێت، بۆ تێگەیشتن لەو رووداوانـەی لە سەردەمی عوسماندا رووياندا، بە تایبەتیش ئـەو شـۆڕشـەی بـەرپـا بـوو، چونکە لە دیدی هەندێك لە موسڵمانەکاندا ئەوەی عوسمان دەیکرد، سازش و لێبوردنی بۆ نەبوو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا زۆرینە بێدەنگ بوون، تەنانەت ئەگەر گلەییشیان بکردایە پێیانوابوو نابێت هیچ شتێك بۆ دابڕینی یەکێتی ئوممەتی ئیسلام دابڕێژرێت، لەبەرئەوەی ئیمام/ خەلیفە/ ئەمیری ئـیـمـانـداران هەرگیز جێگەی دەستبردن و تانەلێدان نەبوون. ئەگەرچی ئیسلام بە قووڵی وێنای پێشەوا (ئیمام)ی کردووە وەك رابەرێك بۆ بەرجەستەکردنی ئوممەت، بەو پێیەی کەسێکی پیرۆزە. هەمان ئـەم ئـارەزووە بـوو، کە بـەرەو عوسمان کشاو دواجار بە ناوی ئەو بیرۆکە پێکهاتووە لەناو ئیسلامدا، رەتکرایەوە و کـوژرا. ئەمە وای لە زۆرینە کردبوو خۆیان لەو مەسەلەیە دوور بگرن، بەڵام لە داهاتودا بە ئاراستەیەکی پێچەوانە بۆ بەرگریکردن لە یادەوەرییەکانی و تۆڵە سـەنـدنـەوەی، بزوتنەوەیەکی لێ دروستبوو. ماوەی (13) ساڵ لە خەلافەتی باش و شکۆداری هەردوو خەلیفە ئەبوبەکر و عومەر، پێش ئەوانیش (10)سـاڵ لە سەردەمی پێغەمبەر، سەردەمی زێڕینی ئایینی، سیاسی، مرۆیی و جەنگاوەریی ئیسلام، لەگەڵ هەموو ئەو رووداوانـەدا، کە ئوممەتی ئیسلامیان دروستکرد، لە

وێنەی یەکێک لە جەنگەکان لەسەردەمی ئیسلامدا

هەمانکاتدا ئەم بنەمایانە پێشەوایەتیان کردە کلیلی ژیانی هەموو ئوممەت، بە تایبەتی لەگەڵ هەموو وابەستە ئاینی و سیاسییەکاندا بوونە دڵی بونیاتنانی ئیسلام، چونکە سەردەمی پێغەمبەرایەتی، لەدوای ئەویش خەلافەت، رابەرایەتی ئوممەتیان کرد. رابەرایەتیکردن و سەرکردایەتی کردن ئەرکێکی بارگاوی بوو بە هەموو تووندوتیژی و هەموو پرۆزییەك، بەڵکو بووە ناسنامەی حەماسیی بۆ گەلی ئیسلام.

قەیران

مـەدیـنـە: سـەرهـەڵـدانـی ناڕەزایەتییەکان لە دژی عوسمان

لە بنەڕەتدا یەکەم ڕەخنە و گلەیی لە دژی عوسمان لەناو هاوەڵەکانەوە سەریهەڵدا. لەڕووی مەبدەئیەوە ناوەندی هاوەڵان بوو، وا هەستیدەکرد کە لەڕووی سیاسی و ئاینییەوە، زیاتر لە هەر کەس و لایەنێکی تر، بەرپرسیارە لە چارەنوسی ئوممەتی ئیسلام، چونکە پێیوابوو تەنیا خۆی پەیوەندیدار و بەرپرسە لە میراتی پێغەمبەرایەتی و لـەڕووی مێژوویییەوە بەشداریکردووە و هەوڵیداوە بۆ بونیاتنانی ئیسلام، بەڵام گەورە هاوەڵانی قوڕەیش لە ریزی کۆچبەراندا، جگە لە عەبدوڵڕەحمانی کـوڕی عـەوف هـەر لـە سـەرەتـاوە لە بـەرامـبـەر زێـدەڕۆیـیـەکـانـی عوسمان بێدەنگیان لێکرد، تەنانەت بۆ نموونە کەسێکی وەکو عەلی نیشاندانی پشتیوانی بۆ ڕەخنە و گازەندەییەکان ناشارێتەوە، هەروەها پشتیوانان لە بەدرییەکان یان ئەوانیتر، تێبینی و ڕەخنەکانی خۆیان بە ڕوونی و دیاریکراوی نیشان نەدەدا،بەڵام ئەوانەی سنوری ئەو هێڵەیان بەزاند، بە شێوەیەکی گشتی ئەو هاوەڵانە بوون، کە لە خەڵکی پێشینە و ڕەسەنایەتییان دەگەڕایەوە سەر کۆچەری دەشتەکی و هەندێکجاریش لایەنگری قوڕەیشییەکان بـوون، ئـەوانـەی بە تـەواوەتـی لەگەڵ ئیسلامدا ئاوێتە ببوون، ئەو ئیسلامەی کە بواری بۆ ڕەخساندن بۆ بەرجەستەکردنی دۆخ و ڕەوشی کۆمەڵایەتییان کە ئاستی خواروەوەی هەبوو، ئەوەش بۆ گەیشتنیان بە پلەو پایە لە سەردەمی عومەر، یان بەدەستهێنانی پلەیەکی مەعنەوی شایستە لە ریزی یەکەمدا.

ئەو هاوەڵانە لەنێوان مەدینە و ویلایەتە ئیسلامییەکاندا ژیانیان دەگوزەراند، لێرەو

لەوێ ڕەخنە و گلەییەکانیان بڵاوەدەبۆوە، تاکو بە شێوەیەکی تایبەتی لەناو مەدینەدا گەیشتە ئەوپەڕی تووندی و بەهێزی. سێکوچکەیەکی ناڕەزایەتی هەبوو، پێویستە بەتایبەتی سەرنجی لێبدرێت: ئەبو زەری غەفاری، عەبدوللای کوڕی مەسعود، عەماری کوڕی یاسر. ئەبو زەری غەفاری لەناو جەرگەی کۆمەڵگەیەکەوە، کە تیایدا هەژارەکان هەژارتر و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبوون، لەناو کۆمەڵگەی دوای فەتح، کە بەهۆی دروستبوونی خەمی کۆکردنەوە و پێکەوەنانی ئالتون و زیو دەکوڵا و جۆشی دەدا، لە ساڵی (30ی کۆچی)دا هەستا بە چەند وشەیەکی سانا و بەهێز مۆژدەی دادپەروەری و پێکەوەژیانی هێنایەوە و ڕەخنەی لە عەمبارکردن و کۆکردنەوەی سامان گرت. ئەبو زەر لە بنەچەدا کۆچەرییەکی کینانە بوو، لە یەکەم ساتەکانی سەرەتاوە ئیسلام بووە، یەکێك بوو لە هاوەڵە دیارەکانی پێغەمبەر، بۆیە بووە هاوەڵێکی مەدینەیی، بەڵام مەدینەی جێهێشت، بەهۆی فراوانبوونی زۆربوونی بیناو خانوو، چونکە نەیدەیویست حەدیسێکی ئاگادارکەرەوەی پێغەمبەر ببینێت بەدرۆ بکەوێتەوە، کە دەفەرموێت: «اذا بلغ البناء سلعا فالهرب»، واتە هەر کاتێك دروستکردنی کۆشك و تەلار زۆر تەشەنەیکرد لێیرابکەن. ڕاکردن بۆ پاراستنی ئایین و بەهاکانی. پێشتریش ئەبو زەر لە مەدینە لە دژی ئەو بەخشین و دیاریانە وەستایەوە، کە بڕەکەی سەدان هەزار دینارو درهەم بوو عوسمان بەسەر خزمەکانی و دۆست و هاوڕێکانیدا دەیبەخشیەوە. ئەبو زەر پاڵپشت بە فەرمودەکانی خودا، کە هەڕەشە لە تاقەتکارانی خشڵ و ئالتون و زیو کات، دەیوت: «مژدە بدەرە ئەو کەسانەی ئالتون و زیو کۆدەکەنەوە، کە جێگەیان ناو دۆزەخ دەبێت». ئەبو زەر بەهۆی جیهادەوە مەدینەی جێهێشت و ڕووبەڕووی سوریا، لەوێ ئامۆژگاری دەوڵەمەندەکانی دەکرد و هانیدەدان تا واز لە خۆپەرستی بێنن و دەستی کۆمەك و هاوکاری بۆ هەژاران درێژ بکەن. دەیوت: «ئەی کۆمەڵی دەوڵەمەندەکان، لایەك لە هەژارەکان بکەنەوە». هەمیشە دووبارەی دەکردەوە و دەیوت: «ئەوانەی خاوەنی ماڵ و سامانن کاتێك زەکاتەکانیان دەدەن، تەواو لەبەردەم خودا پاك نابنەوە، بەڵکو لەسەریان پێویستە لەوە زیاتر ببەخشن. ئەبو زەر گلەیی لە موعاویەش دەکرد، کە والی سوریا بوو، لەبەرئەوە بوو، کە ماڵ و سامانی غەنیمە و باجەکانی بە موڵك و سامانی خودا دەزانی، بەڵام موعاویە دەیویست لە موسڵمانانی بستێنێت. ئەو لە وەڵامدا پێیراگەیاند: «ئەم سامانە هی موسڵمانانە و ناکرێت بڵێیت بە ماڵی خودا ناوی ببەیت» (2). ئەبو زەر موعاویەی بە زیادەمەسرەفی و بەفیڕۆدانی پارە تۆمەتبارکرد، سەبارەت بە دروستکردنی کۆشکی (الخضراء) لە دیمەشق، بۆیە رازینەبوو بە وەرگرتنی بەخشین و دیاری لە موعاویە و حەبیبی کوڕی موسەلەمەی یاریدەدەری. ئامۆژگارییەکانی ئەبی زەر لە سوریا هەمووی دەربارەی خراپیەکانی دەوڵەمەندبوون و پێویستی بوو بۆ پێکەوە هاوکاریکردنێکی فراوانتر لەنێوان موسڵمانان و چاکیەکانی دەستلێگرتنەوە و سکەڵگوشین بوو، ئەوەش هەژارانی پێ دڵخۆش و دەوڵەمەندەکانی پێ بێزار دەبوو.

دواجار موعاویە لەلای خەلیفە سکاڵای لەسەر کرد، چونکە لەوە دەترسا وتارەکانی ئەبی زەر لە سوریا (ویلایەتە ئارامەکە)دا کێشەو گرفتی بۆ دروستبکات. ئەوەبوو خەلیفە عوسمان داوایکرد بینێرن بۆ لای لە شاری مەدینە، لەوێش خەلیفەی بەوە تۆمەتبارکرد، کە خەڵکی بە گشتی پێیان تۆمەتباردەکرد، بە تایبەتیش دامەزراندنی گەنجان لە کارو پۆستە فەرمییەکان و تایبەتکردنی نەوەکانی دوژمنە کۆنەکانی پێغەمبەر، بەڵام ئەو زیادەییەکی بۆ سەر ئەمە هەبوو، کە وتی: «نابێت دەوڵەمەندەکان سەروەت و سامان کۆبکەنەوە». ئەوە داواکارییەکی قورس بوو، عوسمان نەیدەتوانی جێبەجێی بکات، بۆیە تەنیا وتی: «ناتوانم ڕەعیەت بۆ دەستگرتنەوە ناچار بکەم». بەپێی هەندێك سەرگوزشتە دەوترێت کاتێك درێژەی پێدا عوسمان بۆ (الربذە) دووری خستەوە. هەندێك سەرچاوەی دیکەش دەڵێن: ئەبی زەر لە زۆربوونی بەفیڕۆدان و زێدەڕۆیی دەترسا، خۆی نەفیکرد بۆ بیابان و لە گۆشەگیریدا دەژیا، بەڵام جارجارێك سەردانی شاری مەدینەی دەکرد، بۆئەوەی بە تەواوەتی نەگەڕێتەوە سەر ژیانی کۆچەری. ئەبی زەر دەنگێکی سانا و توند بوو، هەرگیز گرنگی بە تێڕوانین نەدەدا، بەڵام دەیویست وەك بانگهێشتکارێکی ڕاستگۆ و توند و بە وەڵامهاتوو لەسەر ڕێگەی کۆنی مەدینە دەربکەوێت. وێستیان ئەبی زەری غەفاری وەکو باوکی سۆسیالیستی ئیسلامی بناسێنن، بەڵام لە ڕاستیدا لە سەردەمی خۆیدا، جگە لە پێداگریکردن لەسەر ئەخلاقیاتی قورئان، کە هەمیشە بە ڕوویەکی تەوە دژایەتیکراوە، کارێکی دیکەی ئەنجامنەدا. ئەبی زەر پیاوێکی توند و بەرگریکاری ڕاستی بوو حەزی بە دابڕان و گۆشەگیری بوو، هەروەك ئیسلام ژمارەیەك لە تایبی ئەو کەسانەی بەرهەمهێناوە. لە ساڵی 32ی کۆچیدا بە بێکەسی و هەژاری لە ناوچەی ربزە کۆچی دواییکرد، بەڵام یادەوەرییەکانی بە زیندوویی و پارێزراوی مایەوە. دەوترێت ئەبی زەر لەلایەن ژمارەیەك خەڵکی کوفەوە، کە بەرەو حەجکردنی ماڵی خوا بە ڕێگەوە بوون، بە ڕێزەوە بە خاك سپێردراوە. یەکێك لەوانە (الاشتر) بوو کە یەکێك بووە لە سەرکردەکانی شۆڕش و ڕاپەڕین لە دژی

عوسمان، هـەروەهـا جەریری کـوڕی عەبدوڵڵا ئەلبجلی، کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی فەتحی عێراق.

ئەبی زەر تەنیا ئەسحابە نەبوو، کە لە دژی عـوسـمان وەسـتـایـەوە، بەڵکو یەکێك بـوو لە پێشینەکان، بەڵام ئەبو زەر هەستا بە ئەنجامدانی کارێکی پروپاگەندەیی، نەك بە تایبەتی لە دژی عوسمان، بەڵکو لە دژی دەوڵەمەندەکان بوو بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و عەماری کوڕی یاسر سزا دران، چونکە بە روون و ئاشکرایی تۆمەتیان لە دژی عوسمان بڵاوکردەوە و دژایەتیان کرد، هەروەها ئەوانیش لە پۆلی یەکەمی ئەسحابەکان بوو، بەڵام لە ئاستی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمدا بوون. عەبدوڵڵای کـوڕی مەسعود سـەر بە (هـوزەیـل) بـوو، کە هاوپەیمانی عەشیرەتی بەنی زەهرەی قورەیشی بوو. عەماریش کوڕی تۆبەکارێکی بەنی مەخزوم و کوڕی دایکی خۆی بوو، بەو پێیەش سەرپەرشتیکراو بوو، کە بەشێك بوون لەو کۆیلانەی زوو بوونە ئیسلام، چونکە ئیسلامیان بە فریادەڕەس و ئازادی هێنەرییان دەبینی، بۆیە باجی بەئیسلامبوونیان قورس بوو. عەمار یەکێك بوو لەو هەژارانەی، کە قورەیش بە لاواز و کەمدەست دەیدانە قەڵەم، چونکە سەر بە هیچ هۆزو عەشیرەتێك نەبوون، بۆیە قورەیشییەکان ئازار و ئەشکەنجەی دەدان، تاوەکو لە باوەڕهێنانیان پەشیمانیان بکەنەوە. عەماری کوڕی یاسر بە هەموو ژیانی قەرزداری ئیسلامە، عومەر لە سەردەمی خۆیدا بە شێوەیەکی تایبەتی و بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو والی کوفە دایمەزراند، بۆیە پێکەوە لەگەڵ ئین مەسعود نوێنەرایەتی پاکترین دەستە و تاقمی ئیسلامیان دەکرد، واتە بەبێ پشتبەستن بە لەدایکبوون، کە عومەر دەیویست پێیبگەن و بەرزییانبکاتەوە. ئەوان هەروەك ئەسحابەکانی تر، بگرە لەوانیش زیاتر وایـان هەستدەکرد پارێزگاری لە میراتی پێغەمبەرایەتی و میراتی ئەبوبەکر و عوسمان دەکەن. بە شێوەیەکی پراکتیکی، ئەوان هاوەڵانی راستەقینەی پێغەمبەر بوون بەو هۆیەشەوە زۆر رێزیان لێدەگیرا، بەڵام لەبەرئەوەی راستەوخۆ لە خوێنی قورەیشی نەبوون، بەڵکو لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی لاواز و خـــوارەوە بـــوون، بۆیە پزیشکەکانی توڕەیی دەسەڵات زۆر بە ئاسانی رووی تێکردن. عوسمان لە بابەتی ناڕەزایەتی و دژایەتیکردنیان بۆ دەسەڵاتەکەی سازشی نەکرد، بۆیە سزایدان و نابوتی کردن، بەڵام ئەو سزادانە بووە یەکێك لە خاڵە دیارەکانی تۆمەتبارکردن و دژایەتیکردنی عوسمان، هەروەها دەکرێت بڵێین، کە ئەو ململانێیە دەربڕینێکی ئەو ناکۆکیە بووە، کە دەستیکردبوو بە دانانی ئەسحابەکان لە بەرەوڕووی خەلیفەدا.

لە ساڵی (29ی کۆچی/649-650ی زایینی)دا، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بوو بە خەزنەداری (بیت المـال)ی کوفە، سەرپەرشتیارەکەی بڕێك پارەی لێ قەرزکرد، بەڵام لە دانەوەیدا دواکەوت. عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود داوای گەڕاندنەوەی پارەکەی لێکرد، بەڵام سەرپەرشتیارەکە سەبارەت بەو مەسەلەیە چووە لای خەلیفە عوسمان، ئەویش نامەی بۆ عەبدوڵڵا نوسی و پێیوت: «تۆ تەنیا خەزنەدارێکی ئێمەیت». عەبدوڵڵا بەوە نیگەران و بێتاقەت بوو، لە وەڵامدا وتویەتی: ئەو پێیوایە خـەزنـەداری موسڵمانانە، نـەوەك خەزنەداری عوسمان و خانەوادەکەی، بۆیە کلیلەکانی بۆ فڕێدا و دەستی لە پۆستەکەی هەڵگرت، بەڵام دواجار هەر لە کوفە مایەوە و دەستیکرد بە ئاشناکردنی خەڵك بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام، بەو شێوەیەش ئەستێرەی عەبدوڵڵا لە بواری ئاینیدا گەشایەوە و توانی چەندین لایەنگرو موراید لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە کوفە بـووە دامەزرێنەر و رابـەری ڕەمزیی ئایندەی قوتابخانەی (فیقە و حەدیس). لە بواری فێرکردندا جۆرێك لە ڕەخنەی شاراوە و ناواخن پەیڕەو دەکرا، کە ئاماژەی دەکرد بۆ کارو ڕەفتارەکانی خەلیفە عوسمان، کە بە رای ئەو بیدعە، یان داهێنانێك بوو شایەنی سەرکۆنەکردن بوو بە بەراورد لەگەڵ بنەماکانی سوننەت و ئایینی پتەودا. عوسمان بانگهێشتی عەبدوڵڵای کـرد بۆ مەدینە و بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار ئەشکەنجەیدا. دوایی ناڕەزایەتییەکان لە هەموو لایەکەوە بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتە پەرەیان ستاند، بە تایبەتی لەلایەن عائیشە دایکی ئیمانداران و هاوسەری پێغەمبەر

چیرۆکی عەماری کوڕی یاسریش زۆر لە چیرۆکی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەچێت. عوسمان ڕێگەی بەخۆیدا کە خشڵ و زێڕ لە (بیت المال) بۆ خێزان و خانەوادەکەی ببات، هەربۆیە ئەم بابەتە ئەسحابەکانی توڕەکرد و ببووە باس و خواسی سەر زمانی خەڵك. بەڵام دواتر بە دەنگێکی بەرز و بەتوندی قسەیکرد و رایگەیاند، کە ئەوە مافی خۆیەتی و بەکاریدەهێنێت

و ەلی کوڕی ئەبو تالیب. ڕێگە بە ەبدوڵڵای کوڕی مەسعود نەدرا مەدینە جێبهێڵێت، بۆیە زۆر ڕقی لە عوسمان هەڵسا، بەڵام دواجار ئیهانەکردن دادی نەدا. عوسمان لەلای خۆیەوە ڕایگەیاند، کە بەهۆی حەڵاڵکردنی خوێنیەوە لەلایەن ەبدوڵڵای کوڕی مەسعود سزای داوە، بەڵام دواجار کوڕی مەسعود لە ساڵی (32ی کۆچی/652ی زایینی) دا کۆچی دواییکرد و وەسیەتی کرد، کە ڕێگە نەدرێت عوسمان نوێژی مردوو لەسەر تەرمەکەی بکات.

چیرۆکی (ەماری کوڕی یاسر)یش زۆر لە چیرۆکی ەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەچێت. عوسمان ڕێگەی بە خۆیدا خشڵ و زێڕ لە (بیت المـال) بۆ خێزان و خانەوادەکەی ببات، هەر بۆیە ئەم بابەتە ئەسحابەکانی زۆر توڕەکرد و بووە باس و خواسی سەر زمانی خەڵکی، بەڵام دواتـر عوسمان بە دەنگێکی بەرز و بە تووندی هاواری کردو ڕایگەیاند کە ئەوە مافی خۆیەتی و بەکاریدەهێنێت، لە بەرامبەریشدا گلەیی و ناڕەزاییی زۆر بەرپابوو. یەکێك لەوانەی ناڕەزایی دەردەبـڕی ەماری کـوڕی یاسر بوو، دەستگیریان کرد و بە شێوەیەکی تووند نەشیاو سوکایەتی پێکرا، بەڵام هەر لەوێدا ئەسحابەکان و هاوسەرەکانی پێغەمبەر «دایکانی باوەڕداران» ئەو کارەیان پێ قبوڵنەکرا، گەیشتە ئەو ئاستەی کە عائیشە قژی پێغەمبەر و پێڵاوەکانی نیشانی خەڵکیدا و بە دەنگێکی بـەرز هـاواری کرد و وتی: «مەخابن سوننەتی پێغەمبەر لە دوای خۆی پشتگوێ خراوە». بارودۆخی ناڕەزایی و بێزاری لە لوتکەدا بوو. ناڕەزاییەکانی بەنی مەخزوم کە ەمار لەپشتیان بوو، گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە هەڕەشەیان لە عوسمان کرد، بەوەی ئەگەر براکەیان بمرێت لەجیاتی کەسێکی گرنگی ئومەوی دەکوژن. ئەوەبوو کێشەی ەمار چارەسەر کراو ئازاد کرا، بەڵام بوو بە یەکێك لە سەرسەختترین دوژمنەکانی عوسمان. لە دواییشدا خەلیفە بۆ ئەوەی نێوانیان ئاسایی و هێور بکاتەوە ناردی بۆ میسر، چونکە ەمار یەکێك بوو لەو کەسانەی کە زۆرترین قین و هەستی ناڕەزایی لە دژی عوسمان دەوروژاند.

بەراستی عوسمان لە دوای ڕووداوی دوورخستنەوەکەی ئەبی زەری غەفاری، جامی توڕەیی خۆیی بە ەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و ەماری کوڕی یاسر ڕشت، بەوەش ڕایەڵەکانی برایەتی هەڵوەشاند کە لەنێوان ئەسحابەکاندا هەبوو، جگەلەوەش بەشێوەیەکی مەترسیدار دەستدرێژی کردەسەر ڕابردو و پارێزبەندی و پێگەیان، وەکو سەرکردەو پێشەوای ئاسایی باوەڕداران

بـە ڕاسـتـی عـوسـمان لـــەدوای ڕووداوی دوورخستنەوەی ئەبی زەری غەفاری، جامی توڕەیی خۆی بە ەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و ەماری کوڕی یاسر ڕشت، بەوەش ڕایەڵەکانی برایەتی هەڵوەشاند، کە لەنێوان ئەسحابەکاندا هەبوو، جگە لەوەش بە شێوەیەکی مەترسیدار دەستدرێژی کـردە سەر ڕابـردو و پارێزبەندی و پێگەیان وەکو سەرکردە و پێشەوای ئاسایی بـاوەڕداران. بەمشێوەیەش بە تایبەتی کارەکانی بوونە هۆکاری لەناوبردنی بناغەکانی شەرعیەتی دەسـەڵاتـەکـەی. ئـەوە ڕاسـتـە کـە عوسمان نەیدەتوانی بەڕەنگاری ئەو هاوەڵانە ببێتەوە، کە پێگە و پێشینەیان زیاتر و بەهێز بوو، وەك عەلی و تەڵحە و زوبێر، بۆیە ڕوویکردە دەستنیشانکردنی هەندێکی لاواز لە نێوانیاندا، بەڵام دەرئەنجامی ئەوە زۆر بە قورسی لەسەر کەوت و بێزاری و توڕەییەکی زۆری لەناو کۆمەڵی هاوەڵان و جەماوەری موسڵمانانداا بەدوای خۆیدا هێنا. سـەرەڕای ئـەوەش، ئەو کارو کردەوانەی بە لادان، تووندوتیژی و داپڵۆسین، ستەمکاری و دەرچوون لە داب و نەریت و ئادابی سیاسی ئیسلام دەدرانەقەڵەم. عەقڵیەتی پادشایەتی، گرنگیدان بە خزمخزمێنە، بەفیڕۆدانی سامانی گشتی، چەوساندنەوە و ستەمکاری، کۆمەڵێك بـوون لـەو تانە و تۆمەتە سەرەکییانەی کە ڕئاراستەی عوسمانی کـوڕی عەفان دەکـران و لەو ڕووداوەدا کورتبوونەوە، کە تێیدا ناڕەزایی دەربڕین پێویستی بە تووندوتیژی نواندن بوو، بەکارهێنانی تووندوتیژیش پێویستی بە پانتاییەکی زیاتری ناڕەزایی هەبوو.

کوفە: هەڵچوونی سامناکی جەنگاوەران

چۆنچۆنی هەستی ڕق و کینە لە ویلایەتەکان، لە کوفە و بەسرە و ئەلفستات لە دژی عوسمان دەرکەوت و تەشەنەیکرد؟ چۆن ئەو ڕق و کینەیە لەناو واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و لۆکاڵیدا ڕێگەی خۆی دۆزییەوە؟.

جەنگاوەرە عەرەبە موسڵمانەکان، کە لەو سـەردەمـەدا جگە لـەوان موسڵمانی تر نەبوو، لە ڕوانـگـەی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا وەك

دورگەیەك وابوون، كە دەوری بە عەجەم و بێباوەڕەكان تەنرابوو. بە تەنیا ئەوان بوون، كە ئوممەتیان پێكدەهێنا. ولاتەكانی خۆیان جێهێشت، بۆئەوەی لەناو كۆمەڵگەی گەورەی نوێدا بژین، كە لە كوفە و بەسرە و ئەلفستات بۆیان دروستكرا، یان بۆئەوەی كە بەشێك لە شارە دێرینەكان لە سوریا، وەك دیمەشق و حومس و شارەكانی تریش ئاوەدان بكەنەوە. لە دورگەی عەرەبیش شاری مەدینە پڕ ببوو لەو قورەیشیانەی، كە هاتبوون و تیایدا نیشتەجێبوون، هەروەكو چۆن پڕ بوو لە كۆچكەرە دەشتەكییەكانی حیجاز. بەوەش ببووە شارە هەرە گەورەكەی دورگەی عەرەبی و ناوەندی سەروەت و سامان و دەسەڵات. لەپاڵ ئەوەشدا مەككە و تائیف و شارەكانی یەمەن و هەموو روانگەكانی تری عەرەب، وەك ئەوە وابوو خەوییان لێكەوتبێت، لەبەرئەوەی كە هەموو وزەی عەرەبایەتی رویكردە دەرەوە، بە تایبەتی شاری مەدینە. لەوێدا مێژوویەك دروستدەبوو، ئیسلام گەشەیدەكرد، بەڵام لە كاتێكدا كە هێزی سەربازی - جەنگیی لە كوفە و بەسرە و ئەلفستات و شام كۆببوەوە، لە شاری مەدینە ئەرەستۆكراتی هاوەڵانی ئیسلام دروست ببوو، قورەیشیش لەناویدا دەژیا، خەلیفەش هەر لەوێ بوو، لە تەنیشت گۆڕی پێغەمبەری خوا. مااڵی كۆچ (دار الهجره) بە كەشێكی روحانی دەورەی درابوو، دەسەڵات تیایدا كۆكرابۆوە، چونكە ئەو دڵی ئیسلام بوو كە بەردەوام لێیدەدا.

كوفە تایبەتمەندی لە ئامێزگرتنی جەنگاوەرانی فەتحی عێراق و تێكشكێنەرانی دەوڵەتی ساسانی پێدرابوو، بۆیە جەنگاوەرانی (اهل الایام) لەوێ گیرسانەوە، ئەوانەی كە یەكەمین كەس بوون بەسەر ئەسپەكانیانەوە پێیان لەسەر خاكی عێراق دانا و لە ساڵی (12ی كۆچی)دا لە فەتحكارە پێشینەكان بوون، هەروەها جەنگاوەرانی شەڕی قادسیە، كە رووبەڕووی سوپای فارسی بوونەوە و تێكیانشكاند و سەربەرزانە پەلاماری (مەدائن)یان دا، هەر لە كوفە نیشتەجێبوون. خەڵكی كوفە بە هاوكاری لەگەڵ كۆچبەرە تازەكان و هەندێك پاڵپشتی و هاوكاری لە بەسرەوە توانیان لە شەڕی نەهاوەند لەناو جەرگەی خاكی ئێراندا تەخت و تاراجی دەوڵەتی فارسی بە تەواوەتی بڕوخێنن. لە كاتێكدا كە میسر و بەسرە، تەنیا كۆچبەرانی خۆرهەڵاتی دورگەی عەرەبیان لێبوو، كە خاوەنی هیچ نەبەردیەكی جەنگیی نەبوون. بەسرە لەو سەردەمەدا لە قۆناغی دامەزراندندا بوو، میسریش وڵاتێكی هەژار و كەمدەرامەت بوو، خاوەنی بنەمایەكی بیناسازی گەورە نەبوو، بەڵام كوفە هەموو نەبەری سەربازی و سامانی زەوی تێدا كۆدەبۆوە، واتە سامانی عێراق. لە وڵاتی شام جەنگاوەرانی یەمەنی و حیجازی و توهامییەكان نیشتەجێبوون، ئەوانەی كە لە كاتی هەڵگەڕانەوە و یاخیبونیشدا دڵسۆزانە لەگەڵ ئیسلامدا مانەوە، بەڵام زۆرینەیان سەر بە هۆزو خێڵە دەشتەكییە جەنگاوەر و شەرەفمەندەكان نەبوون، بەڵام لە كوفەدا بە شێوەیەكی جیاواز، جەنگاوەرە عەرەبە پێشینەكان، ئەوانەی كە لە سەركەوتنەكانی فەتح پێش هەموو خەڵك كەوتن و بە (اهل الایام) ناسراون، لەگەڵ كۆمەڵێك لە هەڵگەڕاوەكانی پێشوو كە تۆبەیان كردو بەشداربیان لە شەڕی قادسیەدا كرد، پێكەوە دەژیان. بە تایبەتیش لەبەر ئەم هۆكارە بوو، كە نوێنەرایەتی گەورە هۆزە شەرەفمەندەكانی یەمەن و مەزەریان دەكرد، وەك هۆزەكانی (مزحەج، كندە، تەمیم، ئەسەد). هەر لەبەرئەوەش بوو، كە عومەر جار لەدوای جار شاری كوفەی بە (سەری ئیسلام) یان (كەللەسەری عەرەب) ناوزەددەكرد، چونكە پێكەوە ئەرەستۆكراتی عەرەبی كۆچەری و جەنگاوەرانی پێشینە و سەردەستەكانی بزووتنەوەی مەزنی فەتحی لە ئامێز گرتبوو. واتە ئیسلام و عروبە بە تونڈی لە كوفە ئاوێتەی یەكتری بوون.

لە سەردەمی عومەردا، بە راستی كوفە لەناو جیهانی پێشووی ساسانیدا، ببووە سەنتەرێكی گەورەی هێزی سەربازی عەرەبی و بارەگای هێزی عەرەبی بوو. ئەركی كوفە تەنیا بریتی نەبوو لە پاراستن و شەونخونیكردن لەسەر دیجلە و فورات، بەڵكو سەرەڕای ئەوەش، ببووە بنكەی هەموو تەدەخول و دەستێوەردانە عەرەبییەكان لەناو خاكی ئێران. ئەو سوپایانەی لە شەڕی یەكلاكەرەوەی نەهاوەند بەرەنگاری فارسەكان بوونەوە لە كوفەوە دەرچوون، بەڵكو لە بنەڕەتدا خەڵكی كوفە بوو دەستیان بەسەر ناوەڕاست و باكوری ئێراندا گرت، هەر لە میدیا تا قوم، لە جرجان تا تەبەرستان و ئازەربایجان. بەو پێیەش كوفە هەموو ئەو ناوچەیەی گسك لێدا، كە ئەركی چاودێریكردنی لە ئەستۆدا بوو. لە سەردەمی عوسماندا، كوفە تەنیا پێگەی خۆی قایمتر دەكرد، بەردەوام بوو لەسەر فەتحكردنی ئەو ناوچانەی هاوسنوری دەریای قەزوین بوون، بۆیە نەیتوانی رووبەرێكی زۆری زەوی بخاتە ژێر ركێفیەوە، بە تایبەتی خوراسان كە لە ساڵی (31ی كۆچی)دا لە ژێر ركێفی دەرچوو خرایە ژێر دەستی بەسرە. بەسرە تا ئەو سەردەمەش، تەنیا ناوەندێكی سەربازی لاوەكی بوو، تەنیا هاوكاری و یارمەتی كوفەی دەدا، بۆ فەتحكردنی ناو دڵی ئێران و تێكشكاندنی دواین هێزی ساسانییەكان، بەڵام بەسرە لە سەردەمی عوسماندا ناخی هێزی خۆی تەقاندەوە. لە سایەی والی ئین عامر، كوفە بە باڵە تایبەتیەكانی خۆی فڕی و لە ساڵی (31ی كۆچی/651 652-ی زایینی)دا، توانی پێشكەوتنێكی شایستە

لە وڵاتی فارس، لە کرمان و سەجستان و خوراسان بەدەستبێنێت. بەو شێوەیە توانی دەستبگرێت بەسەر بواری تایبەت بە خۆی و چەندین ناوچە و شوێنی گەورە، کەوتنە ژێر دەستی و دەستکەوت و غەنیمەی زۆری چنگ کەوت، ئیتر لەو کاتەوە بەسرە بووە رکابەری کوفە. دەکرێت بڵێین، کە سەردەمی خەلافەتی عوسمان بۆ بەسرە کاتێکی خۆش بوو، بەڵام کوفە نەیدەتوانی دەستکەوتی زۆری چنگ بکەوێت و سنوری پێگەی فراوانتربکات، بەڵام دەستکەوتی پێشووی و رابردووی شکۆداری سەربازی، هێشتا لە سەردەمی عوسماندا، کوفەیان وەکو ناوەندێکی گرنگ و سەرەکی لە عێراق بە هێزو بەهاکەیەوە هێشتبۆوە.

لە ساڵی 24ی کۆچی عوسمان ئامۆزا ئومەوییەکەی (ئەلوەلیدی کوڕی عوقبە) ی کردە والی کوفە، کە بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتێکی دێماگۆجیانەوە خەڵک بە درێژایی (5) ساڵ خۆشیان دەویست، چونکە بەشێك لە بەخشین و بەرووبومی بەسەر هەژارانـدا دەبەخشیەوە، بە تایبەتیش بەسەر کۆیلەکاندا، هەروەها دەوترێت هەڵساوە بە دابەشکردنی سامان بەسەر کۆچبەرانی تازە و رەوادفەکاندا کە لەو سەردەمەدا رووپاندەکردە کوفە. سەرگوزشتەیەك دەڵێت: «ئەلوەلید لە هەموو کەسێك خۆشەویستتر و بۆ خەڵك بە بەزەییتر بووە»، هەروەها سەرگوزشتەیەکی تر دەڵێت: «بە گشتی خەڵك لەگەڵ ئەلوەلید بوون، بەڵام خەڵکی تایبەت لە دژی بوون». ئەلوەلید خێرو خۆشی بۆ خەڵك هێنا، تەنانەت چاکە و خێراتەکانی ئەو بەسەر کەسانی بندەست و کۆیلەکاندا دابەشدەکرا». بە شێوەیەکی خێڵەکی بەو پیاهەڵدانانەی ئەلوەلید سەرسام نین، چونکە سەرجەم والییەکانی عوسمان وا خۆیان نیشاندەدا، کە کەسانی ئیداری و باشن، لەوانەش وەك موعاویە و ئیبن عامر، یان سەعیدی کوڕی ئەلعاص و ئیبن ئەبی سەرح. ئەوانە بە شێوەیەکی کارەکانیان بە چاکی بەڕێوەبرد، بەڵام تایبەت دەربارەی ئەلوەلید کوڕی عەقبە لە کوفە، رووداوێکی بچوك هەیە، کە تاوانە لە مافی گشتیدا، هەر ئەوەش بوو هۆکاری رووداوەکانی ساڵی (30ی کۆچی/650ی زایینی). کارێکی دزیکردن رووبـدا، پاشان کوشتنی لێکەوتەوە و بکوژەکان دەستگیرکران، کە بریتیبوون لە چەند گەنجێك، کە والی دادگاییکردن و لەسێدارەیدان، بەڵام خانەوادە و کەسوکارەکەیان ئەوەیان قبوڵنەکرد. لێکدانەوەی ئەو بابەتە بەلامانەوە ئەوەیە، کە ئەو عەرەبە شارستانیانەی بە رەچەڵەك کۆچەری و دەشتەکی بوون بە ئاسانی پەرچەکرداری ئاوەهایان پێ هەرس نەکراوە، واتە لە رێگەی دەستوەردانی دەسەڵاتی گشتی و رۆڵی دەوڵەت لە دادوەریکردن لە مەسەلەی خوێندا. دواجار باوکانی گەنجە لەسێدارە دراوەکان، بە شێوەی شەخسی بوونە دوژمنی ئەلوەلید ئیبن عامر و چاودێرییاندەکرد و هەنگاو بە هەنگاو شوێن پێیان هەڵدەگرت، بۆئەوەی بتوانن تۆڵەی لێبکەنەوە و ئازاری بدەن. ئەوانە کەسانی نەناسراو نەبوو، بەڵکو چەند پیاوێکی ناسراو بوون، لەوانەشە لە دەستەی (اهل الایام) بووبن. لە هەموو حاڵەێکدا ئەوانە بە توندی ئەهلی ئیسلام و خوداپەرستی بوون، پێداگرییاندەکرد لەسەر دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی ئەلوەلید، بە دیاریکراویش نەرمی لە بەرامبەر ئایین. ئەلوەلید کەسێك بوو دەیخواردەوە و سەرخۆش دەبوو، تا درەنگانی شەو لەگەڵ شاعیرێکی مەسیحی، کە موسڵمان ببوو دەمایەوە و گفتوگۆی دەکرد، هەروەها حەزی بە کاری سیحرو جادو دەکرد، بۆیە هەرزوو توانیان داوێکی بۆ بنێنەوە و شوێنی هەنگاوە هەڵەکانی بکەون. رۆژێکیان والی زیاتری خواردبۆوە و بە سەرخۆشی رێگەی بەخۆیدا بە شێوەیەکی کاڵ و کرچ نوێژ بکات، ئەوانەش کە لە دژی بوون توانیان ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی دەربێنن. بە کورتی بەوە ئابڕووی چوو. زۆربەی سەرچاوەکان دەڵێن ئەلوەلید بە سەرخۆشی و بێئاگایی چەند رەفتارێکی بەرامبەر کـرا، کە جێگەی قبوڵکردن نەکرد، بەڵام لەولاوە شمشێرێك هەبوو،

وێنەی یەکێک لە جەنگەکان لەسەردەمی ئیسلامدا

که هەوڵیدەدا لاپەڕەکەی سپی بکاتەوەو وەها لێکیبداتەوە، کە ئەو بابەتە تەنها داوێکی بێبەها بووە لە دژی ئەلوەلید. دوای رووداوەکە شاندێك لە کوفەوە رۆیشت بـۆلای خەلیفە بۆئەوەی رووداوەکەی پێرابگەیەنن، شاندەکە بە تۆمەتی خواردنەوە و سەرخۆشبوون لە دژی ئەلوەلید شاهیدییاندا. عوسمان لە بەرامبەردا جۆرێك لە بەرەنگاری پیشاندا، دوودڵ بوو لە رادەستکردنی براکەی لە دایکیەوە بۆ جەڵدکردن و لێدانی حـەد، کە سزایەکی جەستەییە بەپێی قورئان سەپێنراوە بەسەر هەر کەسێکدا کە بخواتەوە، هەروەها لە قەدەغەکراوەکان و سنوری خودا کە سازشی لەسەر ناکرێت، بەڵام لەژێر فشاری عەلی و ترسان لە دەرچوونی خەڵکانی تریش دواجار ملیدا بۆ سزادانی، عەلی بە دەستی خۆی سزایدا، ئـەوەش زۆر جێگەی سوکایەتی بوو. ئەوە وێنایەکی دراماتیکی بوو، کە عوسمانی بە خەمباری و ئازارچەشتوو لە بەرامبەر عەلیدا نیشاندا کە داکۆکیکار بـوو لە سنورەکانی خودا و لەو بابەتانەدا گرنگی بە پەیوەندی و وابەستەیی خوێن و خزمایەتی و هاوڕێیەتی نەدەدا. ئەلوەلید لە پۆستەکەی دورخرایەوە و سەعیدی کوڕی ئەلعاص، کە ئومەوییەکی تر بوو لە شوێنی دانرا. سەعید لەلایەن خەلیفە عومەر لایەنگری و پشتیوانی دەکرا و لە بارەی ئایینەوە کەسێکی بەتوانابوو. چیرۆکی بەسەرهاتی ئەلوەلید یەکەمین سوکایەتی بوو، کە بەرەوڕووی عوسمان کرایەوە، چونکە بە ئاشکرا بەسەریاندا سەپاند، کە بەبێ چاوپۆشی لێکردن سوکایەتی بە والی و براکەی بکرێت و سزا بدرێت بە سزای جەڵدکردن کە یەکێکە لە سنورەکانی خودا و قەدەغەیە دەستی بۆ ببرێت، هەروەها ئەو رووداوە یەکەمین سیمای ناڕەزایەتی دەربڕین بوو، کە بەپێی شەرع و یاسا چەسپێنرا. راستە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ خەلیفەی نەکردە ئامانج، لەبەرئەوەی کە تەسلیمی حوکمەکەی بوو، بەڵام کەسێکی زۆر نزیکی خەلیفەی کردە ئامانج. عوسمان بە ناچاری گوێڕایەڵی حوکمەکە بـوو، چونکە ئـەو سکاڵایەی لە بەرامبەریدا بەرزکرایەوە تەنیا هی رای گشتی نەبوو، بەڵکو شەرعی خوا بوو، کە لە سەرووی هەموانەوەیە و بوارێك نییە بۆ خۆدزینەوە لێی.

راستە ئەلوەلید ئەرەستۆکراتێکی لیبراڵی و سەخی تەبیعەت و وایەکی باش و دادپەروەربوو، بەڵام کێشەی لەگەڵ ئیسلامدا هەبوو، تەنانەت هەندێك لە بەسەرهاتە گێڕدراوەکان راستەوخۆ بە دەقی قورئان تۆمەتباری دەکـەن. با بڵێین کە ئەخلاقیاتی ئیسلامیانە نەبوو، لەگەڵ نەریتە توندەکانی ئەو سەردەمەدا کە ئیسلام بە قووڵی وێنایکردبوون وێکنەدەهاتەوە. لانیکەم دانانی کەسێکی بەو شێوەیە بە سەرۆك و والی کوفە ژیری سیاسی تیادا نەبوو، لەوەش زیاتر چاودێری نەکردنی کارو کردەوەکانی حیکمەت نەبوو. ئەوانەی کە دوایەتی (ئەلوەلید)یان دەکرد سەر بەو بژاردە تایبەتە ئیسلامیە ناخێڵەکیە بوون، کە خۆشیان نەدەویست. جوندەب کە یەکێك لەوان بوو، بۆ ماوەیەکی کورت هاوەڵێتی پێغەمبەری کردبوو، بە (جندب الخیر) ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو گلەیی و ناڕەزایەتیەی لەسەر ئەلوەلید هەبوو، ئایینی و کۆمەڵایەتی بوو. ئایینی بوو بەهۆی ئەخلاقی و رابردوویەوە، کۆمەڵایەتیش بوو بەهۆی ئەو سیاسەتە دێماگۆجییەوە، کە پەیڕەویدەکرد بۆ نزیکبوونەوەی لە کۆچبەرانی تـازە و هـــەژاران و کۆیلەکان. ئـەو گروپە بچوکەی کە دژایەتیاندەکرد، بێگومان سەر بە دەستەیەکی بـژاردەی کۆمەڵایەتی بـوون، کە هەستیان کردبوو لـەڕووی مەعنەوەیەوە لەو سیاسەتەی والی زیانیان بەردەکەوت. هەرچەندە وەك سەرچاوەکان پێماندەڵێن، ئەلوەلید ناوی کۆیلەکانی لەسەر لیستی توێژە موستەحەقەکان زیـادکـردووە، بـەڵام ئـەوە هیچ شتێکی لە بەرژەوەندییەکانی سەییدەکان کەم نەکردەوە، بەڵام ئەو دەستەیە وا هەستیاندەکرد کە لەلای والی و دامـەزراوەی دەوڵەت پێگەیان لاوازە و بەهۆی گرنگیدان کۆچبەرە تازەکانەوە ژێرپێ کەوتوون.

سەعیدی کـوڕی ئەلعاص لە ساڵی (30ی کۆچی/650ی زایینی) وەك جێگرەوەی ئەلوەلید دەستبەکار بوو، بەشێوەیەکی رەمزی دەستیپێکرد و بڵنگۆی مزگەوتی شوشت تـاوەکـو ژەنگی

ئەلوەلید کەسێك بو دەیخواردەوەو سەرخۆش دەبوو، تا درەنگانی شەو لەگەڵ شاعیرێکی مەسیحی، کە موسوڵمان ببوو دەمایەوە و گفتوگۆی دەکرد، هەروەها حەزی بەکاری سحر و جاد و دەکرد

ناسنامەی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە سیاسییە (قورئانخوێنان)، کە لە مەودای راستەوخۆدا رۆڵێکی سیاسی گەورەیان گێڕاوە، لە ئایندەشدا بوونە کرۆکی شیعەکان، کە لە دەوری عەلی کۆببوونەوە و بزوتنەوەی (الخوارج) یان بەرجەستەکرد

ئەلوەلیدی لەسەر لابەرێت، پاشان راپۆرتێکی دەربـــارەی رەوشـــی شـــاری کـوفـە لـە سایەی ویلایەتکردنی ئەلوەلید بۆ خەلیفە نارد، بەڵام ئەوە چی سودێکی هەبوو؟

سەعید لە راپۆرتەکەیدا نوسیویەتی:»رەوشی ژیانی خەڵکی کوفە تێکچووە، خەڵکی شەرەفمەند و بنەماڵەکان و خاوەن رابردوو پەراوێز خراون، ئەوەی لەو وڵاتەدا باڵادەستە رەوادف و کۆیلەی و ئەو کۆچەرییانەن کە هاتوون». عوسمان لە وەڵامـدا بۆ نوسی: «رێز لەوانە بگرە خاوەنی پێشینەن، کە خودا ئەو وڵاتەی پێ بەخشیون، با ئەوانەش کە بەهۆی ئەوانەوە بۆی هاتوون، ببنە وابەستە و تابعیان، تەنیا بۆ ئەوانە نا لە ئاست حەق لادەدەن، شەونوێژیان وازلێهێناوە و ئەوانی تر ئەنجامیدەدەن. پێگەو پایەی هەموان بپارێزە و مافی هەموان بـدە، چونکە ناسینی خەڵک دادوەری دەردەخـات». سەعید ناردی بەدوای کەسایەتی و پیاوماقوڵانی ناو خەڵک لە تاقمی (اهل الایام) و جەنگاوەرانی قادسیە و پێیوتن: «ئێوە پێشەنگی ئەوانەن کە لە دواتەنەوەن، پێشەنگیش دەربڕی جەستەیە، ئەوەی پێویستی هەیە بیڵێن».

لەم دەقە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە کوفە لە قۆناغی دوای رۆیشتنی ئەلوەلید لە باریکی نیمچە پاشاگەردانیدا دەژیا، چونکە زۆر بەهێز کەوتبووە ژێـر کاریگەری چەند شەپۆلێکی نوێی کۆچبەران، لەو عەرەبە دەشتەکییانەی لە چوارچێوەی سیستمی بەخشیندا رێکنەخرابوون. ئەوانە لـەڕووی زۆری ژمارەیانەوە دەستیان بەسەر کاروبارەکاندا گرتبوو، پێدەچێت سیاسەتە دێماگۆجییەکانی ئەلوەلید ئین عامر، تا رادەیەك لەپشت ئەوە دەرئەنجامەوە بێت. بونیاتی کوفە هەڵوەشابۆوە، بۆیە نە خانەدانەکانی سەر بە تایپی خێڵەکی و نە کۆمەڵی خاوەن پێشینەی جەنگیی، هیچیان نەیانتوانی ئەو کۆمەڵگەیە لە قاڵببدەن، کە لە دەسەڵاتیان دەرچوبوو. ئەو کۆمەڵە لەڕووی ژمارەیانەوە لەلایەن زۆرینەوە ژێرپێ خرابوون و لەبیرکرابوون، ئەو زۆرینەیەی پشتی بە بنەمای خێڵەکی نەدەبەست، تاوەکو گوێرایەڵی خانەدانەکان بن، نـەوەك بنەمای ئیسلامی کە لەسەر جیهاد بونیاتنراوە. لەو سەردەمەدا کوفە بەدەست زۆری کۆچکردنی نارێکخراوو لەڕادە بەدەرەوە دەینااڵند. سیاسەتی عـوسـمان و سەعید لـەسـەر بونیاتنانەوەی هەرەمیەت و دروسـتـکـردنـەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پێشخستنی بـەهـای بنەمای تایبەتمەندی ئیسلامی پێداگریدەکرد، لەجیاتی پێداگریکردن لەسەر بنەمای شەرەفمەندی خێڵەکی، ئەوەش گەڕانەوەیەك بوو بۆ سیاسەتی عومەر.

ئەو هەنگاوە کاردانەوەیەکی ئیسلامخوازی بوو لەسەر فۆرمی بژاردەیی: پشتبەستن بە کۆمەڵی (اهـل الایـام) و قادسیە، لەگەڵ کۆکردنەوەی قورئانخوێنان لە دەوری والـی. ئەمە بۆچی؟ چونکە ئەوە تاکە رێگە بوو بۆ جڵەوگیرکردنی ئەو پاشاگەردانیەی تێکشکێنەرە، لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵەیە لە هەموان تووندترو چالاکتر و خاوەن پێگەو پایەبوون. ئەو پیاوانەی کە (ئەلوەلید)یان تۆمەتبار کردو گەیشتنە ئاکامی دورحستنەوەی لە پۆستەکەی، سەر بەو کۆمەڵەیە بـوون. لە بەرامبەر سیاسەتی دێماگۆجیەت و گەوجاندنی ئەلوەلید، وا بە چاك زانرا کە بژاردەی ئیسلامی بانگهێشت بکرێت و هانایان بۆ ببرێت و رێزو پێگەیان بۆ بگەڕێنرێتەوە. ئـەوەبـوو لەپێناو هێورکردنەوەی گلەیی و نارەزاییەکان، ژمارەیەکی دیاریکراو لە کۆچبەرانی نوێ خرانە ریزی ئەو بژاردەیەوەی کە ئەهلی بەخشین بوون، بەڵام ئەوانی تر پشتگوێخران، ئەوەش لە بەرامبەردا نـارەزایـەتـی و قسەو قسەڵۆکی لێکەوتەوە. قسەو قسەلۆك نەك بە ئاراستەی دژایەتیکردنی عوسمان، بەڵکو بە بۆچوونی من بە ئاراستەی رەخنەگرتن بوو لە دەسـەڵات بە شێوەیەکی گشتی. دواتر ئەو توێژە نارازییەی دانیشتوان، کە لە کەمینەی رەوادف و کۆیلەکان پێکهاتبوو، دەیانتوانی ببنە دەستەیەکی پیلانگێڕی کاریگەر و باش کە زۆر بە ئاسانی دەکرا بەکاربهێنرێت، بەڵام لەو کاتەدا بێ سەرکردە بوون و ئایدۆلۆژیا یەکسانیخوازیەکەیان کەمێك دەنگیدایەوە. هەروەها ئەو ژاوەژاوە هیچ ئایندەیەکی نەبوو، چونکە سیاسەتی ئیسلامخوازی - بژاردەیی کە

به درێژایی سێ ساڵ، واتە تا ساڵی (33ی کۆچی) لە پارێزگاریکردن لە دۆخی ئاشتی و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بوو. ئەو ژاوەژاوەی هەبوو، تەنیا هۆشداریەکی ساختە بوو، ئاشکراشە کە شۆڕش لە دژی عوسمان لەلایەن جەماوەری کۆچبەرە تازە بێبەشەکانەوە بەرپانەکرا، بێگومان شۆڕش لەلایەن کۆچەری عەرەبی، ئەو کۆمەڵگە کۆچەریە پەراوێزخراو و ژێر پێ خراوەوە نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی جەماوەری و عەرەبیش نەبوو لە دژی ئیسلام، چونکە ئەو ژاوەژاوەی راگەیەنرا، هەمووی روانگەیەکی هەڵە و تێکدانێکی ساختە و تێپەڕیوو بێ سبەی بوو. مەترسیەکە لە شوێنی تر سەریهەڵدا، لەوانەوە بوو کە لەلایەن خاوەن پێشینەکانەوە دەویسترا موجامەلەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەوانەی کە زۆر لە والیەوە نزیکبوون: واتە قورئانخوێنەکان.

تاقمێکی تر هەبوو، کە دەسەڵات دەیویست لێیان نزیك بێتەوە، ئەوانیش سەرۆك خێڵە کلاسیکییەکان بوون، یان بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەسایەتیە خێڵەکیانەی بەهۆی پێگەیانەوە لە دورگەی عەرەبی خاوەنی زەوی و زار بوون. بینیمان کە عوسمان گۆڕینەوەی زەوی و زاری لەگەڵ خەڵکی مەدینە داهێنا کە بەشداریان لە شەڕی فەتحکردنی عێراقدا کرد، بەڵام کۆچیان نەکرد، هەروەها بەوە ئاشنا بووین کە ئەو پرۆسەیە بە راستی خزمەتی ئەو جەنگاوەرانەی دەکرد و رێگەی پێدەدان مافەکانیان وەربگرنەوە. ئەو پرۆسەیە بە تایبەتی بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی بەدەستهێنەرانی زەوی لە یەمەن و حیجاز، چونکە بەو پێیە زەوی پڕ دەستکەوت و بەپیتیان لە وڵاتی رافیدەین (عێراق) دەستکەوت. تەڵحە کە لەسەر کۆی بواری ئیسلامی دەژیا، لەم بابەتەدا باشترین نموونەیە، هەروەها سەبارەت بە (مەروان)یش هەمان شێوە دەگوزەرا. هەردووکیان لە قورەیشیەکان بوون، یەکێکیان سەحابیەکی گەورە و لە رابردووشدا خاوەن سامان بوو، بەڵام سەرچاوەکان لەوە باسدەکەن (پیاوانی خێڵەکان)یش سودییان لەو ئاڵوێرە بینیوەو لە ریزی ئەوانەدا بوون کە شتێکیان هەبوو تا ئاڵوێری پێوەبکەن، کەواتە لە ریزی ئەو خەڵکانەدا بوو کە پێشتر دەوڵەمەند بوون، بە دیاریکراویش لە ریزی ئەرەستۆکراتی خێڵەکی بوو لە پێش دەرکەوتنی ئیسلام. ئەو دەستەواژەیەی لێرەدا ئاماژەی پێکراوە، بە دەگمەن بەکارهێنراوە، کە بە تەواوەتی مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو کەسانە لە روانگەی پێگەی خێڵەکیانەوە سامانەکانیان بەدەستهێناوە، ئەوەش جیهانی خێڵەکی خستە پێشی پێشەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە توندی بزرکراوە لە واقیعێکی ئاوێتە بوو بە ئیسلام، کە لەسەر بنەمای پێوەری نوێ بونیاتنراوە. لێرە تێبینی ئەوەش دەکرێت، کە زاراوەی خانەدانەکان بەکارنەهێنراوە، یان لەو قۆناغەدا بە کەمی بەکارهێنراوە.

ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا خێڵ و هۆزەکانیان لە کاری سەربازیدا لەقاڵبدەدا، چونکە پێگە و دەسەڵاتیان هەبوو، بێگومان عەقڵەکانیش لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گۆڕانیان بەسەردا نایات، بەو پێیەش وا پێویست بوو لە دوای ئەو ماوەیە لە متبوون و پووکانەوەی دژوار، دووبارە هەستنەوە و لەناو هەمان دەوڵەتی ئیسلامیدا رۆڵی خۆیان وەربگرنەوە. وەرچەرخانەکە بە دیاریکراوی لە سەردەمی عوسمان دەورەبەری ساڵی (30ی کۆچی) بوو، هاوکات لەگەڵ گۆڕینەوەی زەوی و زارەکان، دانانی سەرکردە سەربازییەکان بۆ فەتحکردنی خوراسان و ئازەربایجان و وەرگرتنی پۆستی والی و سەرپەرشتیار لە ناوچە پاشکۆکانی سەر بە کوفە. لەو کاتەدا کە عوسمان بە شێوەیەکی باڵا سەرقاڵ بوو بە نوێکردنەوەی پێگەی ئەهلی ئیسلام و خاوەن پێشینە، والی کوفە بە بەخشین و رێزلێنان بەسەری دەکردنەوە و دەیکردنە دارو دەستە و راوێژکاری خۆی، هەروەها سەرۆکەکان، واتە سەرۆك خێڵەکان دەبوونە خاوەنی مولك و سامان و پۆستی سەرکردە و دەستکەوتە گرنگەکانیان لە رێگەی رۆڵی خانەدانیی بەخشراو بە ئەهلی پێشینە چنگ دەکەوت. لێرەدا نوێگەرەکانی وەك (هایندز) و (شەعبان)، لە دوای ئەوانیش (لیشفلدت)، بەوپەڕی ئاسانی هێمایان بۆ کردووە لەڕووی بەستنەوەی نێوان ئەو بابەتە و لێکدانەوەی هەموو ئەو دینامیکیە کۆمەڵایەتییە هەڵتۆقیوەی کوفە، کە لە هەڵچوون و نائارامییەکانی ساڵی (33 و 34ی کۆچی)دا سەریهەڵدا، دواتر پەرەیسەند تا ئاستی بەشداریکردنی کوفە لە کوشتنی عوسمان لە ساڵی (35ی کۆچی)دا، یان لەژێر کاریگەری دژایەتیکردن، یان بەهۆی کێبڕکێی توندی نێوان سەرۆك خێڵەکان و بژاردەی ئیسلامی و خانەدانەکان/ قورئانخوێنەکان.

ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە لەپشت ئەمجۆرە لێکدانەوەیە، دروستە هەمان ئەو ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە مێژوویە، ئابوری و کۆمەڵایەتیەیە کە هەبوو. ئەو ئایدۆلۆژیایە بە شێوەیەکی لاوەکی دروستە، بەڵام بە سانایەکی توندئامێز چڕی و پڕی هەمان گەمەی کۆمەڵایەتی شاردۆتەوە، هەروەها بە جوزئیەتی لەڕادە بەدەری و لە هەموو قۆناغەکانیدا مشتومڕی هەڵگەوتوو لە نێوان ئایین و سیاسەت ناگرێتەخۆ. هایندز پێیوایە هاندەرانی چالاك کە لە ساڵی (33ی کۆچی)دا قەیرانەکەیان گەیاندە لوتکە، لەو جەنگاوەرانە، کە لە کۆنەوە لە کوفەدا نیشتەجێبوون، پابەند و وابەستەی ئەو سیستمە ئیسلامیە بوون، کە عومەر دروستیکرد، جگە لەوەش خاوەنی پێگەیەکی خێڵەکی مامناوەندی

بـوون، بـەڵام سـەرۆك خێڵی راستەقینە نـەبـوون، بەڵکو بـە گشتی سـەرۆکـی عەشیرەتی بچوك و بەشەکانی عەشیرەت بـوون، بۆیە پێگەو کاریگەرییان لەسەر کۆی جەماوەر نەبوو. تا ئەو سەردەمە، ئەوان بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆك خێڵە گەورەکاندا، کە ئەوانیش لە کۆنەوە لە کوفە نیشتەجێبوون، هەستێکیان هەبوو کە دژایەتی شەپۆلەکانی کۆچکەرە تازەکان بکەن، بـەڵام ئاستی چـڕی کۆچکردنی دڕەنگوەخت، هاوسەنگی هێزەکانی لە بەرژەوەندی سـەرۆك خێڵەکاندا گۆڕی، چونکە بە لێشاو خەڵکی تازەی بۆ دەهێنان، کە تەنیا بەپێی ویست و خواستی خێڵەکی دەجـوڵانـەوە. لێرەوە دوبەرەکی کەوتە نێوان بژاردە (النخبە)وە و پەتای خواست و داواکارییەکی زۆری ئەوانە سەریهەڵدا، کە جگە لە ئیدیعاکردنیان بۆ وابەستەبوون بە دۆخێکی ئیسلامیانە، دروست دۆخی پێشینەییان لـە جیهاد، هیچی تـر لە توانایاندا نەبوو بیکەن، بـەڵام هەستی لەدەستدانی پێگە و ڕێزو تایبەتمەندییان لـەلا دروستـبـوو. ئـەو دەسـتـکـەوت و تایبەتمەندییانە بە شێوەیەکی جەوهەری پـەیـوەنـدار بـوون بـە وەبـەرهـێـنـان و بەڕێوەبردنی زەوییەکانی (الصوافی) لە عێراق، کە پشك و مافیان تیایدا هەبوو. پرۆسەی گۆڕینەوەی زەوی و زار زیانی پێگەیاندن، چونکە سنوری زەوییەکانی (الصوافی) ڕوونکردەوە و دیاریکرد، کە زەوی و زاری کۆنی تەختی ساسانی بوو. تا ئەو سەردەمەش گومانبردنەکە بەلایانەوە ئاسایی بوو، بەڵام بە ڕاستی ئەوانە تاقمێکی کۆنەپەرست و موحافیزکار بوون، لەپێناو بەدەستهێنانەوەی ئەو دەستکەوتانەیاندا تێدەکۆشان، کە پێشکەوتنی بارودۆخەکان دایـخـوڕانـدبـوون. ئـەوانـە نوێنەرایەتی کەمینەیەکی ئەکتیڤیان دەکـرد، بەڵام جگە لە کەمینەیەك هیچی تر نەبوون، بەڵام بیرۆکەی لەسەرکار لادانی عوسمان بەلای زۆرینەوە، کە لەلایەن سەرۆك خێڵە میانڕەوەکانەوە کۆنترۆڵکرابوو، هەرگیز بیرۆکەیەکی خواستراو نەبوو.

لێرەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ تۆڕی ڕووداوەکـان. سەرگوزشتەکان، هـەردوو سەرگوزشتەی سەیف و ئەلواقیدی لەلای تـەبـەری و سەرگوزشتەی ڕەچەڵەکی خانەدانەکان، کە زیاتر پێکهاتوو ڕستراوە، چونکە پشت بە بەڵگەی تاك نابەستێت، بەڵکو بە ڕاستی بەرگێکی چیرۆکئامێزانەی بەبەردا‌کراوە، بەڵام لەو چوارچێوەیەدا و لە ڕێگەی چەند ئاماژەیەکی پەرشوبڵاوەوە، هـەروەهـا لە ڕێگەی هەڵقۆستنەوەی زاراوەی بەکارهاتوو، یـان لە ڕێگەی هـەوڵـدان بـۆ دیـاریـکـردنـی ناسنامەی کێبڕکێکارەکان، شیکردنەوەکە، دەتوانێت بگاتە واتـەیـەك. لە مـاوەی سێ سالدا، واتە لە ساڵ 30 تا 33ی کۆچی و لە دوای قەیرانی ئەلوەلید، کوفە لە سایەی ئارامی و سەقامگیریدا بوو، بە جۆرێك دەکرێت بوترێت، کە هاوسەنگیەکی جەوهەری بوونی هەبوو بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە والی هەوێنی شاری کوفە کردە نیشتەجێبووە پێشینەکان، لە کەسایەتیە دیارەکانی (اهل الایـام) و جەنگاوەرانی قادسیە و قورئانخوێنانی کوفە و ئەهلی زیکر. لێرەدا ئێمە دورین لە سیاسەتە شەعبەوییەکانی ئەلوەلید و لە ترسە گـەورەکـەی سەر تاقمی تایبەت نەبادا لەلایەن کۆمەڵەوە پەلامارییان بدرێت. سەرلەنوێ تەوژمەکە لە نێوان دەسـەڵات و ئـەو بـژاردانـەدا بـەرپـابـوو. لیستی سالی 33ی کۆچی لەبەردەستماندایە دەربارەی ئەو کەسانەی کە داروودەسـتـەی ئەمیریان پێکدەهێنا، هەروەها ناوی ئەوانەی کە ئەمیر پلەو پێگە و دەستکەوتی زۆری بـەسـەردا دەبەخشینەوە و دەوڵـەت گفتوگۆی بەردەوامی لەگەڵیاندا پێکدەهێنا.

بە شێوەیەکی ورد دەگەڕێینەوە بۆ ئەو لیستانە، لە هەوڵێکدا بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ئـەو گـروپـە کۆمەڵایەتییە سیاسیە (قورئانخوێنان)، کە لە مەودای ڕاستەوخۆدا ڕۆڵێکی سیاسی گەورەیان گـێـڕاوە، لـە ئایندەشدا بـوونـە کرۆکی شیعەکان، کە لە دەوری عەلی کۆبوونەوە و بزووتنەوەی (الخوارج)یان بەرجەستە کرد. بە دیاریکراوی لە ساڵی 33ی کۆچی، ژمـارەیـەك لـە سـەرۆك خێڵە گرنگ و دیارەکان لە پلەو پۆستی سەرپەرشتیارانی کـاروبـارەکـانـی کـوفـە دامـەزرێـنران. هەرچەندە لە سەرچاوەکانماندا هیچ ئاماژەیەکی ڕاستـەوخـۆ نییە، لەسەر هـەوڵـدان یـان نـاڕەزایـی دەربـڕیـن لە دژی پرۆسەی گواستنەوەی زەوی و زار، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەو بارەیەوە ئەوە خراوەتەروو، کە بە ڕەزامەندی لە نێوانیاندا ئەنجامدراوە، نەك وەکو دژایەتیەك لە بەرامبەر ئەو دامەزراندنانەدا، ئەوەش بوو کە تیۆرەکانی لە بارەی بوونی ململانێ لەنێوان خانەدانەکان و قورئانخوێنان هەڵوەشاندەوە. پێدەچێت ئـەوەی کە سـەرچـاوەکـان شـاردویـانـەتـەوە، لێرەوە بەرجەستە ببێت، لەوانەیە هەستی ڕق و کینە لە کاتێکدا بوونی هەبوو، شاراوە و ناهۆشیارییانە بووبێت، بۆیە دەربڕینی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووە.

گونجاوترین سەرگوزشتە، ئـەوەی (سەیف)ە کە پێماندەڵێت: ڕۆژێك ئەمیر دانیشتنێکی گشتی ڕێکخست و داروودەستە و دەوروبـەرەکـەی ئامادەیبوون، قسەو گفتوگۆیان دەکرد، یەکێك لە داروودەستەی سەعید هات، کە بە تەواوەتی لە بارەی سەخاوەتی تەڵحە قسەیکرد، کە یەکێکە لـە گـەورە هـاوەڵـەکـانـی پێغەمبەر، کەسێکی دەوڵـەمـەنـد بـوو لە ڕێگەی پرۆسەی گواستنەوەی زەوی و زارەوە، مووڵکی زۆری لە عێراق چنگ کەوت. ئەمیر تێبینیکرد کە ئاساییە کەسێك ئەوەندە مووڵك و سامانی هەبێت خاوەنی سەخاوەت بێت، خۆ ئەگەر ئەویش مووڵك

و سامانێکی هاوشێوەی هەبێت، وادەکات خەڵک ژیانێکی خۆشگوزەرانیان هەبێت. لەو کاتەدا ئەو گەنجە بە هەڵچوونێکەوە هاواری کردو وتی: «وەڵڵاهی حەزمدەکرد ئەم مەزرایە هی تۆ بێت، واتە ئەوەی مووڵکی بنەماڵەی کیسرایە لەوبەری فورات و پشتی کوفەوە». لەو ساتەدا روداوێکی مەترسیدار بەرپابوو. کۆمەڵی قورئانخوێنانی چالاك لە دژی ئەو کوڕە گەنجە هەڵچوون و هەڕەشەیان لێکرد، کاری توندوتیژییان لەگەڵدا کرد، تا ئەو رادەیەی کە خۆی و باوکیشی کە لەگەڵی بوو بورانەوە. ئەمیر هەوڵیدەدا هێورییان بکاتەوە، سەرلەنوێ بۆی رووبکردنەوە کە بابەتەکە پەیوەستە بە گەنجێك، کە تەنیا ئاواتێکی خۆی دەربڕیوە، بەڵام لە بەرامبەردا قورئانخوێنان بە قسە بەرپەرچی ئەمیریان دایەوەو بەوە تۆمەتبارییانکرد، کە خۆی ئەو کۆمەڵە قسەیەی بە گوێی گەنجەکەدا چرپاندووە. دواتر هەوڵێکی ئەسەد چوارەدەوری کۆشکیان گرت، دەیانەویست تۆڵەی دوو قوربانیەکە بکەنەوە کە وایاندەزانی مردوون، بەڵام سەعید بە قورسی توانی تووڕەییەکان هێوربکاتەوە و ناچارکرا، فیتنەگێڕان بپارێزێت و لە گێژاوی تۆڵەسەندنەوەی خێڵەکی دەربازییان بکات. لە راستیدا روداوێکی لەوجۆرە ئەگەر دوو کەسەکە بمردنایە بۆی هەبوو زۆر ئاڵۆزتر بێت، بەڵام روداوە مەترسیدارەکە لەو ئاستەدا نەوەستایەوە. ئیتر لێرە بەدواوە سەعید رازی نەبوو پێشوازی لە داروودەستە کۆنەکەی بکات، ئەوانەی کە سەرگوزشتەیەکی تر پێماندەڵێت، کە سەعید بۆ خزمەتی ئیسلام هەڵیبژاردبوون.

گروپی هاندەران لە ویلایەت و شوێنەکان پڕوپاگەندەیان لە دژی دەسەڵات بڵاوکردەوە، لە کاتێکدا خانەدانەکانی کوفە و پیاوماقوڵانیان دەستپێشخەرییان کرد بە نوسینی نامە بۆ عوسمان، تاوەکو لە کوفە دوورییان بخاتەوە، ئەوەبوو عوسمان دەریکردن و رەوانەی سوریای کردن و لەوێ موعاویە پێشوازی لێکردن. ئەوانە ژمارەیان (10) کەس بوو، بەڵام هەندێك سەرچاوە و سەرگوزشتەی تر دەربارەی جۆرو وردەکاری بەسەهاتەکان جیاوازن. لەلای ئەلواقدی دیمەنەکە بریتیبە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کە تیایدا خودی والی گڕی ئاگرەکەی هەڵگیرساندووە کاتێك وتویەتی: «ئەم خاکی عێراقە مەزرای قورەیشە»، واتە باخ و مووڵکی قورەیشیەکانە، لە بەرامبەریشدا بە شێوەیەکی زبر لەلایەن (الاشتر) پێشەوای گروپەکەوە وەڵامدراوەتەوە: «ئایا پێتوایە زەوییەکانی عێراق، کە خودا بەهۆی شمشێرەکانمانەوە پێی بەخشیوین، باخ و مەزرای تۆ و قەومەکەتە؟». لێرەوە درامای توندوتیژی تازە بۆوە، قوربانیەکەی فەرماندەی پۆلیسی ئەمیر بوو، کە هەوڵیدا لە بارەی ئەو زێدەڕۆییەیان ئاگادارییان بکاتەوە. چیرۆکی وەچەی خانەدانان، هەردوو سەرگوزشتەی پێشوو پێکەوە دەبەستێتەوە، کە باسی عێراق دەکات، واتە کۆی ئەو زەوی و زارە چێنراوانەی عێراق، نەك وەزی (الصوافی) بە تایبەت، کە وایکرد سەعید ئەو قسە ناڕێك و هاندەر و خۆبەلزانانە بکات، دەربارەی ئەژمارکردنی عێراق بە مەزرای قورەیش. کاردانەوەکان بە خێرایی لە دژی ئەو بیرۆکەیەی کە دەیوت «ئەمە مووڵك و سامانی ئێمەیە، کە بە نوکی شمشێرەکانمان فەتحمان کردووە» سەرییان هەڵدەدا و ئەوەش درامایەکی دیکەی تووندوتیژی بوو، بەڵام والی خۆی داوای لە عوسمان دەکرد دوورییان بخاتەوە و دەیوت: «من لە کوفە هیچ شتێکم لەگەڵ ئەشتەر و هاوڕێکانی نییە کە ناوی خۆیان ناوە قورئانخوێنان، بەڵام نابوت و نەزانن»، دواتر بەرەو سوریا دوورخرانەوە.

پەراوێزەکان:

1 . بەڵام بەشی هەرەزۆری گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان باس لەوە دەکەن، کە عوسمان ئەو پێنج یەکەی بە عەبدوڵڵای کوڕی سەعد کوڕی ئەبی سەرح بەخشیوە. الطبری، أنساب الاشراف، ص 25 و 28 و 52

2 . ئەو گێڕانەوەیە کە عەبدوڵڵا کوڕی سبأ دەخاتە سەر شانۆی رووداوەکان، جێگەی قبوڵکردن نییە. گێڕانەوەکە کە (الطبری) لە سەیف وەریگرتووە بەمشێوەیە: «کاتێك ئیبن ئەلسەواد چوو بۆ شام ئەبا زەڕی غەفاری بینی پێیوت: ئەی ئەبا زەڕ ئایا بە موعاویە سەرسام نیت، ئەویش دەڵێت: سامان سامانی خودایە، بەڵکو هەموو شتێك هی خودایە. وەك ئەوەیە ویستبێتی بەبێ موسڵمانان بیخوات و ناوی موسڵمانان بسڕێتەوە، پاشان ئەبا زەڕ پێیوت: چی وایلێکردیت بە سامانی موسڵمانان بڵێیت سامانی خودا؟ وتی: خودا لێت ببورێت ئەی ئەبا زەڕ، ئەی هەموومان بەندەی خودا نین، کەواتە سامان سامانی خۆیەتی و ئەفرین ئەفرینی خۆیەتی و فەرمانیش هەر فەرمانی خۆیەتی. ئینجا پێیوت: هیچ مەڵێ، ئەویش وتی: باشە هیچ ناڵێم». الطبری، بەشی 4، لاپەڕە 283

3 . ئەبو موسا هەر لە سەردەمی خەلیفە عومەرەوە ،بەشداری فتوحاتەکانی وڵاتی فارسی کرد.

سەرچاوە:

- هشام جعیط ، الفتنه.. جدلیه الدین والسیاسه فی الاسلام المبکر،دار الطلیعه،بیروت، ط1 ، ایلول2012





نوێترین بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە